

# ئاڤێستا

## مێژینەترین سروودی کورد

# ئاڤێستا
# مێژینەترین سروودی کورد

## نەسکی دووەم
## یەسنا

کۆکردنەوەو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە
جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)

ئـــاڤێستا
مێژینەترین سروودی کورد
نەسکی دووەم: یەسنا

❖ بابەت:
❖ کۆکردنەوەو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی
❖ پیتچنین: نزار نوری
❖ نەخشەسازی ناوەوە: نزار نوری
❖ نەخشەسازی بەرگ:
❖ نۆبەتی چاپ:
❖ چاپخانە:
❖ تیراژ:
❖ نرخ:
❖ ژمارەی سپاردن:

**پێناسەیەکی کورت:**

**(یەسنا):**

لەئاڤێستادا (یەسنە)، لە سانسکریتدا (یەجنە) و لە پالەویشدا "یەزیشنە" یە کە بە واتای ستایش و پاڕانەوە و پەرەستن و قوربانی دێت، وشەکانی .یەزد .و . یەزدان .و. ئیزەد. و جێژن. کە لە فارسی و کوردیدا هاوبەشن، هەر لە ڕیشەی ئەو وشەیەوە وەرگیراون.

وەکوو لەبەرگی یەکەمدا ئاماژەمان پێداوە، یەسنا بریتییە لە (٧٢) هات کە حەڤدەیان بەجیا لە گاتەکاندا هاتوون جگە لە (حەوت هات)ە بەناوبانگەکەیش کە دەکاتە هاتەکانی (٣٥ تا ٤١)....،

هاتەکانی (٤٣ تا ٥١)یش سەر بە گاتاکانن و لەگاتاکاندا هاتوون، بۆیە لە یەسنادا نین.

بەهەر بەشێکی یەسنا لە ئاڤێستا دا "هایتی" و لەپالەوی و فارسیدا (هات) یا (ها) دەگوترێت.

## دەسپێکی یەسنا

**(١)**

" ئەشێم ڤوهوو.."[١]

ئەشە باشترین چاکە و هۆی بەختەوەرییە، ئەو کەسەش بەختەوەرە کە کرداری چاك بێت و خوازیاری چاکترین ئەشە بێت.

" فرەوەرانە.."[٢] من بەختەوەرم کە مەزداپەرست، زەردەشتی، دوژمنی دێو و خاوەنی ئایینی ئەهوورابیم.

(ستایشی هاوەنی ئەشەڤەن و رەتوونیی ئەشەڤەنی) دەکەم و سکاڵا و شادمانی و ئافەرینیان بۆ دەنێرم[٣].

ستایشی (ساڤەنگهەی و وەیسیە)[٤]ی ئەشەڤەن دەکەم و سکاڵا و شادمانیی و ئافەرینیان بۆ دەنێرم.

**(٢)**

ستایش و ئافەرینم بۆ تۆ ئەی (ئازەر)ی کوڕی ئەهوورە مەزدا[٥].

(٣)

(یەسە ئەهو ڤەیریو)[٦] کە (زەوت) پێم بڵێت[٧].

پێم بڵێت ((ئاسارەتوش ئەشە ئەت چیت هەچا))[٨] کە مرۆڤی زانا و پارێزگار بیلێت.

ئەشێم ڤوهوو...

یەسە ئەهوڤەیرو... هەروا کە ئەو جوامێری هەڵبژاردە و خوازراوی جیهانی (ئەهو)یە و جوامێر و پیاوچاکی مینوویی و بناغەداڕێژەری ئەندێشە و کردارە چاکەکانە بۆ ژیان لەپێناوی مەزدادا[٩].

شەهریاری شیاوی ئەهوورەیە، ئەهوورایە کە ئەوی هەڵبژارد بۆ پارێزگاریکردن لە دەروێشان.

(٤)

((فێرەستوویە))[١٠] ستایشی ئەندێشە و زمان و کردەوەی چاك دەکەم، لە جیهانی تێفکرین و ئاخافتن و کرداردا، من ئەندێشە و زمان و کردەی چاك هەڵدەبژێرم، من هەرچی ئەندێشە و زمان و کردەی خراپە وەلای دەنێم و پشتی لێدەکەم.

ئەی ئەمشاسپەندان

من ستایش و ڕازونیازی خۆم لە ناخی دڵ و گیانمەوە بە ئەندێشە و زمان و کرداری چاکەوە پێشکەشی ئێوە دەکەم.

(٥)

من نوێژی (ئەشە) بەجێ دەهێنم،

ئەشێم ڤەهوو...

(٧)

....................................

## یەسنە / هاتی (١)

**(١)**

زەوت و ڕاسپی[11]:
مزگێنیی ستایش دەدەم،
ستایش بۆ دادار بەجێ دەهێنم: ئەهوورە مەزدای ڕایومەندی فەڕەمەند، مەزنترین و جوانترین و وەستاوترین و ژیرترین و بوورزمەندترین و سپەندترین[12]، ئەو چاك سرشت و ئارامیدەرە، ئەو پیرۆزترینە كە ئێمەی خوڵقاند، كە ژیان و گیانی پێ بەخشیین، كە پەروەردەی كردین.

**(٢)**

مزگێنیی ستایش دەدەم،
ستایش بەجێ دێنم بۆ بەهمەن و ئۆردی بەهەشت و شاریوەرو سپەندارمەز و خورداد و ئەمورداد و گێئوش تەشەنە و گەئوش ئەورڤەن و ئازەری ئاهوورامەزدا كە توخشاترین ئەمشاسپەندانن[13].

**(٣)**

مزگێنیی ستایش دەدەم،
ستایش بۆ ئیزەدان بەجێ دەهێنم، بۆ مرۆڤە چاكەكانی پەیڕەوی ڕاستیی، بۆ هاوەنیی ڕاستیخواز، بۆ ساڤەنگهی و وەیسیەی ئەشەڤەن و پیاوچاكی پەیڕەوی ڕاستی و ڕووناكی، بۆ ئیزەدی پیرۆزی ژیار و ژینگەی فراوان، ئەوەی كە بە هەزار گوێ و هەزار چاو دەبیستێت و دەبینێ، ئەو ئیزەدە ناودارەی كە ژینگەی چاك و فراوانی بۆ دابین كردین.

(٤)

زەوت:

مزگێنیی ستایش دەدەم،

ستایش بۆ رەپیتڤەنی ئەشەڤەن بەجێ دەهێنم، جوامێری ئەشەڤەنی بۆ فرادەت فشوو زەنتومی ئەشەڤەن[١٤] بۆ ئۆردی بەهەشت و ئازەری ئاهوورامەزدا.

(٥)

مزگێنیی ستایش دەدەم،

ستایش بەجێ دەهێنم بۆ: ئوزەئیریەنی ئەشەڤەن، بۆ فرادەت و یەرو دەخیومی ئەشەڤەن، بۆ جوامێری مەزن نەپات ئەپام و ئاوە پاکەکانی مەزدا[١٥].

(٦)

مزگێنیی ستایش دەدەم،

ستایش بەجێ دەهێنم بۆ: ئەویسرەڤەسریمەی ئەشەڤەن، بۆ فرادەت ڤیسپەم و زەرتوشتوومی ئەشەڤەن، بۆ ڕۆحی پەیڕەوانی ڕاستی و ڕووناکی، بۆ ژن و مناڵەکانیان، بۆ یائیریە هوشیتی، بۆ ئەمەی چاك و خاوەنشکۆ، بۆ بەهرامی ئافەریدەی ئاهوورا و بۆ ئەوپەرەتاتی پیرۆز[١٦].

(٧)

مزگێنیی ستایش دەدم،

ستایش بەجێ دەهێنم بۆ: (ئوشەهین)ی ئەشەڤەن، بۆ بێرجیە و نمانیەی ئەشەڤەن، بۆ سرشتی پارێزگاری پاداشتبەخشی پیرۆزی گێتیپەروەرو (ڕەشن)ی ڕاستترین و ئەرشتادی جیهانپەروەرو گەشەپێدەری گێتی[١٧].

**(٨)**

مزگێنیی ستایش دەدەم،

ستایش بەجێ دەهێنم بۆ: ئیزەدی مانگ و ((ئەندەر مانگ))ی ئەشەڤەن بۆ پرمانگ و ڤیشەپتەسەی ئەشەڤەن[١٨].

**(٩)**

مزگێنیی ستایش دەدەم،

پەسن و ستایشی خۆم دەنێرم بۆ: ئیزەدانی گەهەنبارەکان و مەیدیو زەرێمەی ئەشەڤەن، بۆ مەیدیو شێمەی ئەشەڤەن، بۆ پەتیەشهێمەی ئەشەڤەن، بۆ ئەیاسەرێمە و مەیدیارێمەی ئەشەڤەن، بۆ هەمەسپەتمەدەمی ئەشەڤەن و ئیزەدە ئەشەڤەنەکانی ساڵ[١٩].

**(١٠)**

مزگێنیی ستایش دەدەم،

ستایش و پەسنی خۆم دەنێرم بۆ: ئەو ڕەتووە پیرۆزانە کە سی و سێ ڕەتووی ئەشەڤەنن لەپاڵ هاوەنیدا، ئەوان خاوەنی باشترین ڕاستی و ڕووناکین کە مەزدا دایهێناوە و زەردەشت گوتوویەتی.

**(١١)**

مزگێنیی ستایش دەدەم،

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ ئەهورە و مێهر، ئەو مەزنە جاویدان و ڕاستیخوازانە، بۆ ئەستێرەکان کە ڕۆحی پیرۆز دایهێناون، بۆ ئەستێرەی (تەشتەر)ی خاوەن فەڕ و شکۆ، بۆ مانگ کە هەڵگری تۆوی گەئوشەیە، بۆ هەتاوی تیژپەڕ کە دەبێتە چاو و بینایی ئەهورامزدا، بۆ مێهر کە شەهریاری سەرزەمینە، بۆ (هورمەزد)ڕۆژی (یەومەند)ی بەشکۆ، بۆ مانگی تایبەتی فرەوەشیی ڕاستیخوازەکان[٢٠].

(١٢)

مزگێنیی ستایش دەدەم،

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: تۆ ئەی ئازەر، ئەی نیشانەی مەزدا، بۆ ئاگرە ڕووناکیبەخشەکان، بۆ ئاوە زوڵاڵەکان، بۆ سەرجەم ئاوەکان و ئەو گیا و سەوزەڵانییەی کە مەزدا ئەفراندوویەتی.

(١٣)

مزگێنیی ستایش دەدەم،

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: مەنسەرەی وەرجاوەندی پڕ کاریگەریی، بۆ یاسا و دادی دژەدێو، یاسا و دادی زەردەشت، بۆ ڕووناکایی دێرین و دینی چاکی مەزدا پەرستیی[٢١].

(١٤)

مزگێنیی ستایش دەدەم،

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: کێوی مەزدا ئافەریدە و ئاسایشبەخشی (ئەوشیدەرەن) بۆ سەرجەم کێوە ئارامیبەخشەکان بە ئەشە و ئاسایشی مەزدایی، بۆ (فەڕ)ی کیانی و بەدەستنەهاتووی مەزدا ئافەریدە

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: ئەشەی چاك، چیستای چاك، ئێرێسی چاك، ڕەسەستاتی چاك، بۆ فەڕو پاداشتی ئاهوورا مەزدا[٢٢].

(١٥)

مزگێنیی ستایش دەدەم،

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: ئافەرینی چاکی ئەشەڤەن، بۆ ئەشەڤەن، ئەو مرۆڤە پاکە و داموویەش ئوپەمەن، ئەو ئیزەدە دلێر و بەتوانایە[٢٣].

(١٦)

مزگێنیی ستایش دەدەم،

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: ئەم شوێن و ژینگە و گوند و بنەماڵە و لەوەڕگە و باخ و ڕەزو سەرچاوگە و ئاو و گیا پاکانە، بۆ ئاسمان و زەوی و .بای خاوێن، بۆ ئەستێرە و مانگ و هەتاو و ئەنیرانی جاویدان و سەرجەم خەلقەندەکانی سپەندمینو، بۆ پیاوان و ئافرەتانی ئەشەڤەن کە لە زومرەی مرۆڤە چاکەکانن[٢٤].

(١٧)

مزگێنیی ستایش دەدەم بۆ هاوەنگا

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: ئەو خاوەنە مەزنە و بۆ خاوەنی گاە و مانگ و گەهەنبار و ساڵ کە هەموویان لە زومرەی جوامێرە ڕاستیخوازەکانن[٢٥].

(١٨)

مزگێنیی ستایش دەدەم

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ: فرەوەشیی سەرفراز و پیرۆزی ڕاستیخوازان، بۆ فرەوەشیی یەکەمین مامۆستایانی دین، بۆ فرەوەشیی باب و باپیران و بۆ فرەوەشیی خۆیشم[٢٦].

(١٩)

مزگێنیی ستایش دەدەم

پەسن و ستایش دەنێرم بۆ : سەرجەم مرۆڤە جوامێر و ڕاستیخوازەکان، بۆ سەرجەم چاکە و ڕاستیبەخشەکان: ئیزەدە ئەشەڤەنەکانی جیهان و مینو کە بەپێی ئایین و دەستوری چاکترین ئەشە، شایستەی ستایش و سۆز و ڕێزن.

(٢٠)

ئـــەی هـــاوەنی ئەشـــەڤەن، جـــوامێری ڕاســـتیخواز، ئـــەی ســـاڤەنگەهی ئەشـــەڤەن،جوامێری ڕاســـتیخواز، ئـــەی ڕەپیتـــوەنی ئەشـــەڤەن، جـــوامێری ڕاســـتیخواز، ئـــەی ئوزیریـــەنی ئەشـــەڤەن، جـــوامێری ڕاســـتیخواز، ئـــەی ئەوەسرەڤەســـریمەی ئەشـــەڤەن، جـــوامێری ڕاســـتیخواز، ئـــەی ئوشـــەهینی ئەشەڤەن، جوامێری ئاشتیخواز

(٢١)

ئەگەر تۆم ئازار دابێت، ئەگەر بە ئەندێشەم یا بە زمانم یا بە کردارم، گەر بەخواستی خۆم یا بە نەزانی و نەخوازراویی ئازارم دابیت، ئەوا ئێستا ستایشت دەکەم. ئەگەر ڕووم لێت وەرگێڕا و لێت دوور کەوتمەوە، ئەوا دیسان مزگێنیی پەسن و ستایشی خۆمت ئاراستە دەکەم.

(٢٢)

ئێـوە هـەمووتان ئـەی مـەزنترین جـوامێرانی ئەشـەڤەن، ئـەی جـوامێرە ڕاستیخوازەکان، ئەگەر ڕەنج و ئازارم پێ گەیاندن، گەر بە ئەندێشەم یا بە زمانم یا بە کردارم، گەر بە خواستی خۆم یا ناڕاستەوخۆ و بێ ئیرادە ئێوەم ڕەنجاند، ئەوا ئێستا ستایشتان دەکەم. ئەگەر ڕووم لێتان وەرگێڕا و پشتم لێکردن، ئەوا دیسان مزگێنیی پەسن و ستایشی خۆمتان ئاراستە دەکەم.

(٢٣)

{زەوت و ڕاسپی}:

مـن شـانازیی دەکـەم کـە مـەزدا پەرسـت، زەردەشـتی و دژی دێـو و خـاوەنی ئایینی ئاهوورائیم، هاوەنیی ئەشەڤەن، جوامێری ڕێبازی ئەشە ئافەرین و ستایش دەکەم. سـەرجەم خاوەنە جوامێرەکـانی گـاە و مـانگ و گەهـەنبار و سـاڵ ئافـەرین و ستایش دەکەم.

## یەسنە / هاتی (٢)

(١)

{زەوت و ڕاسپی}:
ئەی (زەور) خوازیاری ستایشم... ئەی (بەرسەم) خوازیاری ستایشم
ئەی بەرسەم خوازیاری ستایشم... ئەی زەور خوازیاری ستایشم
زەورو بەرسەم خوازیاری ستایشم، بەرسەم و زەور خوازیاری ستایشم
بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشم
بەو بەرسەم و بەم زەورەوە خوازیاری ستایشم
بەو زەورە و بەم بەرسەمەوە خوازیاری ستایشم
{زەوت}

بەم بەرسەم و زەورو کوستیەی کە بەپێی ئایینی ئەشە دانراوە خوازیاری ستایشم(٢٧).

(٢)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئەهوورامەزدای مەزنی ئەشەڤەن و خوازیاری ستایشی ئەمشاسپەندان، ئەو خاوەن شکۆ چاك سرشتانەم(٢٨).

(٣)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئیزەدانی وەختەکانم، خوازیاری ستایشی هاوەنی ئەشەڤەن و ساڤەنگهی و وەیسیەی ئەشەڤەنم. بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی (مێهر)ی بەرینی ژینگە، ئەو هەزار گوێی دە هەزار چاوە، ئەو ئیزەدە ناودارەم، خوازیاری ستایشی (ڕام)ی بەخشندەی ژینگەی چاکم(٢٩).

(٤)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ڕەپیتڤەنی ئەشەڤەن و فرادەت فشوو زەنتومی ئەشەڤەنم، بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئوردی بەهەشت و ئازەری سیمبۆلی ئەهوورا مەزدام(٣٠).

(٥)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئوزەئیریەنی ئەشەڤەنم، خوازیاری ستایشی فرادەت و یەرو دەخیومی ئەشەڤەنم.

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی جوامێری مەزن، شەهریاری شیدوەر، ئەپام نەباتی تیژڕەوم، خوازیاری ستایشی ئاوە پاك و زولاڵەکانی ئاهوورام(٣١).

(٦)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئەویسرەڤەسریمەی ئەشەڤەنم، خوازیاری ستایشی فرادەت ڤیسپەم و زەرتوشتوومی ئەشەڤەنم

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی فرەوەشی پاك و پیرۆزو بەتوانای شوێنکەوتوانی ئەشام، خوازیاری ستایشی ئافرەتانی ئەشەڤەن و منداڵەکانیانم، خوازیاری ستایشی یائیریەهوشیتی و ئەمەی چاك و بەتوانام، خوازیاری ستایشی بەهرامی مەزدا ئافەریدە و ئەوپەرەتاتی پیرۆزم.

(٧)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی بێرجیە و نمانیەی ئەشەڤەنم

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی سروشتی شکۆدارو پیرۆزو جیهانپارێزی ئەشەڤەنم، خوازیاری ستایشی ڕەشنی ڕاستترین و ئەرشتادی گێتیپارێزو جیهانپەروەرم.

**(٨)**

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئیزەدەکانی ئەشەڤەنی مانگم. خوازیاری ستایشی ئەندەر مانگ و پەڕمانگ و ڤیشەپتەسەی ئەشەڤەنم.

**(٩)**

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئیزەدە ئەشەڤەنەکانی گەهەنبارەکانم. خوازیاری ستایشی مەیدیو زەریمەی ئەشەڤەنم

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی مەیدیوشێمەی ئەڤەشەنم

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی پەتیەشهێمەی ئەشەڤەنم

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئەیاسەرێمەی ئەشەڤەنم

بەم زەورو بەرسمەوە خوازیاری ستایشی مەیدیارێمەی ئەشەڤەنم

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی هەمەسپەتمەدەمی ئەڤەشەنم

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئیزەدە ئەشەڤەنەکانی ساڵم

**(١٠)**

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی هەموو مەزنە پیرۆزەکانم، ئەو سی وسێ مەزنە پیرۆزە ئەشەڤەنەی کە دەوری (هاوەنی)یان گرتووە، ئەوان بە باشترین ئەشەوە پەیوەستن کە مەزدا ئەفراندوویەتی و زەردەشت ڕایگەیاندووە.

**(١١)**

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئاهورا و مێهر، ئەو دوو زاتە مەزن و بەهێزو پیرۆزەم، خوازیاری ستایشی ئەستێرە و مانگ و هەتاوی ڕووناکیبەخشم. بەم گیا پیرۆزەی بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی مێهری خاوەن سەرزەویم. بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی هورمەزدی خاوەن فەڕو شکۆم. بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی مانگی فرەوەشیی چاك و پیرۆزی شوێنکەوتووانی ئەشام.

(١٢)

ئەی ئاهوورا مەزدا،

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی تۆو ئاگرە پیرۆزەکانم. بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی باشترین ئاوە زوڵاڵەکانی مەزدام. خوازیاری ستایشی هەموو ئاوە پیرۆزەکان و هەموو گیاو ڕووەکە پیرۆزەکانی مەزدام.

(١٣)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری مەنسەرەی مەزن و پیرۆزم، خوازیاری ستایشی دادوەریی دژە دیوم، خوازیاری ستایشی دادپەروەریی زەردەشتیم، خوازیاری ستایشی داب و نەریتی مێژینە و دێرینم، خوازیاری ستایشی دینی چاك و ڕاستیی مەزدا پەرستیم.

(١٤)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی کێوی ئورشیدەرنەی مەزدا ئافەریدە و ئارامبەخشی ئەشەم، خوازیاری ستایشی هەموو کێوە پیرۆزەکانی مەزدام کە ئارامی و ئاسایشی ئەشوویی دەبەخشن، خوازیاری ستایشی فەڕی کەیانیی بەشکۆم.

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئەشەی مەزن، ئەو ڕووناکیبەخشە بەهێزو پیرۆزەم، خوازیاری ستایشی فەڕو شکۆو پاداشتی مەزداییم.

(١٥)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئافەرینی پاك و ئەشەڤەنم، خوازیاری ستایشی مرۆڤی پاك و ئەشەڤەنم، خوازیاری ستایشی دامووییش ئوپەمەن، ئەو ئیزەدە دلێرو سەرکەوتووەم.

(١٦)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی ئەم زەوی و گیا و ئاوە پیرۆزانەم، خوازیاری ستایشی ئەم ژینگە و گوند و ماڵ و سامان و کانیاو و لەوەڕگە پیرۆزانەم، خوازیاری ستایشی ئاهوورا مەزدام کە داهێنەری ئەم گوند و ژینگە پیرۆزانەیە.

(١٧)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی سەرجەم مەزنە جوامێرەکان، ئیزەدە پیرۆزەکان و مانگ و ساڵ و گەهەنبارەکانم.

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی فرەوشیی پیرۆزی هەموو شوێنکەوتووانی ئەشەم.

(١٨)

بەم زەورو بەرسەمەوە خوازیاری ستایشی سەرجەم ئیزەدە ئەشەڤەنەکانم، خوازیاری ستایشی هەموو مەزنە جوامێرەکانی ڕێگای ئەشوییم لەکاتی هەوڵ و تێکۆشان و هاوکاریی جوامێرانەیان لەڕێبازی ئەشادا.

## یەسنە / هاتی ٣

**(یەسنە هاتی ٣ ـ ٨ = سروش دروونە)**

**(١)**

ئێستا لەم بەربەیانەدا بەرسەم دادەنێم لەگەڵ زەورو خۆرشتی میەزدو بەمجۆرە خوازیاری ستایشی خورداد و ئەمورداد و شیری ژیانبەخشم و داوای ڕەزامەندیی ئەهوورامەزدا و ئەمشاسپەندان و سروشتی پارێزگاری پاداشتبەخشم[٣٢].

**(٢)**

خوازیاری ستایشی هەوم و پەراهەومم، بۆ شادیی و بەختەوەریی فرەوەشیی زەردەشتی سپیتمان و ئەشەڤەن، خوازیاری ستایشی دارو بخورم بۆ ڕەزامەندیی تۆ ئەی ئازەری پیرۆزی ئەهوورامەزدا[٣٣].

**(٣)**

خوازیاری ستایشی هەومم بۆ ڕەزامەندیی ئاوە پیرۆزەکانی مەزدا، خوازیاری ستایشی ئاوی هەومم، خوازیاری ستایشی شیری پاکم، خوازیاری ستایشی گیای هەزەنەئێپەتای ڕەوای ئایینی ئەشەم، خوازیاری ستایشی ئەو ئاوە زوڵاڵانەم کە لە خۆشەویستیی مەزداوە هەڵقوڵاون[٣٤].

(٤)

خوازیـاری ستایشـی ئـەم بەرسـەم و زەورو ئەڵقەیـەم کـە بـە ئـایینی ئەشـە دانراوە بۆ ڕەزامەندیی ئەمشاسپەندان.

خوازیاری ستایشی دانپیانانم لەمەڕ ئەندێشەی چاك و زمانی چاك و کردەی چاك. خوازیـاری ستایشـی کاتـە پیرۆزەکـانم، ستایشـی ئـەمری ئیـزەدیم بـۆ چاکە، ستایشـی بەرهـەمی ژیـانی تاهـەتایی و ئەشـەڤەنی و نوێـژی مـەزدا پەسـەندی جوامێرەکـانم بـۆ شـادیی و ڕەزامەنـدیی ئیـزەدە ئەشـەڤەنەکانی جیهـانی مـادی و مەعنەوی و بۆ شادمانیی ڕۆحی خۆم.

(٥)

خوازیاری ستایشی ئیزەدی ئەشەڤەنی (کات)ەکانم

خوازیاری ستایشی هاوەنیی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی ساڤەنگهی و وەیسیەی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی مێهری خاوەن لەوەڕگە، ئەو هەزار گوێ و دەهەزار چاوە، ئەو ناودارەی کە ژینگە و لەوەڕگەی چاك دەبەخشێت.

(٦)

خوازیاری ستایشی ڕەپیتڤەنی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی فرادەت فشو و زەنتومی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی ئوردیبەهەشت و ئازەری ئاهوورا مەزدام

(٧)

خوازیاری ستایشی ئوزەئیریەنی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی فرادەت ویەرو دەخیومی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی ئیزەدی مەزنی نەپات ئەپام و ئاوە مەزدا ئافەریدەکانم

(٨)

خوازیاری ستایشی ئەویسرە ڤەسریمەی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی فرادەت ڤیسپەم و زەرتوشتوومی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی فرەوەشی (ڕەوان)ی شوێنکەوتووانی ئەشە، ئافرەتان و منداڵەکانیان و یایەریەهوشیتی و ئەمەی چاك و بەهرامی ئاهوورا ئافەریدە و ئەوپەرەتاتی پیرۆزم.

(٩)

خوازیاری ستایشی ئوشەهینی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی بەرجیە و نمانیەی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی سروشی پارێزگاری پاداشتبەخشی جیهانپارێزو ڕەشنی ڕاستترین و ئەرشتادی جیهانپەروەرم.

(١٠)

خوازیاری ستایشی ئیزەدە پیرۆزەکانی (مانگ)ەکانم

خوازیاری ستایشی ئەندەر مانگی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی پڕمانگ و ڤیشەپتەسەی ئەشەڤەنم

(١١)

خوازیاری ستایشی ئیزەدی گەهەنبارەکانم

خوازیاری ستایشی مەیدیۆزەرێمەی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی مەیدیۆشێمەی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی پەتیەشهێمەی شەئەڤەنم

خوازیاری ستایشی ئەیاسەرێمەی ئەشەڤەنم

خوازیاری ستایشی مەیدیارێمەی ئەشەڤەنم
خوازیاری ستایشی هەمەسپەتمەدەمی ئەشەڤەنم
خوازیاری ستایشی ئیزەدە پیرۆزو ئەشەڤەنەکانی ساڵم.

(١٢)

خوازیاری ستایشی هەموو ئەو سی و سێ ئیزەدە پیرۆزەم کە لە دەوری هاوەنیدان، ئەوان لە چاکترین ئەشەوە سەرچاوە دەگرن کە مەزدا ئەفراندوویەتی و زەردەشت ڕایگەیاندووە.

(١٣)

خوازیاری ستایشی ئاهوورا و مێهر، ئەو دوو مەزنە ئەشەڤەنە و ئەستێرە ئەفرێنراوەکانی سپەنتەمینۆ و ئەستێرەی گەش و پیرۆزی تەشتەر و مانگی ژیانبەخش و هەتاوی ڕووناك، چاوی ئەهوورامەزدا و مێهر، شەهریار و خاوەنی سەرزەویەکانم
خوازیاری ستایشی هورمەزد ڕۆژی بەشکۆم
خوازیاری ستایشی مانگی فرەوەشیی شوێنکەوتووانی ئەشەم.

(١٤)

ئەی ئاگر، ئەی سیمبۆلی ئاهورامەزدا
خوازیاری پەسن و ستایشی تۆ و سەرجەم ئاگرە پیرۆز و ڕووناکیبەخشەکانم
خوازیاری پەسن و ستایشی ئاوە پیرۆزەکان و هەموو ئەو گیا و ڕووەکانەم کە مەزدا ئافراندوونی.

(١٥)

خوازیاری ستایشی مەنسەرەی هێزاو کاریگەرم
خوازیاری ستایشی (داد)ی دژی دێو، دادی زەردەشتی ئایینی دێرین و دینی پاکی مەزداپەرستیم.

(١٦)

خوازیاری ستایشی کێوی ئەوشیدەرێنەی پیرۆزو مەزدا ئافەریدە و ئاسایشبەخشی ئەشە و سەرجەم کێوە ئارامی و ئاسایشبەخشەکانی ئەشە و فەڕی کەیانیی وەدەستنەهاتووی مەزدا ئافەریدەم
خوازیاری ستایشی ئەشەی چاك و چیستای چاك و ئەرسەی چاك و ڕەسەستاتی چاك و فەڕو پاداشتی مەزداییم.

(١٧)

خوازیاری ستایشی ئافەرینی چاکی ئەشوویی و مرۆڤی ئەشەڤەن و داموییش ئوپەمەنی ئیزەدی دلێرو بەتوانام.

(١٨)

خوازیاری ستایشی ئەم هەموو شوێن و گوند و ژینگە و ماڵ و سامان و لەوەڕگە و ئاوخۆرگە و ئەم هەموو ئاوو زەوی و گیا و ئەم ئاسمان و با و ئەستێرە و مانگ و هەتاوی جاویدان و سەرجەم ئەفرێنراوەکانی ئەهوورامەزدا و هەموو ژن و پیاوە ئەشەڤەنەکانم.

**(١٩)**

له بەرەبەیاندا خوازیاری ستایشی ئیزەدە پیرۆزەکانی ڕێبازی ئەشەم
خوازیاری ستایشی ئیزەدەکانی ڕۆژو مانگ و ساڵ و کات و گاهەنبارەکانم.

**(٢٠)**

{زەوت و ڕاسپی:}
خوازیاری ستایشی خۆرشتی میەزد و خورداد و ئەمورداد[٣٥] و شێری شادیبەخشم بۆ ڕەزامەندیی و خۆشحاڵیی سروشی پارێزگارو دلێری لەش و گیان، ئەو ئیزەدە ناودارەی که مەزدا ئافراندوویەتی.

**(٢١)**

خوازیاری ستایشی هەوم و پەراهەومم بۆ ڕەزامەندیی و خۆشحاڵیی ڕەوانی زەردەشتی سپیتمان، ئەو خاوەنشکۆیەی کە شایستەی پەسن و ستایشە.
خوازیاری ستایشی دارو بخورم بۆ ڕەزامەندیی و خۆشحاڵیی تۆ ئەی ئاگری سیمبۆلی ئاهوورا مەزدا، ئەی ئیزەدی شکۆدار
خوازیاری ستایشی خۆرشتی میەزدم.

**(٢٢)**

خوازیاری ستایشی ڕۆحی پیرۆزی شوێنکەوتووانی ئەشام، ڕۆحی ئامۆژگارو مامۆستایانی پێشینی ئەم ئایینە و هەروا ش ڕۆحی پێشینانی خۆم.

**(٢٣)**

خوازیاری ستایشی سەرجەم سەروەرەکانی ڕێبازی ئەشوییم
خوازیاری ستایشی سەرجەم چاکەبەخشەکانم واتە ئیزەدە مادی و مەعنەوییەکان کە بەپێی ئایینی چاکترین ئەشە شایستەی پەسن و ستایشن.

**(٢٤)**

من دانی پێدا دەنێم (خەستووم)[٣٦] کە مەزدا پەرست و زەردەشتی، دژی دێو و خاوەنی باوەڕی ئاهوورایيم.

پەسن و ستایش، شادیی و ئافەرین بۆ هاوەنیی ئەشەڤەن

پەسن و ستایش، شادیی و ئافەرین بۆ ساڤەنگهی و وەیسیەی ئەشەڤەن

پەسن و ستایش، شادیی و ئافەرین بۆ ئیزەدی پیرۆزی ڕۆژو کات و مانگ و ساڵ و گاهەنبارەکان

{زەوت}:

یەسە ئەهو وەیریو ... کە زەوت پێم بڵێت

{ڕاسپی}:

یەسە ئەهو وەیریو ... کە زەوت پێم بڵێت

{زەوت}:

ئەسارەتوش ئەشەئەت چیت هەچا ... کە پیاوی پاك و زانا بیلێت[٣٧].

## یەسنە / هاتی ٤

**(١)**

ئەم بیرو گفتەو کردە چاکانە، ئەم هەوم و میەزدو زەورو بەرسەمانە کە بەپێی ئایینی ئەشە ئامادە کراون، خورداد و ئەمورداد و شیری شادیبەخش، هەوم و پەراهوم و دارو بخور، ئەم بەرهەمی ژیانی تاهەتایی و ئەم ئەشەڤەنیەو ئەم نوێژە پیرۆزە کە مرۆڤە جوامێرەکان بە فەرمانی یەزدان بەجێی دەهێنن، هەمووی پێکەوە ئاراستە دەکەین.

**(٢)**

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە ئاراستە دەکەین:

بۆ ئەهوورا مەزداو سرووشی پارێزکارو ئەمشاسپەندەکان و فرەوەشی (ڕەوان)ی ئەشەڤەنەکان (شوێنکەوتوانی ڕاستیی) و ڕۆحی مرۆڤە چاکەکان و ئاگری ئاهوورامەزداو مەزنە چاکەکان و سەرجەم داهێنانی ئەشە، ئافەرین و بەختەوەریی و ستایش دەنێرین.

**(٣)**

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە پێشکەش دەکەین:

ئەم بیرو گفتەو کردە چاکانە، ئەم هەوم و میەزدو زەورو بەرسەمانەی کە بەپێی ئایینی ئەشە ئامادە کراون، خورداد و ئەمورداد و شیری شادیبەخش، هەوم و پەراهەوم و دارو بخور، ئەم بەهرەیە لەژینی هەتایی و ڕاستیخوازیی و نوێژی پیرۆزی ڕەدپەسەندی مرۆڤە چاکەکان و فەرمانی ئیزەدی کە بەچاکی پەیڕەو کرابێت هەموویان ئاراستە دەکەین.

(٤)

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە پێشکەش دەکەین:

ستایش بۆ ئەمشاسپەندەکان، ئەو شەهریارە چاك و چاك کردارە هەمیشە جاویدان و پاداشتبەخشانەی کە لەگەڵ کەسێتیە چاکەکاندان و هەرواش ئەمشاسپەندی ئافرەتان.

(٥)

ئێستا هەموو ئەمانە بەم چەشنە ئاراستە دەکەین:

گەشەی ئەم خانومانە، بەرەکەتی ئاژەڵەکان و گیاندارە ئەشەڤەنەکان کە لەم خانومانەدا لەدایك بوون و و ئەوانەش کە دواتر دێنە دنیاوە.

(٦)

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە ئاراستە دەکەین:

بۆفرەوەشیی پیرۆزو بەتوانای مرۆڤە چاکەکان، تا یاریدەی شوێنکەوتووانی ڕاستیی بدەن.

(٧)

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە ئاراستە دەکەین:

ستایش و بەختەوەری و ئافەرین بۆ ئاهورامەزدای داداری پیرۆزو ڕۆحە پیرۆزەکان و ئەمشاسپەندان.

(٨)

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە پێشکەش دەکەین:

بۆ ئیزەدی ئەشەڤەنی کاتەکان و هاوەنیی ئەشەڤەن، ستایش و ئافەرین دەنێرین، بەختەوەریی و ستایش و ئافەرین بۆ ساڤەنگهی و وەیسییەی ئەشەڤەن.

ستایش و ئافەرین بۆ:

مێهری خاوەنی ژینگە، ئەوەی کە بە هەزار گوێ و دەهەزار چاو دەبیستێ و دەبینێ، ئەو ئیزەدە ناودارەی کە لەوەڕگە و ژینگەی چاك و ئارام دابین دەکات.

(٩)

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە ئاراستە دەکەین:

ئافەرین و ستایش بۆ: ڕەپیتڤەنی ئەشەڤەن، مەزنی ڕاستیخواز

فرادەت فشو و زەنتومی ئەشەڤەن، مەزنە ڕاستیخوازەکان

ئوردی بەهەشت و ئاگری ئاهورامەزدا.

(١٠)

ئێستا هەموو ئەمانە بەم چەشنە ئاراستە دەکەین:

ئافەرین و ستایش بۆ: ئوزەئیریەنی ئەشەڤەن، مەزنی ڕاستیخواز

فرادەت ویەرو دەخیومی ئەشەڤەن، مەزنە ڕاستیخوازەکان

ڕەتووی مەزن، ئەپام نەبات و ئاوە پاکەکانی مەزدا.

(١١)

ئێستا هەموو ئەمانە بەم چەشنە پێشکەش دەکەین:

دروود و ستایش بۆ: ئەویسرەڤەسریمەی ئەشەڤەن، مەزنی ڕاستیخواز

فرادەت ڤیسپەم و زەرتوشتوومی ئەشەڤەن، مەزنە ڕاستیخوازەکان، فرەوەشیی ڕاستیخوازەکان، ئافرەتان و سەرجەم منداڵەکانیان، یایریەهوشیتی و ئەمەی پیرۆز و بەتوانا و بەهرامی مەزدا ئافەریدە و ئەوپەرەتاتی مەزن و پیرۆز.

(١٢)

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە ئاراستە دەکەین:
درووود و ستایش بۆ: ئوشەهینی ئەشەڤەن، ڕاستیخوازانی مەزن
بێرجیە و نمانیمەی ئەشەڤەن، ڕاستیخوازانی مەزن
سرووشـی پارێزگـاری پاداشتبەخشـی گێتیپـەروەر و ڕەشـنی ڕاسـتترین و ئەرشتادی گەشەبەخشی جیهان.

(١٣)

ئێستا هەموو ئەمانە بەم چەشنە پێشکەش دەکەین:
ستایش و ئافەرین بۆ:
ئیزەدی مانگەکان و ئەندەر مانگی ئەشەڤەن، ڕاستیخوازە مەزنەکان
پڕمانگ و ڤیشەپتەسەی ئەشەڤەن، ڕاستیخوازە مەزنەکان.

(١٤)

ئێستا هەموو ئەمانە بەم چەشنە ئاراستە دەکەین:
درووود و ستایش و ئافەرین بۆ:
ئیزەدی گەهەنبارەکان و مەیدیوزەرێمەی ئەشەڤەن، ڕاستیخوازە مەزنەکان
مەیدیۆشێمەی ئەشەڤەن
پەتیەشهێمەی ئەشەڤەن
ئەیاسەرێمەی ئەشەڤەن
مەیدیارێمەی ئەشەڤەن
هەمەسپەتمەدەمی ئەشەڤەن
ئیزەدەکانی ساڵ و سەرجەم مەزنە ڕاستیخوازەکان.

**(١٥)**

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە پێشکەش دەکەین:

ستایش و دروود و ئافەرین بۆ: سەرجەم ئەو مەزنە پیرۆزانەی کە سی و سێ ڕەتووی ڕاستیخوازان لە چواردەوری هاوەنیدا و پەیوەستن بە باشترین ئەشەوە کە مەزدا ڕایهێناوە و زەردەشت گوتوویەتی.

**(١٦)**

ئێستا هەموو ئەمانە بەمجۆرە پێشکەش دەکەین:

دروود و ستایش بۆ: ئەهوورە و مێهر، ئەو دوو مەزنە بەهێزە ئەشەڤەنە و ئەستێرەکانی سپەندمینۆ و ئەستێرەی تشتەری بەفەڕ و مانگی پارێزەری توخمی ژیان و هەتاوی ڕووناك (چاوی ئەهوورا مەزدا)

دروود و ستایش بۆ: هورمزد ڕۆژی بەشکۆ و ڕووناك و مانگی فرەوەشیی شوێنکەوتووانی ئەشە.

**(١٧)**

دروود و ستایش بۆتۆ ئەی ئاگری پیرۆزی ئاهوورا مەزدا،

بۆ سەرجەم ئاگرە پیرۆز و ڕووناکەکان

بۆ سەرجەم ئاوە زوڵاڵ و پیرۆزەکان و سەرجەم گیا و ڕووەکە ژیانبەخشەکان.

**(١٨)**

دروود و ستایش بۆ:

مەنسەرەی پیرۆزی پەسندکراو، یاسا و دادی دێوتارێنی زەردەشتی، نەریتی دێرین و دینی پاکی مەزدا پەرستیی.

(١٩)

دروود و ستایش بۆ: کێوی ئۆشیدەرێنەی مەزدا ئافەریدە، کە ئاسایشمان پێدەبەخشێت و سەرجەم کێوە بەرزو پیرۆزەکان و فەڕو شکۆی کیانی کە هەموویان ئافەریدەی مەزدان و پارێزەری ئاسایش و ئەشەن.

(٢٠)

دروود و ستایش بۆ: ئەشەی پیرۆز، بۆ چیستای پیرۆز، ئێرسە و ڕەسەستاتی پیرۆزو بۆ شکۆ و پاداشتی دلێرو سەرکەوتوو.

(٢١)

دروود و ستایش بۆ: شوێنە پیرۆزەکان و گوند و لەوەڕگە و ئاوەدانی و کانیاو و ئاوو زەوی و گیا و ئاسمان و با و ئەستێرە و مانگ و هەتاوی ڕۆشن و ژن و پیاوی ئەشەڤەن و سەرجەم ئافەریدە پاك و پیرۆزەکانی ئەهوورامەزدا و ئەشا.

(٢٢)

دروود و ستایش بۆ: ڕەتووی مەزن و ئەشەڤەن، بۆ فریشتەی ڕۆژو مانگ و گەهەنبارو ساڵ کە هەموویان فریشتە و پارێزەری ئەشەڤەن و پیرۆزن.

(٢٣)

دروود و ستایش بۆ:
شادمانی، ئەو سروشە پیرۆزە، بۆ مەنسەرەی پەسندکراوی ئەهوورا،
بۆ شادمانیی ڕۆحی زەردەشتی سپیتمان و ئەشەڤەن
بۆ شادمانی و گەشاوەیی ئاگری پیرۆزی مەزدا.

**(٢٤)**

دروود و ستایش بۆ: فرەوەشی (ڕۆح)ی پیرۆزی شوێنکەوتووانی ئەشەو ڕۆحی یەکەمین ڕاهێنەرانی ئەم ئایینە و ڕۆحی پێشینانمان.

**(٢٥)**

دروود و ستایش بۆ:
سەرجەم فریشتە و ئیزەدە ئەشەڤەنەکان
بۆ سەرجەم چاکەخواز و چاکەبەخشەکان،
بۆ ئیزەدە مینوویی و دنیاییەکان کە بەپێی ئایینی ئەشە شایستەی ستایشن،
بۆ ئەمشاسپەندەکان کە شەهریاری چاك و پاکی ڕەوشتی چاکن.

**(٢٦)**

{یەنگهە هاتەم...}[٣٨]، مەزدا ئەهوورا ئەو کەسانە چاك دەناسێ کە لەسایەی تیشکی ئەشەدا چاکترین پارێزگارن.
منیش ستایشی ئەو کەسانە دەکەم کەهەبوون و هەن و دەشبن، بە ناوی خۆیان درووديان ئاراستە دەکەم و بەستایشەوە لێیان نزیك دەبمەوە.

## یەسنە / هاتی (٥)

(١)

{زەوت:}

ستایشی ئەهورامەزدا دەکەین،

ستایشی مەزنایەتی و خاوەنداریتی و داهێنانە جوانەکانی دەکەین، ئەو شەهریارە کە گێتی و ئەشەی داهێنا، کە گیا و ئاوی پاکی داهێنا کە ڕووناکایی و زەوی و هەموو شتە چاکەکانی وەدی هێنا.

(٢)

بۆ شەهریاری و مەزنایەتی و ڕەوشتە چاکەکانی، هەمیشە و ئەیدوون[٣٩] بە ستایشی پەسندکراوی ئەوانەی کە پارێزەری گێتین، ستایشی دەکەین.

(٣)

هەمیشە و ئەیدوون ئەو بە ناوی پیرۆزە ئاهوورایییەکان و هەموو ناوە پەسندکراوە مەزداییەکان ستایش دەکەین.

بە دڵ و بەگیان ستایشی ئەو دەکەین و ستایشی ئەوو فرەوەشیی ئەشەڤەنی پیاوان و فرەوەشیی ئەشەڤەنی ژنان دەکەین.

(٤)

ئەیدوون ستایشی ئوردی بەهەشت دەکەین، ئەو ئەمشاسپەندە جوانچاکە، ئەو ڕووناکییە و ئەو چاك و پاك و پیرۆزە.

(٥)

بەهمەن و شەهریوەر[٤٠] و دینی چاك و پاداشتی چاك و سپەندارمەزی چاك و پیرۆز ستایش دەکەین.

{یەنگهە هاتەم...}

## یەسنە / هاتی (٦)

ئـەم هاتـە (٢٠) بەنـدە و دووبارەکردنـەوەی هـەمان نیایش(ڕازونیـاز)ی هـاتی چوارەمە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

ستایشی ئاهورامەزدای دادار دەکەین................ {تا دەگاتە}

ستایشی سەرجەم ئیزەدەکانی ئەشەڤەن دەکەین.

## یەسنە / هاتی (٧)

(١)

{زەوت و ڕاسپی:}
((ئەشێم ڤوهوو.....))
{زەوت:}
بە ئایینی ئەشە دەبەخشم خورشی میەزد، خورداد و ئەمورداد و شیری شادیبەخش بۆ ڕەزامەندیی و خۆشنودیی ئەهورامەزدا و ئەمشاسپەندەکان، بۆ خۆشنوودیی سروشی پاریزگاری پاداشتبەخشی پیرۆزی جیهان ئەفزا[٤١].

(٢)

بە ئایینی ئەشە دەبەخشم هەوم و پەراهەوم بۆ ڕەزامەندیی و خۆشنودیی فرەوەشیی زەردەشت سپیتمانی ئەشەڤەن.
بە ئایینی ئەشە دەبەخشم دارو بخور، بۆ ڕەزامەندیی ئازەری سیمبۆلی ئەهوورامەزدا.

(٣)

بە ئایینی ئەشە دەبەخشم هەوم بۆ خۆشنودیی ئاوە زوڵاڵ و پاکەکانی مەزدا
بە ئایینی ئەشە دەبەخشم ئاوی هەوم، بە ئایینی ئەشە دەبەخشم شیری پاك، بە ئایینی ئەشە دەبەخشم گیای هەزانەئێپەتای ئەشوویی بۆ خۆشنوودیی ئاوە مەزداییەکان.

(٤)

بە ئاییینی ئەشە دەبەخشم بەرسەم و زەورو کوستیی بەرسەمی ئەشا پەروەردە بۆ خۆشنودیی ئەمشاسپەندان.

بە ئاییینی ئەشە دەبەخشم پەیڤ لەمەڕ ئەندێشەی چاك، زمانی چاك، کردەی چاك، .........

**(لێرەوە تا بەشی ٢٤ دووبارە کردنەوەی ئەو ناوانەی هاتی چوارەمە)**

(٢٤)

ئەی مەزدا ئەهوورە!

بە سروودخوێن و پەیغامهێنی تۆ ناسراین و ناوبراین و شادمانین بەو پاداشتەی کە وەك مژدەی دینی چاکان بۆت دیاریکردوین.

(٢٥)

ئەم پاداشتەت پێ بەخشیوین تا چ لە ژیانی ئێستاو چ لە ژیانی جیهانی مینۆییماندا ببینە هاونشینی جاویدانی تۆو ئوردی بەهەشت.

((یەسەئەهوڤەئیریو...........))

(٢٦)

.................

**((لێرەوە تا بەندی ٢٨ واتە تا کۆتایی، هەر دووبارەیە))**

## یەسنە / هاتی (٨)

(١)

...... (دووبارەیە)

(٢)

{ڕاسپی}:

ئێوە ئەی خەڵكینە... لەم (میەزد)ە بخۆن... ئەی ئەو كەسانەی كە بە چاكەكاریی و ئەشەڤەنی، ئەم (نیعمەت)ەتان بەخۆتان بەخشیوە.

(٣)

{زەوت}:

ئەی ئەمشاسپەندان، ئەی ئیزەدباوك و ئیزەددایكە چاكەكان، ئەی ئاوەكان، ئەی گیاكان، ئەی زەورەكان...

ئەو كەسانەمان پێ بناسێنن كە لەنێو مەزدا پەرستاندا خۆیان بە مەزداپەرست و شوێنكەوتووی ئەشە دەنوێنن كەچی لەناخەوە هەوڵ دەدەن جیهانی ئەشا بە سیحرو جادوو وێران بكەن.

(٤)

ئەو كەسەی لەنێو مەزدا پەرستانی لاودا كە قسەیەكیان لێ پرسیوە، گەر لەبەر نەیگوت، سزاواری پادافرەی جادوویی بێت[٤٢]

((ئەشێم ڤەهوو...))

((یەسە ئەهووڤەئیریو....))

(٥)

ئەی ئەهوورامەزدا! خوازیارین کە خاوەن و شەهریاری ئافەریدەکانی خۆت:
ئاوەکان، گیاکان و سەرجەم چاکە ئەشەڤەنەکان بیت،
خوازیارین کە توانایی بە ئەشەو زەبوونیی بە دورڤەج ببەخشیت[٤٣].

(٦)

کامەران بێت ئەشە، ناکام بێت، دورڤەج،
کۆتاو سرِدراوەو ژێرپێ و لەنێوچوو بێت دورڤەج، لە جیهانی سپەنتەمینۆدا.

(٧)

ئێستا من ـ زەردەشت ـ سەرۆك خێڵ و گوندو شارو وڵاتەکان ڕێنمونی دەکەم کە بیر لە دینی ئاهوورایی زەردەشت بکەنەوەو بەم پێیە قسە بکەن و بجوولێنەوە.

(٨)

{ڕاسپی}:
گەشەو ئاسوودەیی بە ئاوات دەخوازم بۆ سەرتاسەری جیهانی ئەشە
ڕیسوایی و زەبوونی بەئاوات دەخوازم بۆ سەرپاکی جیهانی دورڤەج
((ئەشێم ڤەهوو...))
ستایش و پەسن و پاڕانەوە بۆ هەومی ئەشەپەروەر
{زەوت}:
(( یەسە ئەهوڤەئیریو...)) کە زەوت پێشانم بدات
{ڕاسپی}:
(( یەسە ئەهوڤەئیریو...)) کە زەوت پێشانم دەدات
{زەوت}:
(( ئەسارەتوش ئەشەئەت چیەت هەچا....)) کە مرۆڤی ژیرو پارێزگار پێشانم بدات.

# یەسنە هاتی (٩) تا (١١) (هەوم یەشت)

## یەسنە / هاتی (٩)

(١)

بەرەبەیان (هاوەنگا)، کاتێ زەردەشت چواردەوری ئاگرەکەی خاوێن دەکردەوە و (گاتا)ی دەهۆنییەوە، هەوم هاتەلای و خۆی پێ نواند.

زەردەشت لێی پرسی:

تۆ کێییت کە بەو گیانە ڕووناك و هەمیشە زیندووەتەوە لە چاوی مندا چاکترین پەیکەرێکی کە تا ئێستا لە جیهانی ئەستومەندا دیتوومە؟[٤٤]

(٢)

هەومی ئەشەڤەن و مەرگتارێن وڵامی دایەوە:

ئەی زەردەشت:

منم (هەوم)ی ئەشەپەروەرو مەرگتارێن

ئەی سپیتمان!

بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی من و شەربەتم لێ بگرەوە....

ستایشی من بکە وەك چۆن دوایین (سوشیانت)ەکانیش ستایشیان دەکردم[٤٥].

(٣)

زەردەشت پێی گوت:

سڵاو لە هەوم،

ئـەی هـەوم... کـێ بـۆ یەکـەمجار لـەنێو مرۆڤـدا و لـە جیهـانی ئەسـتومەنددا شـــەربەتی لـــێ گرتیتـــەوە؟ چ پاداشـــتێکی پـــێ بەخشـــرا و چ بەختەوەرییـــەکی پێگەیشت؟

(٤)

هەومی ئەشەڤەنی مەرگتارێن وڵامی دایەوە:

بـۆ یەکـەمجار لـەنێو مرۆڤـدا (ڤەیڤەنگـەهان) شـەربەتی لـێ گرتمـەوە و پاداشـت و بەختەوەرییەکەشـی ئـەوە بـوو کـە کـوڕێکی پێ بەخشـرا: (جەمشـید)ی هێـژا، ئـەو مرۆڤـە پـڕ شـان و شـکۆیە، ئـەو ڕۆژسـیمایە کـە بـە شـەهریاریی خـۆی گیانـداران و مرۆڤـی گەیانـدە نـەمریی و ئاوەکـانی زوڵاڵتـر و خۆراکـەکانی زۆرتـر کرد[٤٦].

(٥)

لـە سـایەی شـەهریاریی (جـەم)ی دلێـر... نـە سـەرما هـەبوو نـە گـەرما، نـە نەخۆشـیی هـەبووو نـە پیـری، نـە چاوچـنۆکی و نـە ناپـاکی و نـە مـەرگ. بـاوك و فەرزەند هەرکام لە چاوی ئەویدیدا لاوێکی ١٥ ساڵانەی دەنواند[٤٧].

ئەمـە بـاری ژیـان و گێتـی بـوو لەسـەردەمی پاشـایەتیی جەمشـیدی پاسـەوان کوڕی ڤەیڤەنگەهاند..

(٦)

ئەی هەوم!

ئـەی کـێ وەك دووەم کـەس لـەنێو مرۆڤـدا شـەربەتی لـێ گرتیـت... ئـەی چ پاداشت و بەختەوەرییەك گەیشتە ئەو کەسە؟

(٧)

ئەنجا هەومی ئەشەڤەنی مەرگتارێن وڵامی دایەوە:

دووەم کەس لەنێو جەماوەری جیهانی ئەستومەندا (ئابتین) شەربەتی لێ گرتمەوە و ئەویش لە پاداشت و بەختەوەریی ئەم کارە پیرۆزەیدا کوڕێکی پێ بەخشرا.

فەرەیدون لە بنەماڵەی بەهێز... ئەو کەسەی کە (ئەژی دەهاك)ی سەرکوت کرد... ئەژیدەهاکی سێ پووزەی سێ سەری شەش چاو کە خودان هەزار جۆر هێز و چالاکی بوو... ئەو دێوە هەرە بەهێزەی دنیای درۆ... ئەو دروەندە ئازاردەرەی جیهان... ئەو بەهێزترین پارێزەرەی درۆ، کە ئەهریمەن بۆ وێرانکردنی جیهانی ئەشە، بە دڕندەترین شێوە لەم جیهانەدا دروستی کرد[٤٨].

(٩)

ئەی هەوم!

کێ بۆ جاری سێیەم لەم جیهانەدا شەربەتی لێ گرتیت و چیی پێ بەخشرا؟

(١٠)

هەومی ئەشەڤەن... وڵامی دایەوە:

سێیەمین کەس لە جیهاندا (ئەترەت)، بەتواناترین پیاوی بنەماڵەی (سام) بوو کە شەربەتی لێ گرتم و لەپاداشتدا دوو کوڕی پێ بەخشرا:

(ئورڤاخشەیە) و (گەرشاسپە)، یەکەمیان داوەرێکی دادپەروەر و دووەمیشیان گەنجێکی چالاك و سەرفراز و جەنگاوەر...[٤٩]

(١١)

ئەو جەنگاوەرەی کە ئەژدیهای شاخداری کوشت... ئەو ئەسپە شێتە و ئەو ژاراوییە زەردباوەی کە ژارە زەردباوەکەی بە بەرزایی نێزەیەك بەرز دەبوویەوە... لە گەرمەی نیوەڕۆدا گەرشاسپ لەنێو هاوەنێکی ئاسنیندا و لەسەر پشتی ئەو

ئەژدیهایەوە ئاوی دەکوڵاند، ئەژدیهای چڵکن، لە تاو گەرماو تینی ئاسن و ئاوی کوڵاو لەژێر هاوەنەکەدا دەرپەڕی و بووە هۆی پژاندنی ئاوە داخەکە، بەجۆرێك کە گەرشاسپی (نەریمان) پەنای بردە گۆشەیەکەوە[٥٠].

**(١٢)**

ئەی هەوم!

کێ وەك چوارەمین کەس لە جیهاندا شەربەتی لێ گرتیت و چ پاداشت و بەختەوەرییەکی پێ بڕا؟

**(١٣)**

هەومی ئەشەڤەن... وڵامی دایەوە:

چوارەمین کەس لەنێو مرۆڤەکانی ئەم جیهانە خاکییەدا (پورڤەشەسپ) بوو کە شەربەتی لێ گرتم و ئەم پاداشتەی پێ بڕاو ئەم بەختەوەرییەی پێ بەخشرا کە تۆ لە بنەماڵەی ئەو لە دایك بوویت... تۆ ئەی زەردەشتی پاکی دێوڕەتێن... ئەی پەیڕەوی دینی ئەهوورە... ئەی لە خێزان و بنەچەی پورڤەشەسپ[٥١].

**(١٤)**

تۆ ئەی زەردەشتی ناودار لە(ئیرانویچ) کە یەکەمجار (ئەهوەن ڤەئیریە)ت چوارجار لەسەرخۆ و بەویقارەوە و دوەمین بەشت بەدەنگێکی بەرز چڕی[٥٢].

**(١٥)**

ئەی زەردەشت... ئەی ئەو کەسەی کە بوویتە بەهێزترین و دلێرترین و (تۆخشا)ترین و چالاکترین و پیرۆزترین، لە لای بەدیهێنی (دوو ڕەوان):

تۆ سەرجەم (ئەو دێوانەت) کە پێشتر شانبەشانی دیکەی جەماوەر لەزەویدا دەژیان، لە ڕەگەوە نەتهێشت و خستنتە ژێر ئەرز و پەنهانت کردن[٥٣].

**(١٦)**

ئنجا زەردەشت گوتی:

درووود بۆ هەوم... هەومی چاك... هەومی بەچاكی ئافراو... هەومی ڕاست... چاكی دەرمانبەخش... (بورزمەند).. چاك سرشت و پیرۆز.. هەومی زێڕینی گەڵا نەرم كە شەربەتەكەی باشترین و شادیبەخشترینە بۆ ڕەوان[٥٤].

**(١٧)**

ئەی هەومی زێڕین

لێرەدا ستایشی هێزی شادیبەخشی تۆدەكەم... دلێری و دەرمانبەخشی و پەرەپێدان و گەشەپێدان و هێزی لەش و سەرجەم زانایی و پاكییەكانت لێرەدا دەچڕم.

**(١٨)**

هانا بۆ تۆ دەبەم تا بتوانم شەڕاشۆیی سەرجەم نەیارەكان تێكبشكێنم: چ دێو و درۆزن، چ پەری و جادوگەر، چ ستەمكار و (كەوی و كەرەپ)ەكان، چ خراپكاران و (ئەشموغان)ی دووپێ و گورگە چوارپێییەكان، چ سوپای بێ سنووری دوژمن كە بەهەڕەشە و فریوكاری بەڕێوەیە[٥٥].

**(١٩) تا (٢١)**

ئەی هەومی مەرگتارێن

داوای ئەم چەند بەخشیش و پاداشتەت لێدەكەم:

یەكەم، چاكترین ژیانی ئەشەڤەنی و بەهەشتی ڕۆشن و شادیبەخشم پێ ببەخشە

دووەم، ساخی و تەندروستیم پێ ببەخشە

سێیەم، گیانم بژیێنە بە ژیانێكی نەمر

چوارەم، یارمەتیم بدە تا من بەدلێری و جوامێریی و خۆشحاڵییەوە لەسەر زەمیندا ببمە ڕووخێنەرو تێکشکێنەری شەڕوشۆڕو درۆو ستەم.

پێنجەم، یارمەتیم بدە لە شەڕی دژی نەیاران و درۆکاران و.....دا سەربکەوم،

شەشەم، یارمەتیم بدە پێش هەموو لایەك لە هەبوونی دزو جەردەو گورگ و ڕێگرەکان ئاگادار ببمەوە(٥٦).

**(٢٢)**

هەوم زۆزو هێز دەبەخشێتە ئەو دلێرانەی کە دەجەنگن...

هەوم کوڕی ناودارو منداڵی ئەشەڤەن دەبەخشێتە ژنانی سکپڕ

هەوم پاکی و زانایی دەبەخشێتە ئەو کەسانەی کە بە خواستی خۆیان فێری (نەسك) دەبن(٥٧).

**(٢٣)**

هەوم مێردی ئەمەکناس دەبەخشێتە ئەو کیژانەی کە بێ شوو ماونەتەوە.

**(٢٤)**

هەوم بوو کە (کەرەسانی)ی لەسەر تەختی دەسەڵات هێنایەخوار، کەسێك کە پشتئەستوور بە دەسەڵات و حوکمی خۆی دەیگوت: ((لەمەودوا (ئاتوربان))ی تێکدەری پێشکەوتن ئیدی بۆ پەرەپێدانی دین پێی ناکەوێتە سەرزەمینی من(٥٨).

**(٢٥)**

خۆزگەم بە ژیانی تۆ کە بەهێزو توانای خۆتەوە شەهریارێکی کامەرانیت

خۆزگەم بە ژیانی تۆ کە هەموو قسە ڕاست و دروستەکان دەزانی

خۆزگەم بە ژیانی تۆ کە لە پرسین بۆ قسە ڕاست و دروستەکان بێ نیازیت

(٢٦)

مەزدا بۆ یەکەمجار (کوستی)ی ئەستێرەبەندی ڕۆحی و هەڵقوڵاو لە دینی چاکی مەزدا پەرستیی بە تۆ بەخشی... لەو کاتەشەوە پشتێنت لێ بەستووە و هەردەم لە شاخە بەرزەکانەوە پاسەوان و پارێزگاریی (مەنسەرە)ی پیرۆزیت[٥٩].

(٢٧)

ئەی هەوم... ئەی خاوەن ماڵ... ئەی کەیخوا... ئەی شەهریار... ئەی شارەبان... ئەی تاقانە لە پاکی و جوامێریدا... هێز و پیرۆزی و کرانەوەی هەرە ڕزگاریدەری تۆ بۆ لەش و گیانی خۆم داواکارم.

(٢٨)

لە کینەی قین لەدڵان بمانپارێزە،سرشتی تووڕە و تۆسنەکانمان لێ دوور بخەرەوە، هەرکەسێك بیهەوێ زیان بگەیەنێتە ئەم ماڵە، ئەم گوندە، ئەم شارە و ئەم وڵاتە... هێزی پێی ببڕە و گوێی کەڕ و نەژفت و ویژدانی پەرێشان بکە.

(٢٩)

ئەو کەسەی کە ڕقی لە گیان و لەش و ویژدانی ئێمەیە: با بە دووپێ توانایی ڕۆیینی نەبێت... بەدوو دەست هێزی کارکردنی نەبێت و بەدوو چاو نەتوانێ زەوی و گیانداران ببینێ.

(٣٠)

ئەی هەومی زێڕین...

لە جەنگ لەگەڵ ئەژدیهای زەردی ژار ئالوودی ترسناکدا کە لاشەی ئەشەڤەن لەنێو دەبات (زیناوەند)بە.

ئەی هەومی زێڕین... لەشەڕ لەگەڵ جەردەی نابەکاری خوێنمژی ئازاردەردا کە ئەشەڤەن لەنێو دەبات زیناوەندبە[٦٠].

**(٣١)**

**ئەی هەومی زێڕین...**

**لە خەبات دژی فەرمانڕەوای ستەمکاری درۆپیشە کە کوژەری ئەشەڤەنە، زیناوەند بە.**

**ئەی هەومی زێڕین...**

**لە جەنگ لەگەڵ (ئەشموغ)ی ناپاکی لەنێوبەری ژیان کە ئاخاوتە و هزری ئەم دینە دەزانێت و دژی دەجووڵێتەوە و ئەشەڤەن لەنێو دەبات، زیناوەند بە[٦١].**

**(٣٢)**

**ئەی هەومی زێڕین...**

**لە شەڕ لەگەڵ ژنی سۆزانی... جادووی هەوەسبزوێن کە پەنای خراپەکاران دەدات، کە ویژدانی وەکوو هەورێك لەبەرانبەری بادا دەلەرێتەوە... کە لەنێوبەری ئەشەڤەنە، زیناوەند بە.**

**ئەی هەومی زێڕین...**

**لە جەنگ لەگەڵ هەر شت و هەرکەسێکدا کە گیانی ئەشەڤەن لەنێو دەبات، زیناوەند بە.**

## یەسنە / هاتی (١٠)

(١)

دێو و پەتیارەکان لێرە دوور بکەونەوە
سروشی پیرۆز لێرە جێگیر ببێ
ئەشەی پیرۆز لێرە بمێنێتەوە
ئەشەی پیرۆز لێرە... لەم ولاتە کە هی ئەهورە و هەومی ئەشە پەروەرە، بحەسێتەوە.

(٢)

ئەی یەزدانی فەرزانە..
بە باژ[٦٢]، ستایشی سەرەتاییترین ساتی بەرەبەیانت دەکەم کە چڵی هەوم لەئامێز دەگرێت
بە باژ، ستایشی دوایین ساتی بەرەبەیانت دەکەم کە تێیدا بە هێزێکی مەردانەوە چڵی هەوم بکوتم.

(٣)

ئەی هەوم...
ستایشی هەور و باران دەکەم کە جەستەی تۆ بە بەرزایی کێوەکانەوە دەڕوێنن، ستایشی ئەو لووتکە دەکەم کە تۆی تێدا ڕواوە،

(٤)

ئەی هەومی خاوێن...

ستایشی ئەو زەوییە بەرین و بەخشندەیە دەکەم کە تۆی لە ئامێزگرتووە،

ستایشی ئەو سەرزەمینە دەکەم کە تۆ وەك پاشا و سەرقافڵەی گیا بۆنخۆش و چاکەکانی مەزدا تیایدا ڕواوی،

ئەی هەوم: بەسەر لوتکەی کێوەکانەوە بڕوێ و هەمیشە و لە هەموو شوێنێك بگەشێوە، بێگومان، هەر تۆی سەرچاوەی ئەشە.

(٥)

{ڕاسپی}

ئەی هەوم...

بە هۆی باژی منەوە لە سەرتاسەری چڵ و ریشە و پەڕەکانتەوە بگەشێوە.

(٦)

{زەوت}

هەوم سەوز دەبێت و بڵند دەڕوێ، ئەگەر ستایش بکرێت، ئەو کەسەش کە ستایشی هەوم دەکات، سەرکەوتوو دەبێ

کەمترین گوشراوی هەوم...کەمترین ستایشی هەوم ...کەمترین نۆشاوەی هەوم بەسە بۆ کوشتنی هەزار دیۆ

(٧)

لە ماڵێکدا کە هەوم دابنرێت و سروودی تایبەتی دەرمان و چارەسەری ئاشکرای هەوم بهۆننەوە، هەر خراپە و گەمارییەك هەبێت لە نێودەچێت و نابووت دەبێت.

**(٨)**

بەڵێ... هەر هەموو (مەی)یەکانی دیکە توورەیی و ڕقی خوێناوییان پێوەیە، بەڵام (مەی)ی هەوم ئۆخژنی ئەشەی بەدواوەیە و سەرخۆشییەکەی باری جەستە سووکتر و ئارامتر دەکاتەوە.

ئەوانەی ڕێزی هەوم دەگرن و پەروەردەی دەکەن، هەومیش یاوەریان دەبێت و ئازارەکانیان دەرمان دەکات.

**(٩)**

ئەی هەوم...
لەو دەرمانەم پێ ببەخشە کە خۆت چارەسەری دەردەکانی پێدەکەی
ئەی هەوم...
لەو سەرکەوتنانەم پێ ببەخشە کە تۆ خۆت دوژمنەکانیان پێ بۆڕ دەدەی
من خوازیارم، دۆست و ستایشکاری تۆ بم
ئەهوورەمەزدای دادار، دۆست و ستایشگەرێك چاکتر دەدوێنێ، وەك چۆن ئەردیبەهەشت دەدوێنێ[٦٣].

**(١٠)**

ئەی دلێر ئەفرێنراوی دادار، خواوەندی هونەر تۆی هێنایەدی، ئەی دلێر ئەفرێنراوی دادار، خواوەندی هونەر تۆی بەسەر لووتکەی ئەلبورزەوە ڕواند.

**(١١)**

دواتریش باڵندەیەکی پیرۆز و ڕاهێنراو (تۆو)ەکەت بەهەموو لایەکدا دەپژێنێ: نێوان بەرزاییەکانی کێوی (ئەوەپایری سەئێنە)... لە لووتکەی شاخی (ستەروسارە)... لە شێوەکانی کێوی (کوسروپەتە)... لەسەر خەرەندی کێوی (ویشپەتە) و بەسەر کێوی (سپیتەگونە)وە[٦٤].

(١٢)

لەوەودوا پڕ لە شیلەی زەرد و جۆربەجۆر لەکێوەکاندا دەڕوێیت
ئەی هەوم...
دەرمان و چارەسەرییەکانی تۆ ئاوێتەی خۆشیی ڤەهومەنە. دەی جا... ئەو سرشتە دەمپیسە لە من دوور بخەرەوە و لەنێوی بەرە، ئەو سرشتە دەمپیسەی کە لەگەڵم هەردەم لە جەنگدایە.

(١٣)

ستایشی هەوم دەکەم، چونکە سرشتی دەوڵەمەند و دەرویش هەروەکوو یەك پێدەگەیەنێ. ستایشی هەوم دەکەم، چونکە سرشتی دەرویش وا پەروەردە دەکات کە بتوانێ بگاتە ئامانجەکانی.
ئەی هەومی زێڕینی پڕشیلە... ئەوەی کە بەهرەی لە تۆ بردبێ، کوڕی چاکی دەبێت و هەمیشە خاوێنتر و فەرزانەتر و بەڕێزتر دەبێت.

(١٤)

ئەوانەی کە هەومیان نۆشی، نابێ بەحەزی خۆیان هەروەکوو (گا درەفش)[٦٥] بکەونە جموجووڵەوە. ئەوانەی کەبە تۆ سەرخۆش دەبن دەبێ دڵخۆش و سەرزیندە بەرەو پێش بڕۆن و بەهێز و ڕاهێنراو ببینرێن
ئەی هەومی ئەشەڤەنی ئەشە پەروەر...
من ئەم جەستە گەشە کردووەی خۆمت پێشکەش دەکەم.

(١٥)

فێڵی ئەو ژنە خراپ و فریوکارە بەهیچ دەزانم کە بیر لەفریودان و لەڕێ بەدەربردنی هەوم وئاترۆبان[٦٦] دەکاتەوە، چونکە لەڕاستیدا ئەو خۆی کەسێکی فریوخواردووە و زووش لەنێو دەچێت. کەسێك بیەوێت بۆخۆی دیاریەکانی هەوم بخوات، هیچکات نابێتە خاوەنی منداڵی چاك و منداڵی ئاترۆبان.

**(١٦)**

**لەگەڵ پێنج شتدام و لە پێنج شت دوورم:**
**لەگەڵ بیری چاکدام .... دوورم لە بیری خراپ**
**لەگەڵ گوتەی چاکدام .... دوورم لەوتەی خراپ**
**لەگەڵ کردەوەی چاکدام .... دوورم لەکردەوەی خراپ**
**لەگەڵ فەرمانبەریدام .... دوورم لە نافەرمانی**
**لەگەڵ ئەشەدام .... لە دورڤەج دوورم[٦٧].**
**هەرواش دەبم تا ڕۆژی پەسڵان و کۆتایی شەڕی نێوان دوو مەئینیو[٦٨].**

**(١٧)**

**ئەنجا زەردەشت گوتی:**
**سڵاو لە هەومی داهێنراوی مەزدا**
**هەومی مەزدا ئافەریدە، چاك و پیرۆزە**
**سڵاو لە هەوم**

**ستایشی هەموو هەومەکان دەکەم: چ ئەوانەی بەسەر لووتکەی چیاکانەوە دەڕوێن... چ ئەوانەی لە قووڵایی شیو و دۆڵەکاندان و چ ئەوانەش کە لەنێو داوێن و وەربینی ئافرەتاندان[٦٩].**

**(١٨)**

**ئەمەیە سروودی تۆ ئەی هەوم**
**ئەمەیە ستایشی تۆ**
**ئەمەیە دروودی تۆ**

**ئەمەیە گوتەی ئەشە کە تەندروستی دەدات و سەرکەوتن دەبەخشێت لەبەرانبەر دوژمندا و دەرمان و چارەسەر دەبەخشێ.**

**(١٩)**

ئەمانە هەمووی بۆ تۆن... بەڵام منیش:
بەپەلە سەرخۆشیی تۆم بگاتێ
بەئاشکرا سەرخۆشیی تۆم بگاتێ
سووك و ئاسان و ئارام سەرخۆشیی تۆم بمگاتێ
ئەو هەمیشە پیرۆزو سەرفرازە، هەردەم بەگوتەی ستایشئامێزەوە ستایش دەکرێت.

**(٢٠)**

بەهێزی بۆ گێتی... سڵاو لە گێتی
زمان شیرینی بۆ گێتی
سەرکەوتن بۆ گێتی
فراوانی بۆ گێتی
ئاوەدانی بۆ گێتی
دەبێ بۆ ئاوەدانیی جیهان هەوڵ بدەین... بەجوانی بیپارێزین و بەرەو ڕووناکیی بەرین[٧٠].

**(٢١)**

ستایشی هەومی گەڵازێڕین دەکەین
ستایشی شەربەتی هەوم دەکەین کە گەشە بە گێتی دەبەخشێت
ستایشی هەومی مەرگتارێن دەکەین
ئێستا ستایشی پاداشت و فرەوەشیی زەردەشتی سپیتمان ئەشەڤەن دەکەین
((یەنگهە هاتەم....)).

## یەسنە / هاتی (١١)

**(١)**

{ڕاسپی:}
بێگومان سێ گیانداری چاك (ئەسپ و گا و هەوم) بەبێزاری لە سنگ دەدەن:
گا، بۆ زەوت لە سنگ دەدات:
یاخوا منداڵت بمرێت و ڕسوا بیت... ئەی ئەو کەسەی گۆشتی کوڵاوی منت لەبەر دەستە و بەشی هەژارانی لێ نادەیت و هەر لە بیری تێرکردنی خۆت و خێزانەکەتدایت.

**(٢)**

ئەسپ بۆ سوارەکەی سنگ دادەدڕێت:
یاخوا نەتوانی ئەسپێك زین بکەیت و سواری بیت ئەی ئەو کەسەی کە ناتەوێ من چالاکیی خۆم لە ئەنجوومەنی پیاوچاکان لە (ئەسپەرێس)دا بنوێنم[٧١].

**(٣)**

هەوم بۆ هەوخۆر سنگ لە سنگ دەدات:
خوایە ڕۆڵەت بمرێ و بەدناو ببی ئەی ئەو کەسەی کە گوشراوەی من وەکوو دزێکی مەرگفرۆش دەشاریتەوە، منێك کە مەرگتارێنم و دوورم لە مردن.

(٤)

ئەهوورامەزدا، باوکی ئەشەڤەن، لە ئەندامەکانی مەڕی پێشکەشکراو، دوو کاکیلەو زمان و چاوی چەپی بە منی هەوم بەخشی[٧٢].

(٥)

کەسێك کە لەو دیارییە بدزێت کە ئەهوورامەزدا بەمنی بەخشیوە...

(٦)

.... لە ماڵ و خێزانیدا ئاترۆبان و پێشمەرگە و وەرزێر پەیدا نابێت بەڵکوو (دەهەك) و (موورەك) و (وەرەشنە)کان دێنە دنیاو دەکەونە ماڵەکەی[٧٣].

(٧)

گۆشتی پێشکەشیی بەرە بۆ هەومی دلێر تا نەتخانە بەند، وەك چۆن ئەفراسیاوی بەدکاری تورانیی خستە بەندەوە لەحاڵێکدا لەنێو سێیەکی قووڵایی پێستەی زەویدا دەژیا[٧٤].

(٨)

.......... {دووبارەی ٤ دێڕلە بەندی ١٧ی هاتی ١}

(٩)

{ڕاسپی:}

هەرچی لە ئێمەیە یەکێکە (یەك بەش / یەك هەنگاو)ە و نەك زۆرتر بەڵام لە تۆوە دەبێتە دوو بەرامبەر، سێ ئەوەندە، چوار. پێنج. شەش. حەوت. هەشت. نۆ. دە بەرامبەر[٧٥].

(١٠)

{زەوت:}

ئەی هەومی ئەشەڤەنی ئەشە پەروەر...

ئـەم جەسـتە جـوان پێشگەیشـتووەی خۆمـت ئاراسـتە دەکـەم... گەیشـتنە سەرخۆشی و چاکی و پاکی ئاراستەی تۆ دەکەم ئەی هەومی هێژا.

ئەی هەومی دوورکەرەوەی مەرگ...

چاکترین ژیانی ئەشەڤەنەکان واتە بەهەشتی ڕووناك و خاوەن هەموو جۆرە خۆشی و ئاسایشەکانم پێ ببەخشە.

(١١)

((ئەشێم ڤەهوو...))

{ڕاسپی:}

((ئەشێم ڤەهوو...))

(١٢)

{زەوت:}

((ئەشێم ڤەهوو...))

((یەسە ئەهوڤەئیریە...))

ئەی ئەهوورامەزدا...

خوازیارم بەخواست و ڕەزامەندیی خۆت لەسەر هەموو دروستکراوەکانت: ئاوەکان و گیاکان و سەرجەم مرۆڤە چاك و ئەشەنەژادەکان شەهریاری بکەیت

خوازیارم توانایی بە ئەشە ببەخشیت و درۆ لاواز و پەکخستە بکەیت.

(١٣)

کامەرانی بۆ ئەشە

ناکامی بۆ درۆ

مردوو، نابووت، ڕسوا، داڕوخاو، تێکشکاوو ناکام بێت درۆ لە جیهانی ڕۆحی پیرۆزدا.

(١٤)

ئێستا، من ـ زەردەشت ـ سەرجەم سەرۆکەکانی هۆزو گوندو شارو وڵاتەکان ئاگادار دەکەمەوە تا بەپێی دینی ئەهوورایی زەردەشتی بیربکەنەوە و قسەبکەن و بجوولێنەوە.

(١٥)

{ڕاسپی:}

ستایشی بیری چاك و گوتەی چاك و کردەوەی چاك دەکەم

لەنێو هەموو ئەو شتانەدا لە هەرێی بیرو زوان و کردەوەدان، من بیری چاك و گوتەی چاك و کردەی چاك هەڵدەبژێرم

من سەرجەم بیری چەوت و گوتەی چەوت و کرداری چەوت دەنێمە لاوە.

(١٨)

ئەی ئەمشاسپەندانی هێژا...

من، ستایش و ڕازونیازی خۆم بەبیرو زمان و کردار... لەناخی جەستە و گیانی خۆمەوە ئاراستەی ئێوە دەکەم

من نوێژی (ئەشە) بەجێ دەهێنم:

((ئەشێم ڤەهوو...))

## یەسنە / هاتی (١٢)

(١)

{زەوت:}

من، سەرزەنشتی دێوەکان دەکەم.

مـن ڕایدەگەیـەنم کـە مەزداپەرسـت، زەردەشـتی، ئـەهوورایی و دوژمنـی دێوەکانم

من ستایشگەری ئەمشاسپەندەکانم

ئەهوورەمـەزدای مـەزن، خواوەنـدی چـاکە و ئەشـەڤەنی پـاك و پیـرۆز بـە شـایانی سـەرجەم پـاکی و چـاکەکان دەزانـم، چـونکە چی خێـر و چـاکە و پـاکی هەیـە لەوەوەیە، جیهان لەوە، ئەشە لەوە، ڕووناکایی لـەوە و لـە ڕووناکایی ئەوە کەگێتی جل وبەرگی شادمانی و کامەرانیی پۆشیوە.

(٢)

سپەندارمەزی پیرۆز هەڵدەبژێرم... خوازیارم لێی بەهرەمەند بم،

من خۆم لە دزین و ڕفاندنی ئاژەڵان دەپارێزم، من خۆم دوور دەگرم لـە زیـان پێگەیاندنی گوند و ژینگەی پاکی مەزداپەرستان.

(٣)

من ڕێزلە ئازادیی هاتوچۆ و ژیان و مافی ماڵ و سامان و ژینگە بۆ ئەو خەڵکانە دەگرم کە بە ئاژەڵەکانیانەوە لەم زەوییەدا دەژین.

کاتی بەجێهێنانی نوێژی ئەشە لەبەرامبەر ئاوی ئامادەکراو بۆ خێرات (زەور)یشدا ستایشی ئەو ماف و ئازادییە دەکەم. هەرگیز زیانەخرۆ نابم و هەوڵی تێکدانی گوندی مەزداپەرستان نادەم و دەستدرێژی ناکەمە سەر ماڵ و گیانیان.

(٤)

خۆم لە دێوە بەدکارە دزێوە بەدسرشتە نائەشەڤەنەکان، ئەوانەی کە دروستکراوی درۆ و دەسکردی ناپاکی و ناشیرینی و خراپەن، جیا دەکەمەوە.

لە دێو و دێوپەرستانیش دوور دەکەومەوە

لەجادووو جادووپەرستانیش خۆم بەدوور دەگرم

خۆم بەدوور دەگرم لەو دروستکراوە زیانەخرۆیانە: لە ئەندێشەیان، لە گوتە و لە کرداریان و لە هەرچی لەوانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەم جۆرە دوور دەبم لە هەرچی درۆپەرستی زیانکارە.

(٥)

ئاوەها... هەرئاوا کە ئەهوورامەزدا زەردەشتی ڕاهێنا لەسەر هەموو گوت بێژەکان و سەبارەت بەسەرجەم، کۆڕو ئەنجوومەنەکان... ئەو کاتەی کە مەزدا و زەردەشت بوونە هاودەم.

(٦)

ئاوەها... هەرئاوا کە زەردەشت پەیوەندیی بە دێوەکانەوە بڕی لە هەموو گوتو بێژەکان، لە هەموو کۆڕو ئەنجوومەنەکان... ئەو کاتەی مەزدا و زەردەشت پێکەوە قسەیان کرد.

بەم جۆرە، منیش کە مەزدا پەرست و زەردەشتیم، لە دێوەکان دوور دەکەومەوە، هەروەك زەردەشتی ئەشەڤەن لێیان دوور دەکەومەوە.

(٧)

بەم بڕوایە بە ئاوەکان... بە گیاکان... بە ئاژەڵ و گیاندارە چاکەکان... بەم بڕوایە کە ئەهوورەمەزدا جیهانی ئەفراند... مرۆڤی ئەشەڤەنی ئەفراند... بەو بڕوایەی کە زەردەشت هەیبوو.. کە کەی گوشتاسپ و فرەشەئوشتەرە و جاماسپ هەیانبوو... بەو بڕوایەی کە هەریەکە لە سوشیانتە هاوکارەکانی ئەشەڤەن هەیانە... منیش هەر بەو بیروبڕوایەوە مەزدا پەرستم[٧٦].

(٨)

من شانازیی دەکەم کە مەزداپەرست و زەردەشتیم... هاتوومەتە سەر ئەم دینە و بڕوای تەواوم پێیەتی... من بیری چاك و زمانی چاك و کردەوەی چاکم لا پەسەندە و بڕوام پێیانە.

(٩)

من بڕوام بە دینی مەزدایی هەیە کە شەڕوشۆڕ بنبڕ دەکات... بڕوام پێی هەیە کە کەرەستەی شەڕ لەنێودەبات و خزمایەتی و دۆستایەتی بنیات دەنێ... ئەم دینە پیرۆزە لەنێو هەموو دینەکانی ڕابردووو داهاتووشدا مەزنترین و باشترین و جوانترین دینە... دینی ئەهوورایی زەردەشتی.

من هەموو خێر و چاکەکان بەهی ئەهوورامەزدا دەزانم.

بڕوا و شانازیی من بە دینی مەزدایی ئاوەهایە.

## یەسنە / هاتی (١٣)

(١)

{زەوت:}

ئەهوورەمــەزدا بەســەروەری مــاڵ و ســەروەری گونــد و شــارو بــە پاشــای سەروەر دەزانم.

دینی مەزداپەرستی و ئەشەی پیرۆزو (پارێندی) و ئافرەتی ئەشەڤەن و ئەم زەوییە پان و بەرینەش بە سەروەری ئافرەتان دەزانم[٧٧].

(٢)

ئاگری ئەهوورامەزدا بەیاوەری هێژاو پاداشتبەخش دەزانم

لــە نێــو پیــاوانی ئەشــەڤەندا ڕەنجبــەرترین و پڕكــارو زەحمەتكێشــترینیان لــە وەرزێریدا سەروەری هێژای گیاندارپەروەر دەزانم.

خاوەنی هێزو توانایی ئەشە بە سەروەری جەنگاوەران دەزانم.

(٣)

خــاوەنی زۆرتــرین زانیــاری و ڕۆشــنبیری لەمــەڕ دینــی مەزادپەرســتی بــە سەروەری ئاترۆبان دەزانم،

مامۆستاكانی ئەوان بەسەروەر دەزانم و هەربە سەروەری دەیانناسم: ئەو ئەمشاسپەند و سوشیانتانەی كەزاناتر، راستگۆتر، یاریدەدەرترو بەئاوەزترینن.

خــاوەنی زۆرتــرین هێــزو گــوڕو توانــایی دینــی مەزداپەرســتی بــە ســەروەری ئاترۆبان و جەنگاوەرو وەرزێر دەزانم.

(٤)

ئەی ئەمشاسپەندەکان... ئەی شەهریارانی چاك و پیرۆز...
من گیان و جەستەی خۆمتان ئاراستە دەکەم.
{ڕاسپی}: هەروا کە دوو ڕۆحی پیرۆز بیریان لێکردەوە و هەروا کە ئەوان گوتیان و ئەوان کردیان(٧٨).

(٥)

هەروا کە تۆ ئەی ئەهوورامەزدای پیرۆز، بیرت لێکردەوە و گوتت و کردت: بۆ هەموو شتە چاکەکان هەرواش پێشکەشیت بەدیاری بۆ دەهێنین.. هەرواش بەشایستە و هێژات دەزانین ... هەرواش ستایشت دەکەین... هەرواش نوێژت بۆدەکەین... ئاوا سوپاست دەکەین ئەی ئەهوورامەزدا.

(٦)

{زەوت:}
ئەی ئاهوورا...
بەهۆی هاودەمیی چاك و ئەشەی پیرۆزەوە بە ڕاستگۆییەکی پیرۆز و پاکی و خۆشەویستیەکی پیرۆزەوە، ڕووت لێدەکەین و بەرەو لات دێین.

(٧)

بۆ گیانی گای چاك و گەیومەرزی ئەشەڤەن ستایش دەکەین
((یەنگهە هاتەم...))(٧٩)
{زەوت و ڕساپی:}
((یەسە ئەهوڤەئیریۆ...))
((ئەشێم ڤەهوو...))

**(٨)**

((ئەهونەڤەیریە...)) ستایش دەکەین

ستایشی ئەردیبەهەشتی جوانترین ئەمشاسپەند دەکەین

ستایشی هاتی تایبەتی شانازی و شادمانی (خەستوویی) دەکەین(٨٠)

ستایشی خەستوویی و شانازی بۆ دینی مەزداپەرستی دەکەین

((یەنگهەهاتەم...)).

## یەسنە / هاتی (١٤)

**(١)**

{زەوت:}

ئەی ئەمشاسپەندان...

ئامادەم بۆ ئێوە و لەپێناو ئێوەدا زەوتی ستایشگەرو پەرستشکەر و خوازیارو فەرمانبەر بم.

ستایش و نیایش بۆ ئێوەی ئەمشاسپەند

بەختەوەری و شانازی بۆ سوشیانتە ئەشەڤەنەکان

**(٢)**

...... برگەی (٢) تا (٥) (کۆتایی) دووبارە کردنەوەی برگەی (٩)ی هاتی (٢)و برگەی (٢٤)ی هاتی (٣)یە.

## یەسنە / هاتی (١٥)

**(١)**

بەپێی ڕاهێنانی زەوت، بە سڵاوو ستایشەوە یادی ئەمشاسپەندانی پیرۆز دەکەم هەر بە ناوە جوانەکانی خۆیانەوە ستایشی ئایینی پیرۆزی ئەشە، دینی مەزداپەرستی دەکەم.

**(٢)**

.......

دووبارەی بڕگەی (١)و (٢٢)ی هاتی (٥١) لە (گاتا)کاندا ـ بەرگی یەکەم ـ

**(٣)**

خوازیاری ستایشی ئەهوورامەزدام... خوازیارم بەتواناترین ئەشەڤەنێك کە هەموومان دەیپەرستین، فەرمانبەری بکرێت، چ لەسەرەتاو چ سەرەنجامیش.

..... (دووبارەی هەمان بڕگە)

**(٤)**

... {دووبارە بوونەوەی (٣) دێڕی کۆتایی بڕگەی (٢٤)ی هاتی (٣)}

## یەسنە / هاتی (١٦)

(١)

ستایشی ئەهوورامەزدای ئەشەڤەن دەکەین، سەروەری ئەشەڤەنی، مەزنترین ئیزەدی چاکەکار، بەهێزترین جیهانپەروەر، خاوەنی داهێنانی چاك و پیرۆز.

بەم (زەور)ی دیارییەوە و بە زمانی چاك و گوتەی ڕاست و دروست ستایشی یەکەیەکەی ئیزەدە ڕۆحانییەکان دەکەین.

(٢)

ستایش بۆ زەردەشتی ئەشەڤەن، سەروەری ئەشەڤەنی

بەم (زەور)ی پێشکەشییەوە و بە زمانی چاك و گوتەی ڕاستگۆیانە ستایشی هەموو ئیزەدە جیهانییەکان دەکەین

ستایش بۆ ڕۆحی زەردەشتی ئەشەڤەن

ستایش بۆ سروودەکانی زەردەشت

ستایش بۆ دین و ئایینی زەردەشت

ستایش بۆ بیروبڕوا و ڕێبازی زەردەشت، ئەو سەروەرە ئەشەڤەنەی کە ژیانی گەشاندەوە و ئارەزووی خستە دڵی ئەشە.

(٣)

..... {بڕگەکانی (٣) و (٤) و (٥) و (٦) دووبارەکردنەوەی هاتی (١) و (٣) و (٥)}

**(٧)**

ستایشی (گەرەزمان)ی ڕووناك دەكەین كە گیانی مردووەكانی تێدا ئارام دەبێتەوە[٨١].

ستایشی فرەوەشیی ئەشەڤەنەكان و بەهەشتی ئەوان و ڕووناكایی ئاسایشبەخش دەكەین.

**(٨)**

ستایشی شیر و ڕۆن و ئاوی زوڵاڵ و گیای سەوز دەكەین.

ستایشی خۆڕاگری لەبەرانبەر چاوچنۆكیی دێوی درۆ و خۆڕاگری لەبەرامبەر دوژمنایەتیی مشكی پەری و دەرپەڕاندنی و تێكشكاندنی ئەشمەئوغەی ناپاك و ستەمكار و زیانبەخش و گەڕاندنەوەی دوژمنایەتییەكانی بۆ خۆی دەكەین[٨٢].

**(٩)**

ستایشی سەرجەم ئاوەكان... گیاكان... سەرجەم ژن و پیاوە چاكەكان دەكەین

ستایشی سەرجەم ئیزەدە جیهانی و مینوییەكان (ئەو چاكەبەخشە ئەشەڤەنانە) دەكەین.

**(١٠)**

ئەی سپەندارمەز... تۆ، هەروەكوو خانومانی خۆمان ستایش دەكەین

ئەی ئەهوورامەزدای ئەشەڤەن...

ستایشی تۆ دەكەین و خوازیاری خانوومان و خاوخێزانێكی چاكین بە هەموو شتە چاك و ئەشەییەكانەوە تا هەریەكەمان تەمەنێكی درێژی تێدا بەسەر بەرین، چ لە زستان و چ لە هاویندا[٨٣].

## يەسنە / هاتی (١٧)

**(١) تا (١٠)**

دووبارەبوونەوەی بڕگەکانی ٢تا١٠ی هاتی ٦

**(١١)**

ئەی ئازەری کوڕی ئەهوورامەزدا...
ستایشی تۆو ئاگری (بێرزی سەڤەنگهە) و (ڤوهوفریانە) و (ئورڤازیشتە) و (ڤازیشتە) و (سپەنیشتە) و ئاگری شەهریاری (نەریوسەنگ) دەکەین
ستایشی ئازەری خانەخوێی سەرجەم خانەدانەکان دەکەین، ئەوەی کە مەزدا ئەفراندوویەتی، ئەو ئەشەڤەنە پیرۆزە و سەرجەم ئازەرەکانی دیکەش[٨٤].

**(١٢) تا (١٧)**

دووبارەی بڕگەکانی ٢ تا ١٠ و ١٢ تا ١٦ی هاتی ٦

**(١٨) و (١٩)**

دووبارەی بڕگەی ١٦ و ١٨ی هاتی ١

## یەسنە / هاتی (١٨)

(١)

((ئەشێم ڤەهوو...))

ئەی مەزدا...

شەهریاریی چاك و مەعنەویی تۆ، (شایانترین خەڵاتی ئارمانی لە سای ئەشەدا) هی ئەو کەسەیە کە لەناخی دڵەوە باشترین کردەوە ئەنجام دەدات. من خوازیاری هێنانەدیی ئەم ئاواتە پیرۆزەم.

(٢) تا (٧)

دووبارە بوونەوەی سەرجەم بڕگەکانی هاتی ٤٧ لەسەرەتای (سپەنتمەدگا) تا کۆتایی.

(٨)

{ڕاسپی:}

هەرکاتێك ئێمە چاکترین ئەندێشە و گوتە و کردارمان پێشکەشی ئەشە و سپەنتەمینو کرد، ئەوا مەزدا ئەهورای پیرۆز، جاویدانی و خاکەڕایی و شەهریاریی مەعنەویمان پێدەبەخشێت.

((ئەشێم ڤەهوو...))

ستایشی سپەنتمەدهات دەکەین[٨٥].

((یەنگهە هاتام...))

(٩)

دووبارەی بڕگەکانی ٧ و ٨ی هاتی ١٣

## هاتی (١٩) تا (٢١) = (بەغان یەشت)

### یەسنە / هاتی (١٩)

(١)

{زەوت:}

زەردەشت لە ئەهوورامەزدای پرسیی:

ئەی ئەهوورامەزدا... ئەی پیرۆزترین ڕۆح... ئەی خاوەنی ئەم جیهانە خاکییە... ئەی ئەشەڤەن... ئەو پەیڤە جوانە چی بوو کە خستتە دڵمەوە، ئەی ئەهوورامەزدای پیرۆز؟...

(٢)

بەرلە ئەفراندنی جیهان، ئاو، گیانداران، گیا، ئاگر، مرۆڤی ئەشەڤەن، درۆپەرستە لاسارەکان، سەرجەم ژیانی ئەم جیهانە و هەرواش پێش هەموو ئەفرێنراوە چاك و (ئەشەچیسرە)کان؟[٨٦]

(٣)

ئاهوورامەزدا فەرمووی:

ئەی زەردەشتی سپیتمان... ئەو پەیڤە، هەمان ((ئەهونەڤەیریە)) بوو کە خستمە دڵتەوە...

(٤)

بڕگەی دووەمی هاتی ١٩ (ئەم هاتە) دووبارە دەبێتەوە.

(٥)

ئەی زەردەشتی سپیتمان...

ئەم پەیڤە (ئەهونەڤەیریە) ئەگەر بێ هەڵە و بێ دواخستن بخوێنرێتەوە بەرامبەر بە سەد (هات)ی چاك و هەڵبژاردەیە، خۆ ئەگەر جیا لەكاتی خۆیدا خوێنرایەوە، ئەوا بەرامبەر بە دە (هات)ی دیكە كاریگەر دەبێت.

(٦)

ئەی سپیتمان زەردەشت...

ئەو كەسەی كە لەم جیهانەدا (ئەهونەڤەیریە) لەبەر بكات و بیخوێنێتەوە یا بە سروود بیڵێتەوە و ستایشی بكات، من (ئەهوورامەزدا) ڕۆحی بەسەر پردی (چین ڤەت)ەوە دەگەیەنمە بەهەشت، واتە چاكترین ژیان و چاكترین ئەشە و چاكترین ڕووناكایی.

(٧)

ئەی سپیتمان زەردەشت...

ئەو كەسەش كە (ئەهونەڤەیریە) بخوێنێتەوە و نیوەی یا بەشێكی لێ بپەڕێنێ، ئەوا منیش گیانی لە بەهەشت دوور دەخەمەوە بە پانتایی و درێژایی ئەم زەمینە، ئەم زەمینەش بەهەمان بارتەقای درێژایی، پانتاییشی هەیە.

(٨)

من، هەر لەسەرەتاوە ئەو پەیڤانەم هۆنینەوە كە (ئەهوو) و (ڕەتوو) لە نێویاندان، ئەویش پێش ئەفراندنی ئاسمان و ئاو و گیا و زەوی و ئاژەڵ و مرۆڤ و هەتاو، تەنانەت پێش ئەفراندنی ئەمشاسپەندانیش.

(٩)

لـەنێو ئـەو دوو مینۆیـەی سـەرەتادا، سـپەنتەمینو سەرتاسـەری خیلقـەتی ئەشـەی بە سـرووودی (شـیەئوت نەنەم ئەنگهـەئوش مـەزدایی) بۆ من هۆنییـەوە، خیلقەتی پاکی ئەشە کە هەبووەو هەیەو هەر دەشمێنێ(٨٧).

(١٠)

ئەم پەیڤەش لەنێو هەر هەموو پەیڤەکاندا کاراو کاریگەرترین پەیڤێکە کە تائێسـتا گـوتراوەو هۆنراوەتـەوە، ئـەم پەیڤـە کـارایی و کاریگەرییـەکی وای هەیـە ئەگەر هەموو مرۆڤی ئەم جیهانە خاکییە لەبەری بکەن و لەبەر بیلێینەوە، خۆیان لە مەرگ دوور دەخەنەوە.

(١١)

ئـەم پەیڤـەی ئێمـە هۆنراوەتـەوە، تـا هەریەکە لـە دروسـتکراوانی ئـەم جیهانـە لەسایەی چاکترین ئەشەدا فێری ببن و بیری لێ بکەنەوە.

(١٢)

((یەسە))دەڵێت کە (ئەهو) و (ڕەتو) زەردەشتیان ناسی

((ئەسا)) دەڵێت کە ئەهوورامەزدا لەیەکەم ئەندێشـەی سـەرجەم خیلقەتدا ئاوایە

((یەسە)) فێرمان دەکات کە ئەو لە هەمووان مەزنترە

((ئەسا)) دەڵێت کە هەموو ئافەرینش هی ئەوە

(١٣)

((وەنگهە ئوشە)) سێیەمین ڕاهێنانی دین دەهۆنێتەوە کە ژیانی چاك هی مەزدایە ((دەزدامەنەنگهو)) دەڵێت کە ئەو داهێنەرو ڕاهێنەری ڕەوشت و سروشتی چاکە ((شیەئوت نەنەم)) (ئەهوو)مان پێشان دەدات(٨٨).

**(١٤)**

وشـەی مـەزدا پێشـاندەری ئەوەیـە کـە ئـەو، هـی ئافەرینشـە، هـەروا کـە ئافەرینش هی ئەوە.

وشەی (خشەترەم ئەهوورایی) واتە ئەی مەزدا شەهریاری مینویی بۆ تۆیە.

وشـەکانی (دریگڤـەبیو ڤاسـتارێمە) بـۆ ئـەو کەسـانەن کـە لـە پەرسـتیاری و خەمخۆریی دەرویشاندا دۆست و هاوکاری سپیتمان زەردەشت بن[٨٩].

((یەسە ئەهوڤەیریە)) پێنج ڕاهێنانی دین لەخۆ دەگرێ

((یەسە ئەهوڤەیریە)) سەرتاسەر مەنسەرە و پەیڤی ئەهوورامەزدایە.

**(١٥)**

ئەهوورەمەزدای پیـرۆز (ئەهونەڤەیریـە)ی هۆنییـەوە، ئـەو خواوەنـدە مەزنـە سەرجەم خیلقەتی چاکی ئەفراند.

ئەهریمەن بێزار بوو... ئەهوورامەزدا دوور بەدوور بەو بەدسرشتەی گوت:

نە سرشت و نە ڕاهێنان و نە ئاوەزو نە بڕواو نەگوتە و نە کردارو نە دین و نە ڕۆحی ئێمە (ئەم دوو مینویە) هیچکات وەکوو یەك نابن و پێك نایەن.

**(١٦)**

ئەم فەرموودەیەی مەزدا سێ بەشە و ڕووبەڕووی چوار پیشە و پێنج جوامێر (ڕەتو) دەبێتەوە و بەداد و بەخشیشەوە دەگاتە ئەنجام.

- کامانەن سێ بەشەکەی ئەو فەرموودەیە؟
- بیری چاك، گوتەی چاك و کردەوەی چاك.

**(١٧)**

- کامەن ئەو چوار پیشەیە؟:
- ئاتۆربـان، ئەرتەشـتار، بەرزیگـەری ئاژەڵـدارو پیشەسـازی داهێنـەر[٩٠]،

هاریکاری هەموو ئەمانەش لە بیرکردنەوەی دروست و ڕاستگۆیی و کردەوەی چاکدا لەگەڵ مرۆڤی ئەشەڤەن و جوامێری ئایینناسدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە:
((بە کردەوەی چاکی خۆیان ئەم جیهانە بەرەو ئەشە پێشدەخەن))[٩١]

**(١٨)**

– کامانەن ئەو پێنج جوامێرە:

– خانە خوێ، کەیخودای گوند، شارەوان، شەهریار و پێنجەمینیشیان زەردەشتە.

.......... (ئەم بڕگەی سەرەوە بەجۆرێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە)

**(١٩)**

– بیری چاك چییە؟:

یەکەمین سرشتی پاك.

– گوتەی چاك چییە؟:

پەیڤی ڕاست و جوان.

– کردەوەی چاك چییە؟:

سروودی ستایش و ڕیز بۆ ئەوانیدی و ڕوانگەی پاك.

**(٢٠)**

مەزدا فەرمووی...

– بە کێی فەرموو؟:

بەئەشەڤەنی جیهانی و مینویی

– چیی گوت، لەو گوتەیەی کە خستیە دڵی ئەوەوە؟

چاکترین شەهریار

– بە کێ؟

بەو ئەشەڤەنە چاکەی کە لە دەسەڵاتدا سەرەڕۆ و دیکتاتۆر نەبێت.

(٢١)

((ئەهوونەڤەیریە...)) ستایش دەکەین

ستایشی ((ئەهونەڤەیریە)) دەکەین چ بەدەنگی بەرز بخوێنرێتەوە، چ بە نزم و چ بەگۆرانی گوترابێتەوە،

((یەنگهەهاتەم...))

## یەسنە / هاتی (٢٠)

(١)

ئەهوورامەزدا گوتی:

((ئەشێم ڤوهوو ئەهیشتەم ئەستی))[٩٢]

ئەمەش واتە چاکترین چاکە دەدرێتە ئەو، وەکوو دۆستێك بەدۆستێکی دی

((ڤوهووڤەهیشتەم ئەستی))

تا بەم چەشنە دین و ڕاهێنانەکانی دین بەکاربهێنێ.

(٢)

((ئوشتائەستی ئوشتائەهمایی *))

ئەم ڕستەیە دەری دەخات کەسەرتاسەری بەخششی ئەشە بۆ هەموو خوازیارانی ئەشەڤەنە

...... (هەمان بڕگە دووبارە دەبێتەوە)

**(٣)**

((هیەت ئەشایی ڤەهیشتایی ئەشێمە *))

ئەم پەیڤە ڕێنوێنێکە بۆ سەرتاسەری گوتەی پیرۆزکە مەنسەرە لە خۆی دەیگرێت.

راهێنانێکە کە:

ئەشە، لە شەهریاری مینوویی ئاهوراوەیە و ستایشکارانی دەگەنە ئەشە و سوشیانتەکان (ڕێبەرانی دینی) ئەشەیان پێدەبەخشن

ئەم سێ فەرمانە ئیزەدیە، واتە هەرهەموو گوتەی ((ئەشێم ڤەهوو...)) کەلامی نێردراو وگوتەی پیرۆزی ئاهوورامەزدای مەزنن.

**(٤)و(٥)**

........ بڕگەی ٢٠ و ٢١ی هاتی (١٩) دووبارە دەبێتەوە.

## یەسنە / هاتی (٢١)

(١)

پەیڤی ستایشی زەردەشتی ئەشەڤەن ئاوایە:
((یەنگهەهاتەم ئەئات یەسنی پەیتی *))
((یەنگهـە) ستایشـی مـەزدامان فێردەکـات، هـەروەك لـە دادو بەخششـی ئەهوورەدایە
(هاتـەم)) ئـەو ستایشـەمان فێردەکـات کـە بـۆ ژیـانی دانیشـتوانی جیهـان پێویستە.

(٢)

((یاڤەنگهەم)) لێرەدا ڕێ پێشاندەرە بۆ ستایشی ئەو ژنە ئەشەڤەنانە کە لە ستایشکردنی ئەمشاسپەنداندا سەرەتا ستایشی سپەندارمەز دەکەن[٩٣].
سێ فەرمانی ئیزەدی (سەرانسەری یەنگهە هاتەم) پەیڤی شایانی ستایشە
- ئەم ستایشە بۆکێ؟
بۆ ئەمشاسپەندان.

(٣)

ئینجا مەزدا فەرمووی:
بەختەوەریی، بۆ ئەو کەسەیە کە ئەوانیدی بەختەوەر دەکات
شەهریاری تاقانە (مەزدا ئەهوورە) ئاوا کەسێك بەختەوەر دەکات.

(٤)

مەزدا لەو فەرموودەیەدا چ پەیامێکی گەیاند؟

پەیامی بەختەوەریی گەیاند، پەیامی بەختەوەریی بۆ هەموو ئەو ئەشەڤانانەی کە هەبوون و هەن و دەشبن

پەیامی بەزەردەشتی چاکترین ئەشەڤەن گەیاند، بۆ بەختەوەریی خۆی و ئەشەڤەنەکانی دیکە.

**(٥)**

ستایشی ((یەنگهە هاتەم...)) دەکەین کە جوان و پاك هۆنراوەتەوە.

((یەنگهە هاتەم...))

## یەسنە / هاتی (٢٢)

(١)

((ئەشێم ڤەهوو...))

ئێستا بەرسەم و زەورمان داناون بۆ ستایشی ئەهوورەمەزدای داداری مەزن و پیرۆزو ئەمشاسپەندەکانی دیکە.

خوازیاری ستایشی ئەو هەومەین کە بە ئایینی ئەشە دانراوە،

خوازیاری ستایشی ئەو شیرە پاکەین کە بە ئایینی ئەشە دانراوە،

خوازیاری ستایشی ئەو گیای (هەزانە ئێپەتا)یەین کە بە ئایینی ئەشە دانراوە[٩٤].

(٢)

وێڕای ئاوە زوڵاڵەکان، خوازیاری ستایشی ئەم زەورەین کە ئاوێتەی هەوم و شیرو هەزانەئێپەتا بووە، بەپێی ئایینی ئەشە بەم ئاوە زوڵاڵانە خوازیاری ستایشی ئاوی هەومین،

(هاوەن) بەرەبەیانی پیرۆزو سەنگینیشە.

(٣)

خوازیاری ستایشین بۆ ئەم گیای (بەرسەم)ە و پەیوەستبوونی بە شادمانیی ڕێبەرانی ئایین و فێرکاریی و پەیرەوکردنی دینی مەزداپەرستی و هۆنینەوەی گاتاکان...

ئەی ئازەری ئەهوورامەزدا، ستایشی تۆ و داهێنراوە چاك و ئەشەنەژادەکانی دیکە دەکەین.

**(٤)**

شادمانی و ڕەزامەندیی و خۆشنوودیی بۆ ئەهوورامەزدا و ئەمشاسپەندان و سرشتی پارێزکارو ئازەری مەزدایی و جوامێرانی ئەشەڤەن.

**(٥) تا (١٩)**

دووبارە بڕگەکانی ٥ تا ١٩ی هاتی (٣)

**(٢٠) تا (٢٢)**

دووبارەی بڕگەکانی ١ تا ٣ی هەمات هات (٣)

**(٢٣) تا (٢٧)**

دووبارەی بڕگەکانی ٨ تا ١٢ی هاتی دەسپێك

## یەسنە / هاتی (٢٣)

**(١)**

{زەوت:}

....................

لەبڕگەی ١ تا دوایین بڕگە (٥)

دووبارەبوونەوەی بڕگەکانی کۆتایی هاتی (٣)یە، تەنیا جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە کە لێرەدا ناوەکان گۆڕدراون و ناوی کەسانێکی وەکوو: کەیومەرز ـ سپیتمان ـ کەی گشتاسپ ـ ئیسەت ڤاسترەی کوڕی زەردەشت و.... هاتووە و ستایشی ڕۆحیان کراوە.

## یەسنە / هاتی (٢٤)

**(١)**

{زەوت و ڕاسپی:}
ئاراستەی ئەهوورامەزدا دەکەین ئەم هەوم و میەزد و زەورو بەرسەم و شیرو گیای هەزانەئێپەتای پیرۆز کە بەپێی ئایینی ئەشە دانراون.

**(٢) تا (٦)**

دووبارەی بڕگەکانی ١ تا ٣ی هاتی ٢٢
**(٧) تا (٨)**

دووبارەی بڕگەکانی ٢ و ٣ی هەمان هات

**(٩)**

ئەمشاسپەندان، شەهریارانی چاك و پاکسرشت و جاویدان و هەمیشە پاداشبەخش کە بەسرشت و ڕەوشتی پاك دەژین و هەروا‌ش ئەمشاسپەندانی پیرۆزی ئافرەت.

**(١٠) تا (١٢)**

دووبارەی بڕگەکانی ٥ تا ٧ی هاتی (٤)

**(١٣) تا (٢٧)**

دووبارەی بڕگەکانی ٨ تا ٢٢ی هاتی (٤)

**(٢٨) تا (٣٢)**

دووبارەی بڕگەکانی ٨ تا ١٢ی دەسپێکی یەسنا

**(٣٣) تا (٣٤)**

دووبارەی بڕگەکانی ٢ تا ٤ی هاتی (٤)

## یەسنە / هاتی (٣٥)

**(١) تا (٣)**

...........

دووبارەی بڕگەکانی ١ تا ٣ی هاتی (٢٢)

**(٤) تا (٧)**

دووبارەی بڕگەکانی ٢٣ تا ٢٦ی هاتی (٢٢)

**(٨)**

ستایش بۆسەرجەم ئیزەدە ئەشەڤەنە مینوییەکان
ستایش بۆ سەرجەم ئیزەدە ئەشەڤەنە جیهانییەکان.

## یەسنە / هاتی (٢٦)

(١)

...............

دووبارەی بڕگەی ١٨ی هاتی (١٧)

(٢)

نووکە لەناو سەرجەم ڕۆحەکاندا، ستایشی ڕۆحی یەزدان دەکەین کە مەزنترین و چاکترین و جوانترین و ڕازاوەترین و پیرۆزترین و هێژاترین ڕۆحەکانە.

(٣)

ستایشی ڕۆحی پیرۆزو بەتوانای شوێنکەوتووانی ئەشە دەکەین.

ستایشی ڕۆحی ئەمشاسپەندان دەکەین، ئەو تیژبینە مەزن و دلێرە ئاهوورابیانەی کە هێژا و جاویدانن.

(٤)

نووکە ستایشی گیان و دین و ڕەوشت و ڕۆح و سرشتی مامۆستا و فێرکارەکانی دین و ئەو ئافرەت و پیاوە ئەشەنەژادانە دەکەین کە بوونەتە هۆی گەشە و سەرکەوتنی ئەشە.

ستایشی (گەئوشەئورڤەنە)ی پاکسرشت دەکەین[٩٥]،

(٥)

.............

دووبارەی بڕگەکانی هاتی (٢٣)

(٦)

.............

دووبارەی بڕگەی ٤ی هەمان هات.

(٧)

ئێستا ستایشی گیانی پێشینانمان دەکەین،
ستایشی ڕۆحی شوێنکەوتووانی ئەشە،
ستایشی سەرجەم بابوباپیران و پێشینانی ئەم خانەدانە بە فێرکارو فێرخوازەوە، چ ژنی ئەشەڤەن و چ پیاوی ئەشەڤەن.

(٨)

.......

دووبارەی هەمان بڕگەی (٧)

(٩)

ستایشی ڕۆحی هەموو ئەو منداڵانە دەکەین کە لە دایکوباوکی ئەشەڤەنن،
ستایشی ڕۆحی هەموو ئەشەڤەنەکانی ناوەوەی وڵات دەکەین،
ستایشی ڕۆحی هەموو ئەشەڤەنەکانی دەرەوەی وڵات دەکەین.

(١٠)و(١١)

.............

دووبارەی بڕگەکانی ٨ی هاتی (٢٦) و (٢٤)ی هاتی (٣)

## یەسنە / هاتی (٢٧)

**(١)**

ئێستا ئاهوورامەزدای مەزن بە دۆست و گەورەی خۆمان هەڵدەبژێرین، تا ئەهریمەنی بەدکار لەنێوبەرین، تا دێوی تووڕەیی و ڕقی خوێناوی لەنێوبەرین... تا دێوەکانی مەزەندەری و سەرجەم دێو و درۆپەرستەکانی (وەڕێنە) نابووت بکەین[٩٦].

**(٢)**

تا ئەهوورامەزدای مەزن و خاوەنشکۆ و پیرۆز بناسین،
تا ئەمشاسپەندە پایەبەرزەکان بناسین
تا ئەستێرەی شکۆمەندی تێشتەری ڕووناکیبەخش، بناسین[٩٧].
تا مرۆڤی ئەشەڤەن و پایەبڵند بناسین،
تا سەرجەم دروستکراوانی ئەشەڤەنی سپەنتەمینوی مەزن بناسین.

**(٣)**

((یەسە ئەهو ڤەیریە....))

**(٤)**

ئەی مەزدای پیرۆز... چاکترین گوتە و کردەم پیشان بدە تا بە ڕاستیو دروستی لە سایەی ئەشەدا بە سرشتی پاك و ڕەوشتی چاك و ئازادیی ڕۆحم ستایشت بکەم

ئەی ئەهوورەی مەزن... بە شەهریاریی و گەورەیی مینوویی و بە ڕەزامەندیی خۆت ژیانێکی نوێ و تەژی لە ئەشە و ڕاستی و دروستیمان پێ ببەخشە[٩٨].

(٥)

ئەی (ئەیریەمەن)[٩٩]ی هێژا...

وەرە بۆ یارمەتیی ژن و پیاوانی زەردەشتی... بۆ یارمەتیی ڕەوشتی چاك و ئەو ئایینە پیرۆزەی کە شایانی ڕێزو حورمەتە.

خوازیاری دادو بەخششی ئارمانیی ئەشەم کە ئەهوورامەزدا بەخشیویەتی ((ئەشێم ڤەهوو...))

(٦)

هەومی بەتواناو پیرۆزی مەزدایی، ئەو سەروەرە ئەشەڤەنە، ئەو ئەشەنەژادە پاڵفتەیەو سرووشتی چاك کە تێکەڵی ئەشەی هێژایە، دەبێ بۆ هەمیشە لەم مەڵبەندەدا بە چالاکی بمێننەوە.

(٧)

ئێمە، خۆمان ڕادێنین لەسەر (ئەهونەڤەئیریە)ی پیرۆزی (ئەوپەنگهاو)[١٠٠]ی هۆنراو... هاوەنی بەپێی ئایینی ئەشە دانراوو قسەی ڕاستی و دروستی گوتراوە، تا بەم شێوەیە هێژاو پیرۆزتر ڕایان بگرین.

(٨)

ئەی ئەهوورەمەزدای مەزن...

ئەی بەتواناترین... ئەی ئارمەیتی... ئەی ئەشەی جیهان ئەفزا... ئەی سرشتی چاك... ئەی شەهریاری مینوویی...[١٠١]. ئەم پەسن و ستایش و سکاڵایەم ببیستە و کاتێ پاداشتی چاکەکان دەدەیتەوە بەمنیشی ببەخشە.

(٩)

ئەی ئەهوورا...

خۆتم پێ بنوێنە و لە سایەی ئارمەیتیدا هێزو توانایی پێ ببەخشە

ئەی مەزدا...

لە پاداشتی ستایشەکانمدا: لە پیرۆزترین ڕۆح، چاکە و لە ئەشە، توانایی و هێزو لە سرشتی چاك، سەروەریم پێ ببەخشە.

(١٠)

ئەی ئەهوورەی بینا...

بۆ کامەرانی و ئاسایشی گیانم، داد و بەخشندەیی بێهاوتای خۆتم پێ بنوێنە کە لە شەهریاریی مینویی و سرشتی چاکەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەی سپەندارمەز....

ئەم دینەم بە یارمەتیی ئەشە گەشە پێبدە و ڕووناکایی پێ ببەخشە.

(١١)

ئێستا زەردەشت هەموو جەستە و گیان و سرشتی چاکی خۆی وەکوو نیازێك پێشکەشی مەزدا دەکات و گوتە و کردار و دڵئاگایی و گوڕ و توانایی خۆی ئاراستەی ئەشە دەکات[١٠٢].

(١٢) تا (١٤)

دووبارەی هاتی (١) بڕگەی ٢٣

(١٥)

ستایشی ئەهونەڤەیریە) دەکەین،

ستایشی ئۆردیبەهەشت (جوانترینی ئەمشاسپەندەکان) دەکەین،

((یەنگهە هاتام...)).

# هاتی (٣٥ تا ٤٢) {حەوت هات}[١٠٣]

## یەسنە / هاتی (٣٥)

(١)

{زەوت:}

ستایشی ئەهوورامەزدای ئەشەڤەن، سەروەری ئەشەڤەنی دەکەین،
ستایشی ئەمشاسپەندان، پێشەوای چاکەخوازەکان
ستایشی سەرتاسەر (بوون)ی ئەشەڤەنی مینوویی و جیهانی خاکی دەکەین،
بە فەرمانی ئەشەی پیرۆز... بە فەرمانی دینی چاکی مەزداپەرستی
{ڕاسپی:}
ئەهوورەمەزدای پیرۆز...
...... دووبارەبوونەوەی ڕستەکانی سەرەوە.

(٢)

{زەوت:}

((هوەمەتنەم...)) درووود دەنێرین بۆ بیری چاك، گوتەی چاك و کردەی چاك کە لێرە و لە هەموو شوێنێك ئەنجام دراون و ئەنجامیش دەدرێن... خۆیشمان بەدڵ و گیان، بە چاکە و بۆ چاکیی تێدەکۆشین.

(٣)

ئەی ئەهوورامەزدای پیرۆز...
ئەی ئۆردیبەهەشتی جوان...
بۆ خۆمان ئەم ڕێبازە هەڵدەبژێرین:
ئەو بیرو گوتەو کردارە چاکە پەیڕەو دەکەین کە چاکترین ڕەوشتی هەردوو جیهانن.

(٤)

بۆ پاداشتی ئەو جیهان، چاکترین ڕەوشت دەڵێینەوە، بۆ زاناو بۆ نەزان، بۆ پاشاو بۆ هاووڵاتی، تا جیهان ئاوەدان بکەینەوەو ئارامیی و ئاسایشی پێ ببەخشن.

(٥)

لەڕاستیدا شەریاری و سەروەری بەهیی کەسێك دەزانین و بۆ کەسێك بە ڕەوای دەزانین کە بە چاکترین شێوەی ڕاست و دروست شەهریاریی بکات: مەزدائەهوورەو ئۆردیبەهەشت.

(٦)

هەر مرۆڤێك: هەر شتێکی بە ڕاست و دروست زانی، لەسەریەتی خۆی لە ژیاندا بەکاری بهێنێت و ئەوانیدیش لەسەری ڕابهێنێ، تا بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەن.

(٧)

ئێستا ئێوە بەچاك و چاکتر دەژمێرین:
پەسن و ستایش بۆ ئەهوورامەزداو ئاوەدانیی جیهان
هەنووکە خۆمان ئەو رەوشتە چاکە پەیڕەو دەکەین و فێری دیترانیشی دەکەین، تابتوانین ئەوانیش وشیارو ئاگادار بکەینەوە.

(٨)

بە سالاریی و دۆستایەتی و یاوەریی ئەشە، هەموو ئافراوێکی چاك ببێتە خاوەنی چاکترین پاداشتی هەردوو جیهان.

(٩)

ئەم فەرموودە پیرۆزەی ئەهوورامزەدا بە چاکترین شێوازو ڕەوشت پەرە پێدەدەین و تۆیش (ئەی زەردەشت) بە هۆنیارو مامۆستای ڕاهێنەری دەزانین.

(١٠)

ئەی ئەهوورامەزدای پیرۆز...

سرودێکی پتر لەوانەی پێشوو... دروودێکی پتر لەوانەی پێشوو... ستایشێکی پتر لەوانەی پێشوو بۆ ئەردیبەهەشت و بەهمەن و شەهریوەری چاك و پیرۆز.

(یەنگهە هاتام...))

## یەسنە / هاتی (٣٦)

**(١)**

ئەی مەزدائەهوورەی پیرۆز...
بە بژیوانیی ئاگرو بە یاوەریی سپەندمینووی تۆ، لێت نزیك دەكەوینەوە،
ئاگر، ئازار بە كەسێك دەگەیەنێ كە تۆ خوازیاری ئێش و ئازاری بووبیت.

**(٢)**

ئەی ئاگری ئەهوورامەزدا...
بە باشترین شێوە بەرەو لامان وەرە
بە ئارامبەخشترین شادمانی... بە شایانترین سروود... لەكاتی تەنگانە و پێویستیدا روومان تێبكە.

**(٣)**

ئەی ئازەر...
تۆ مایەی ڕەزامەندیی ئەهوورەمەزدایت، هەروەكوو سپەنتەمینۆ
تۆ مایەی شادكامیی مەزدایت، بە كاریگەرترین ناوێكەوە كە هەتە،
ئەی ئازەری مەزدائەهوورە...
لە تۆ نزیك دەكەوینەوە.

**(٤)**

**بە بیری چاك... بە ڕەوشتی دروست، بەگوتە و کردەی زانایانەی چاك لێت نزیك دەبینەوە.**

**(٥)**

**ئەی ئەهوورامەزدا...**
**نوێژ بۆ تۆ دەکەین و سوپاس و ستایشی تۆ دەکەین،**
**بە هەموو بیری چاك و گوتەی چاك و کردەی چاکمانەوە لێت نزیك دەبینەوە.**

**(٦)**

**ئەی مەزدا ئەهوورە...**
**جوانترین پەیکەری نێو سەرجەم پەیکەرەکان بە هیی تۆ دەزانین:**
**ئەو پایەبڵندترین ڕووناکیەی جیهانی سەرەوە کە هەتاوی پێدەڵێن.**
**((یەنگهەهاتام...))**

## یەسنە / هاتی (٣٧)

**(١) تا (٥)**

{زەوت:}

ئێستا ستایشی ئەهوورامەزدا دەکەین

..............

دووبارەبوونەوەی سەرجەم بڕگەکانی (١ تا ٥)ی هاتی (٥)

## یەسنە / هاتی (٣٨)

**(١)**

ئێستا ستایش بۆ زەوی دەنێرین کە ئێمەی لەخۆ گرتووە،
ئەی ئەهوورامەزدا...
ستایشی ژنان دەکەین... ئەو ژنانەی لە تۆ نزیکن و لە چاکترین ئەشە بەهرەمەندن.

**(٢)**

بە شۆرو تاسەی دینی... بە چالاکیی، وشیاریی و دینی پاکەوە ستایشی پاداشتی چاك و ئاواتی چاك و هەرزانی و فراوانیی چاك و ناوی چاك و بەخششی چاك دەکەین.

**(٣)**

ئێستا شتایشی ئاوەکان دەکەین... ئەو ئاوە زوڵاڵ و پاکە ئاهوورایینانەی کە دڵۆپ دڵۆپ دارِژاون و کۆبوونەتەوە و لە جۆبارەکاندا ڕەوان بوون.
ئەی ئاوە زوڵاڵەکان...
ستایشی ئێوە دەکەین کە بەجوانی، ڕەوان بوون و بەجوانی شیاوی مەلەوانین و بەجوانییش شایستەی شۆردن و خاوێنکردنەوەن و هۆی ئاوەدانی و بەخشندەیی هەردوو جیهانن.

**(٤)**

ئێستا بەو ناوانەوە کە ئەهوورامەزدای ژیانبەخش لەسەر ئێوە (ئاوەکان)ی ناوە، ستایشتان دەکەین، بەو ناوانەوە خوازیاری دۆستایەتیتانین، بەو ناوانەوە نوێژ دەکەین و بەو ناوانەشەوە سوپاستان دەکەین.

**(٥)**

ئەی ئاوە سەررپێژەکان...

داوای یارمەتیتان لێدەکەین... لە ئێوە کە وەکوو دایك وان، لە ئێوە کە وەکوو مانگای بەشیر دەبنە بەرپرسیاری هەژاران... لە ئێوە کە لە هەر هەموو خواردنەوەکان چاکتر و خۆشترن، خوازیارین تا ئێوەی چاك و زوڵاڵ بە بەخششێکی هێژاو یەزدانی بگەنە لامان، تا لەم تەنگانەیەدا پاداشتمان بدەنەوە و یارمەتیمان بدەن... ئێوە ئەی دایکانی هەمیشە زیندوو.

((یەنگهە هاتام...))

## یەسنە / هاتی (٣٩)

(١)

بەم چەشنە ستایشی (گەئوش ئەورڤەنە) و (گێئوش تەشەنە) و گیانی خۆمان و ئاژەڵەکانیش دەکەین کە مایەی ژیانمانن... کە بۆ ئێمەن و لە پێناو بەختەوەریماندان[١٠٤].

(٢)

ستایشی گیانی گیانلەبەرە سوودمەندەکانی دەشت و دەر دەکەین.

ئێستا ستایشی گیانی ژنان و پیاوانی ئەشەڤەن دەکەین، لە هەر شوێنێك لەدایك دەبن... ئەو ژن و پیاوە چاکانەی کە دینی چاکیان بۆ سەرکەوتنی ئەشە تێکۆشاوە و تێدەکۆشێن.

(٣)

ستایشی هەموو (نێر و مێ)یە چاکەکان دەکەین: ئەمشاسپەندانی هەمیشە زیندووو هەمیشە بەخشندە لە ژن و لە پیاو کە هەردەم بە سرشتی پاك دەژین.

(٤)

ئەی ئەهوورامەزدای پیرۆز...

هەر بەو جۆرەی کەخۆت چاك بیرت کردەوە و بە چاکە جووڵایتەوە، ئێمەش بیر و گوتە و کرداری چاکی خۆمان ئاراستەی ئاستانەی پیرۆزت دەکەین، هەروا ستایشت دەکەین و نوێژت بۆ دەکەین و سوپاست دەکەین.

بە یاریدەی هاوپەیوەندیی چاك لەگەڵ ئەشە... بە پاداشتی ئەشە و بە پارێزگاریی چاکەوە ڕووت لێدەکەین.

((یەنگهە هاتام...))

## یەسنە / هاتی (٤٠)

(١)

ئەی مەزدائەهوورە...
ئێستا بە وەبیرهێنانەوەی ئەو پاداشتە، ئاواتی ئێمە بەجێبێنە
ئەی مەزدەئەهوورە...
ئەوەی تۆ فەرمانت داوە و ئەمرت لەسەر کردووە، پاداشتی دینداریی ئێمەیە.

(٢)

ئەم پاداشتەش هەر تۆ پێت بەخشیوین، تا لەم ژیانە و لە ژیانی جیهانی مەعنەویشدا بۆ تاهەتایە نزیکی تۆ و ئەشە بین.

(٣)

ئەی مەزدائەهوورە...
بە حیکمەتی خۆت وابکە تا سەربازو جەنگاوەرەکان ڕوو لە ئەشە بکەن و پەیجۆری ئەشە بن و وەرزێرە تێکۆشەرەکانیش بەیەکگرتوویی و چالاك و بەگوڕ بهێڵەوە تا هاودەم و هاودەنگی ئاتوربانەکان بن.

(٤)

ئەی مەزدا ئەهوورە...
خوازیارین خزمان و هاوکاران و یاوەران و ئەوانەش کە نزیکی تۆن و ئێمە لەگەڵیاندا تەباین، بە هیی تۆ بژمێردرێن و خوازیارین ئێمەش لەو پاکانە بین کە ئارەزووی هەرچییەك بکەین، پێمان ببەخشی.
((یەنگهە هاتام...))

## یەسنە / هاتی (٤١)

(١)

سـروود و درود و سـەنا و ستایشـەکانی خۆمـان ئاراسـتەی ئاسـتانەی ئەهوورامـەزدا و ئەردیبەهەشـت دەکـەین و هەرئـەوانیش بـە شـیاو و شایسـتە و سزاواریان دەزانین.

(٢)

ئەی ئەهوورامەزدا... ئەی چاکترین و پیرۆزترین (بوون)...
خوازیارین هەردەم لە شەهریاریی پیرۆزی تۆ بەهرەمەند بین،
خوازیارین لە هەردوو جیهاندا خێر و چاکە بەسەرماندا فەرمانڕەوایی بکات.

(٣)

ئەی پیرۆزترین (بوون).
تۆ بە پیرۆز و مەزن و یەزدانی خاوەن ئەشە دەزانین،
خوازیارین لە هەردوو جیهاندا پارێزەری جەستە و گیانمان بێت.

(٤)

ئەی مەزدا... ئەی پیرۆزترین (بوون)...
خوازیارین لە پەنا و پشتیوانیی هەتاهەتایی تۆ بەهرەمەند بین،
خوازیـارین لـە پـەنای تـۆدا کامـەران و بـەهێز بـین و هـەروەك چـۆن ئـارەزوو دەکەین، ئاوا لە پەنای خۆت بمانپارێزی.

**(٥)**

ئەی مەزدائەهوورا...

بە سرووودخوێن و پەیامهێنی تۆ ناسراوین و بە دڵ و بە گیان قبووڵمان کرد و بەو پاداشتەش دڵخۆشین کە مزگێنیت داوە بە دیندارانی وەکوو خۆمان.

**(٦)**

...........

دووبارەی بڕگەی ٢ی هاتی (٤٠)

**(٧)**

((یەنگهە هاتام...))

...................

دووبارەی بڕگەی ٢ی هاتی (٣٥)

## يەسنە / هاتی (٤٢)

(١)

{زەوت و ڕاسپی}:
ئەی ئەمشاسپەندە پیرۆزەکان...
ستایشی سەرجەم بڕگەکانی (هەپتەهایتی) دەکەین،
ستایشی ئاوی سەرچاوەکان دەکەین،
ستایشی ئاوی گوزەرگەکان دەکەین،
ستایشی پێکەوەبەستراویی ڕێگاکان دەکەین،
ستایشی پێکگەیشتنی ڕێگاکان دەکەین.

(٢)

ستایشی ئەو خاکانە دەکەین، ئاویان لێ هەڵدەقوڵێ.
ستایشی دەریاچە پڕئاوەکان دەکەین،
ستایشی کێڵگە پڕپیتەکانی گەنم دەکەین،
ستایشی داهێنەری دادارو پارێزەر دەکەین،
ستایشی مەزداو زەردەشت دەکەین.

(٣)

ستایشی زەوی و ئاسمان دەکەین،
ستایشی (با)ی بەگوڕی مەزدا دەکەین،
ستایشی لووتکەی کێوی ئەلبورز دەکەین،
ستایشی زەوی و هەموو شتە چاکەکانی دەکەین.

(٤)

ڕۆح و سرشتی چاکی سەرجەم ئەشەڤەنەکان ستایش دەکەین،
ستایشی ماسیی (واسیی) (پەنجاسەدوەرا) دەکەین،
ستایشی (خەرە)ی پاك دەکەین کە لەنێوەڕاستی دەریای (فەراخکەرت)دا وەستاوە[١٠٥].
ستایشی دەریای فەراخکەرت دەکەین.

(٥)

ستایشی هەومی زێڕینی پڕکەرامەت دەکەین،
..... هەومی جیهان ئەفزا
..... هەومی مەرگتارێن.

(٦)

ستایشی ئاوی ڕەوان و باڵندە چاکەکان دەکەین،
ستایشی گەڕانەوەی ئاگربانەکان دەکەین... ئەوانەی چوونەتە سەر زەوی و وڵاتە دوورەکان بۆ گەشەپێدانی ڕاهێنانەکانی ئەشە،
ستایشی سەرجەم ئەمشاسپەندەکان دەکەین.
((یەنگهە هاتام...)).

## یەسنە / هاتی (٥٢)...[١٠٦]

(١)

{زەوت و ڕاسپی:}

((یەسە ئەهوڤەئیریو...))

{زەوت:}

خوازیاری هەرچییەکی چاك و چاکترم بۆ سەرتاسەری ئەفراندنەکانی ئەشە کە هەبوون و هەن و دەشبن.

ئەشەی بەخشندەی پیرۆزی تاهەتایی بەخواستی خۆی یاریدەمان دەدات و ئارەزووەکان دێنێتەجێ.

(٢)

ئەشی لەسەرجەم ئەو دەرمانانە بەهرەمەندە کە لە نێو ئاوو گیاکان و گیاندارەکاندایە... هەر ئەویشە کە دەتوانێ شەڕوشۆڕی دێو و خەڵکانی درۆپەرست تێکبشکێنێ کە بۆ زیانی ئەم ماڵە و خاوخێزانەکەی بەرپای دەکەن.

(٣)

با بە هۆی بەخشش و پاداشتی چاکەوە... چاکەی پێشین و چاکەی دواییینیش کە سەرکەوتنی هەمیشەیی دەبەخشێت، لە گەورەترین و چاکترین و جوانترین پاداشت بەهرەمەند بین.

**(٤)**

پەسن و ستایش بۆ ئەمشاسپەندان دەنێرین... خۆشنوودیی و ڕەزامەندییان وەدەست دەهێنین تا ئەم خاوخێزانە و سەرتاسەری ئەفراندنی ئەشە بپارێزن و سەرتاسەری دنیای درۆش تێك بڕوخێنین.

ئەی ئەشە....

دروود و ستایش دەنێرین بۆ مەزدا کە چاکەخوازی سەرجەم ئافرانە.

**(٥) تا (٨)**

............

دووبارەی بڕگەکانی ٥ تا ٨ی هاتی (٨)

## يەسنە / هاتی (٥٤)

**(١)**

{زەوت و ڕاسپی:}
ئەی ئەیریەمەنی هێژا....
رووبکەرە ئێرە، بۆ پاڵپشتی و یاریدەی ژنان و پیاوانی زەردەشتی، بۆ یاریدەی سرشتی چاك و ئەو دینەی کەشایانی گرانبەهاییترین پاداشتە.
خوازیاری بەخششی ئارمانیی ئەشەم کەئەهوورامەزدا خاوەنیەتی و دەیبەخشێت
((ئەشێم ڤەهوو...))

**(٢)**

ستایشی نوێژی (ئەیریەمەن ئیشیە) دەکەین، ئەو نوێژە پیرۆزو بە توانا و دوژمنشکێنە کە لەناو گوتەکانی ئەشەدا مەزنترینیانە.
((گات))ە پاکەکان، ئەو سەروەرە ئەشەڤەنانە ستایش دەکەین
ستایشی (ستەئوتەیەسنیە) دەکەین کە یەکەمین یاسا و دادی جیهانە(١٠٧).

## یەسنە / هاتی (٥٥)

**(١)**

{زەوت:}

سەرتاسەری (بوون)ی خۆمان: جەستە و ئێسك و گیان و بۆن و ڕەوان و هێز و گوڕ و ڕۆحمان دێنینە پێشگا...

هەموو ئەمانە شایانی پێشگای (گات)ە ئەشەڤەنەکان دەزانین وئاراستەیان دەکەین

**(٢)**

(گاتا)کـان، پـەنا و پـارێزەر و خـۆراکی ڕۆحی ئێمـەن... ڕەوان و خـۆراك و پۆشاکمانن

(گاتا)کان، پەنا و پایەداریمان پێدەبەخشن... ڕەوان و خۆراك و پۆشاکمانن

خوازیـارین کـە (گاتا)کـان لـەو دنیـای دیکـەدا و پـاش لێـك جیابوونـەوەی جەستە و گیان، پاداشتی چاك و مەزنی ئەشەمان پێ ببەخشن.

**(٣)**

خوازیـــارین ڕوومـــان تێبکـــەن: بـــەهێزەوە... بەتەندروســـتی، بەدەرمان...بەفرەوانی... بەگەشە، بەلێبوردەیی و یاوەری و چاکەخوازی و ئەشە و جـوامێری و بەخشـندەیی و مەزنایەتیـەوە... ئـەو (سـتەئوت یەسـنیە)گەلەی کەمـەزدای پیـرۆز و بـەتوانا بـەپیرۆزی و هێـزی جیهـان ئـەفزاوە ئەفرانـدنی، بـۆ پاسـەوانیی جیهـانی ئەشـە... بـۆ یـاروەریی پاداشـتکراوان و پاداشـت بەخشـان و سەرتاسەری ڕاهێنانەکانی ئەشە.

(٤)

هەر ئەشەڤەنێك بەم نوێژە تایبەتەی سەروەرانەوە، بەداوای لێبوردنەوە بگاتە ئاستانەی پیرۆزی تۆ، حەزرەتی بەخشندەت دەیگەیەنێتە لووتکەکانی بیری چاك و گوتەی چاك و كردەی چاك لەبەهەشتدا.

(٥)

ستایشی ئەشەو سرشتی چاکە دەکەین
ستایشی (گاتا) ئەشەڤەنەکان، پێشەوایانی شەهریار دەکەین.

(٦)

ستایشی ستەئوت یەسنیە دەکەین کەیەکەمین ئاییینی ئەم جیهانەیە... کەژمێردراوە... دووچەندان گوتراوەتەوە... راهێنانەکانی لەسەر کراوە... گەشەی پێدراوە... لەبەر گوتراوەتەوە... ستایش کراوە و جیهان و بوون بەخواستی خۆی نوێ دەکاتەوە.

(٧)

بەشی ستەئوت یەسنیە ستایش دەکەین:
ستەئوت یەسنیە کەلەبەر گوتراوەتەوە... بەئاواز هۆنراوەتەوە... بەدەنگی بەرز خوێنراوەتەوە و ستایش کراوە.
((یەنگهە هاتام...))

## يەسنە / هاتی (٥٦)

(١)

خوازیارین کە (سرووش) لێرە ئامادەبێت بۆ ستایشی ئەهوورامەزدا، مەزنترین و بەتواناترین ئەشەڤەنێك کەدەیپەرستین چ لەسەرەتاو چ سەرەنجامیش[١٠٨]

..........

دووبارەی هەمان بڕگە.

(٢)

خوازیارین سرووش لێرە ئامادە بێت بۆ ستایشی ئاوە پاکەکان و ڕۆحی ئەو ئەشەڤەنانەی کەستایشکراوی ڕۆحی ئێمەن هەرلەسەرتاوە تا سەرەنجام.

..........

دووبارەی هەمان بڕگە

(٣)

خوازیارین سرووش لێرە ئامادەبێت بۆ ستایشی ئاوە چاکەکان و ئەمشاسپەندانی چاك، ئەو سەروەرە پاك سرشتانە.. بۆ ستایشی پاداشتی چاکە، کەشیاوی ئەشەڤەنیی ئێمەیە و پێمان دەبەخشرێت.

...........

دووپاتی هەمان بڕگەی پێشوو.

**(٤)**

**........**

**دووبارەوەی هەمان دوو بڕگەی پێشوو.**

**(٥)**

**{زەوت و ڕاسپی:}**

**((یەسە ئەهوڤەئیریو...))**

**((ئەشێم ڤەهوو...))**

**ستایشـی سروشـی پـاکی بـەتوانای جیهـان ئـەفزاو سـەروەری ئەشـەڤەنی دیکەین.**

**((یەنگهە هاتام...))**

## یەسنە / هاتی (٥٧)

## (سروش یەشتی ئێوارە)[١٠٩]

(١)

{زەوت و ڕاسپی}:

((ئەشێم ڤەهوو...))

پەسـن و سـتایش و سـکاڵا و درووود بـۆ خۆشـنوودی سرووشـی ئەشـەڤەنی دلێری (تەن مەنسەرە)ی پڕچەك و بەهێزی ئاهوورامەزدا[١١٠]

{زەوت:}

((یەسە ئەهوڤەئیریو...)) کەزەوت پێی بڵێت

{ڕاسپی:}

...... دووبارەی هەمان بڕگەی سەرەوە

{زەوت:}

((ئەسارەتوش ئەشەئەت چیەت هەچا...)) کە مرۆڤی زانا و پارێزکار بیڵێت.

## کردەی یەکەم[١١١]

**(٢)**

{زەوت و ڕاسپی:}
ستایشی سروشی پارێزکارو بەتواناو جیهان ئەفزای ئەشەڤەن دەکەین
{زەوت:}
یەکەمین کەس لەناو سەرجەم دروستکراوەکانی مەزدادا لەپاڵ بەرسەمی ئامادەکراودا، ستایشی ئەهوورامەزداو ئەمشاسپەندان و پاسەوان و داهێنەرێکی کرد کەسەرتاسەری خیلقەت داهێنراوی ئەوە.

**(٣)**

((ئەهێ رەیە...)):
بۆ شکۆو شۆڵەی... بۆ هێزو سەرکەوتوویی... بۆ یەزدان پەرستی... بۆ نوێژێکی بەدەنگی بەرزو بەهۆی زەورەوە ستایشی دەکەین، ستایشی ئەو سرشتە پارێزکارەو ئەشەی چاك و (نەریوسەنگ)ی بەتوانا دەکەین[١١٢]
بەڵکوو سروشی پاك و سەرکەوتوویی ئەشەڤەن بە هانامانەوە بێت

**(٤)**

ستایشی سرووشی پارێزکار، سەروەری مەزن دەکەین
ستایشی ئەهوورەمەزدا دەکەین، کەلە ئەشەڤەنیدا تاقانەو بێوێنەیە
ستایشی سەرجەم سروودەکانی زەردەشت و سەرجەم رەوشتە چاکەکانی دەکەین، ئەوانەی کەئاشکرا بوون و ئەنجام دراون و ئەوانەیشی کەئاشکرادەبن و ئەنجام دەدرێن.

## كردەی دووەم

**(٥)**

..... دووبارەی رستەی کۆتایی بڕگەی (٥)ی هاتی (٥٦)

**(٦)**

پەسن و ستایشی ئەمشاسپەندەکان بۆ یەکەمین کەس کەبەرسەمی ئامادە کردو ڕواندی: سێ چڵ و پێنج چڵ و نۆ چڵ، تالای ئەژنۆ تالای نیوەی ڕان

..................

دووبارەی بڕگەکانی ٣ و ٤ کە لێرە و لەکۆتایی سەرجەم کردەکانی دواتریشدا دەگوترێنەوە

## كردەی سێیەم

**(٧)**

.......

دووبارەی بڕگەی (٥)

**(٨)**

پەسن و ستایشی ئەمشاسپەندان بۆ یەکەمین کەس کە پێنج (گات)ەکەی سپیتمان زەردەشتی هۆنیەوە: لە (پەتمان) و بڕگە و ڕاوێژ و وڵام[١١٣].

(( ئەهێ رەیە...))

## کردەی چوارەم

**(٩)**

دووبارەی بڕگەی (٧)ی کردەی سێیەم

**(١٠)**

کەسێك کەئێواران خانووو پەناگەیەك ببەخشێتە ژنێکی هەژار یا پیاوێکی هەژار.....

کەسێك کە بە چەکێکی کاریگەر لە دێوی ڕق و قین بدات و زامداری بکات، وەك چۆن بەهێزێك، بێ هێزێك دەکوژێت...

((ئەهێ رەیە...))

## کردەی پێنجەم

**(١١)**

ستایشی سرووشی پارێزکارو بەتواناو جیهان ئەفزا دەکەین.. سەروەری ئەشەڤەن، ئەو دلێرو چالاك و بەهێزو دوورئەندێشە.

**(١٢)**

کەسێك کە لەهەموو جەنگ و داستان و نەبەردەکاندا بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی ئەمشاسپەندان.

((ئەهێ رەیە...))

## کردەی شەشەم

(١٣)

ستایشی سرووشی پارێزکاری بەتوانای جیهان ئەفزای سەروەری ئەشەڤەن دەکەین، ئەوەی کەلەناو گەنجاندا بەهێزترین و دلاوەرترین و تێکۆشەرترین و چالاکترین گەنجە.

ئەی مەزدا پەرستەکان

هەوڵ بدەن بۆ ستایشی سرووشی ئەشەڤەن.

(١٤)

دووربێت لەم خانوومانە... دووربێت لەم گوندە... دووربێت لەم شارە... دووربێت لەم وڵاتە:

نیازی چەپەڵ ولافاوی وێرانکەر:

ئەوخانومانەی کەتیایدا سروشی ئەشەڤەن کامەران بوبێت و مرۆڤی ئەشەڤەنی تاقانە لەبیری چاك و تاقانە لەگوتەی چاك و تاقانە لەکردەی چاکدا ، تیایدابەجوانی وەرگیرابێت ..

((ئەهێ رەیە..))

## کردەی حەوتەم

(١٥)

ستایشی پارێزگاری بەتوانای جیهان ئەفزای ئەشەڤەن دەکەین: ئەو تێکشکێنەرەی ژنی (کەییزی) و پیاوی (کەیەزە)[١١٤]... ئەو تێکرووخێنەرەی دێوی زەبەڵاحی درۆ.. ئەو پاسەوان و دیدەوانەی بەختەوەریی جیهان.

(١٦)

ئـەوەی کـە هیچـکات چـاوی ناچـێتە خـەوو هـەردەم بەوشـیاری پاسـەوانی جیهانی مەزدایی دەکات و وشیارانە دەیپارێزێت... ئەوەی کەپاش ئاوابوونی هەتاو بەچەك و هێزی تەواوەوە پاسەوانیی ئەم جیهانە خاکییە دەکات.

(١٧)

ئەوەی کە لەکاتی ئەفراندنی چاکە و خراپە لەلایەن دووڕۆحی (سپەنتەمینو و ئەنگەرەمینو)وە هیچکات نەنووستووە و پارێزگاریی جیهانی ئەشەی کردووە...
ئەوەی کە شەوو ڕۆژو هەردەم لەگەڵ دێوە مەزندەریەکاندا لە شەڕدایە.

(١٨)

ئـەوەی کـە لـە ترسـی دێوەکـان هەڵنایـەت و ناترسـێت... ئـەوەی کـە هـەموو دێوەکـان لێـی دەترسـێن و لەترسـی ئـەو هەڵـدێن و پـەنا دەبەنـە بـەر تـاریکی وزوڵمەت.

((ئەهێ رەیە...))

## کردەی هەشتەم

(١٩)

........ دووبارەبوونەوەی ڕستەی یەکەمی بڕگەی ١٥ (کە لەسەرەتای هەموو ـکردەـکاندا دووبارە دەبێتەوە): ئەوەی کەهەومی شیفادەر، شەهریاری زێڕین چاو، بەسەر لووتکەی کێوی بڵندی ئەلبورزەوە ستایشی کرد.

(٢٠)

ئەو زمان شیرین و قسە خۆشە کەبەکاتی خۆی پەنامان دەدات و بەکاتی خۆی دێتەگۆ، ئەوەی کەئاگاداری سەرجەم زانستەکانە... ئەوەی کەڕێنوێنی مەنسەرەی پێگەیشتووە و خۆیشی گەیشتۆتە ئاوا پێگەیەکی مەزن.

((ئەهێ رەیە...)

## کردەی نۆیەم

(٢١)

................ :

ئەوەی کەبینای سەدستوونی خانووەکەی، لەسەر بڵندترین لووتکەی ئەلبورزەوەیە... خانوویەك، لەناوەوە رووناك و لە دەرەوە ئەستێرەڕێژ.

(٢٢)

ئەوەی کە (ئەهونەڤەیریە) و (یەسنەی حەوت هات) و (فەشوشومەنسەرە)ی پیرۆز و سەرتاسەری (یەسنوکەرەتی) دەبنە چەکی پیرۆز و سەرکەوتووی ئەو[١١٥].

((ئەهێ رەیە...))

## کردەی دەیەم

(٢٣)

............ : ئەوەی کەئەمشاسپەندان بەهۆی هێز و زانایی و فەرزانەیی و پیرۆزیی ئەوەوە هاتنە ناو حەوت وڵاتی زەوی[١١٦].

ئەو، کەمامۆستای دینە.

(٢٤)

ئەوەی کە وەکوو شەهریارێکی کامەران بەرەو ئەم جیهانە خاکییە دێت.

ئـــەهووره مـــەزدای مـــەزن بـــەم دینـــە ڕازییـــە... هـــەروا کـــە بەهمـــەن و ئەردیبەهەشـت و شـــەهریوەرو سـپەندارمەزو خـوردادو ئـەموردادا... هـەروا کـە پرسیاری ئاهوورایی و وڵامی ئاهوورایی پێی ڕازی و خۆشنوودن.

(٢٥)

ئەی سروشی پیرۆزو بەتوانا...

خوازیـارین لەهـەردوو جیهـان: (ئـەم جیهانـە خاکییـە و جیهـانی مەعنـەوی)دا لەبەرانبـەر لاسـارە چـەوتەکاندا... لەبەرانبـەر ڕقـی ناپاکـدا.. لەبەرانبـەر جـەردە چەکدارە ناپاکەکاندا کە ئاڵای خوێن بەرز دەکەنەوە... لەبەرانبەر هات و هاوارو بگـرە و بـەردەی کینـەجۆیی و کینەخوازیـدا کەبـەهۆی دێـوی ڕق و درۆو (ڤیزاتـۆ)ی نابەکارەوە دروست دەبێت، پشت و پەنامان بیت(١١٧).

(٢٦)

ئەی سرووشی پیرۆزو بەتوانا...

خوازیارین هێز ببەخشیتە ئەسپەکانمان و تەندروستیش بەخۆمان، تابتوانین بـــەدخوازەکانمان لـــەدوورەوە بناســـینەوە و دوژمنمـــان ڕاو بنێـــین و شـــەڕەنگێزە شەڕفرۆشە دڵڕەق و کین لەدڵەکان شکست پێبهێنین.

((ئەهێ رەیە...))

## کردەی یازدەهەم

**(٢٧)**

............ : کەچوار (تەکاوەر)ی سپی و رۆشن و درەخشان و پاك و وشیارو بێ سێبەرکەژاوەکەی لەپانتایی گێتیی مینوییدا ڕادەکێشن[١١٨].

**(٢٨)**

ئەوان توندترن لەئەسپ... لەبا... لەباران... لەهەور... لەباڵندەکان و توندتریشن لەگوللەی چاك هاوێژراو

**(٢٩)**

ئەو تەکاوەرانەی کەبەهەموو کەس ڕادەگەن و هیچکەس ناتوانێ بیانگاتێ....

ئەوانەی کە کەژاوەی سرووشی چاك و ئەشەڤەن رادەکێشن و بەدوو جۆر چەکی بەهێزو کاریگەرەوە دەیگەنێ.

ئەگەر کەسێك لەڕۆژهەڵاتی هیندستانیشدا بێت، سرووش گرفتاری دەکات و گەر لەخۆرئاوای جیهانیشدا بێت دەیگاتێ و شکستی پێدەهێنێت.

((ئەهێ رەیە...))

## کردەی دوازدەهەم

**(٣٠)**

................ : کەخۆی تەرخان کردووە بۆ پاسەوانی و پارێزگاری لەجیهان و هەموو ڕاهێنانەکانی ئاهوورامەزدا.

(٣١)

ئەوەی کەبۆ سەرکوتکردنی دێوەکان چەکێکی تیژو چاکی بەدەستەوەیەو لەهەمووشەوو رۆژێکدا سێ جار دێت و دەگاتە ئەم وڵاتی (خڤانیرەس)ە[١١٩] پاك و خاوێنە

(٣٢)

بۆلێدان و سەرکوتکردنی ئەهریمەنی ناپاك و دێوی رِق و قینەو دێوە مەزەندەریەکان و سەرجەم دێوە ناپاکەکانی دیکە.

((ئەهێ رەیە...))

## کردەی سێزدەهەم

(٣٣)

...............

لێرەو لەهەرشوێنێکی دیکە... لەسەرتاسەری رووی ئەم زەمینەدا ستایشی دەکەین، ستایشی سەرتاپای ئەو ئەشەڤەنە دلێرو جەنگاوەرە سەرکەوتوویە دەکەین، ستایشی باسکە پڕهێزەکانی دەکەین کەدێوەکانی پێ سەرکوت دەکات

ئەو ئەشەڤەنە کەلە سەرکەوتنی پیرۆزدا سەرکەوتووە... ئەو چاکترین سەرکەوتوویە... سرووشی چاك و ئیزەدی (ئەرەشتی) ستایش دەکەین[١٢٠].

(٣٤)

ستایشی ئەو ماڵانە دەکەین کەلەپەنای سرووشدان

ستایشی ئەو خێزانە دەکەین کەرِێزلەسروشی ئەشەڤەن دەگرێت و بەچاکی پەیرەوی لێدەکات

((ئەهێ رەیە...))

((ئەهمایی رەئیتچە...))[١٢١]

## یەسنە / هاتی (٥٨)

**(١)**

ئەم نوێژە چاك و تێکەڵ بەئەشە و ئارمەیتییە... ئەم نوێژەی کەبنەماکەی دەبێتە بیری چاك و گوتەی چاك و کرداری چاك ستایش دەکەین و بەچەکێکی کاریگەری دەزانین.

**(٢)**

خوازیارین ئەم نوێژە لەشەڕی دێو و خەڵکی درۆپەرست بمانپارێزێت
سەروسامانی خۆمان بەم نوێژە دەسپێرین تا پەنا و پەرستیار و پاسەوان و پارێزەرمان بێت.

**(٣)**

ئەی ئەهوورامەزدا...
ئێمە لەنوێژ بۆ تۆ شادمانین
ئێمە خوازیارین نوێژکەری تۆبین
ئێمە بەراوەستاوی ستایشت دەکەین
سەروسامانی خۆمان دەسپێرینە ئەم نوێژە تاپەنا و پەرستیاری و پاسەوانی و پارێزگاریمان پێ ببەخشێت
ئەی ئەهوورا
لێت دەپرسین، تۆش ئاگادارمان بکەوە: رازو نیازی خاکەسارانەی ئاشقانی تۆ دەبێ چۆن بێت؟(١٢٢)

(٤)

ڕێبەری ئەشەڤەن پیرۆزە، چاکترین ڕێبەر بەگەورە و مەزن دەزانین
ئەوە باوکی خیلقەتی ئەشە و سەرجەم ئەو شتەی پەیوەستە بەخیلقەتی ئەشەوە. بێگومان ئەو خاوەنی پاکترین سرشتە.
یادی ئەو مەزن و چاك و جوانە دەکەینەوە و ڕێزی لێدەگرین و بەگەورەیی قایلین. ئەوە کەبە ئەشە و فراوانی و ئاوەدانی و بەخشندەیی و جوامێرییەوە جیهان پەروەردە دەکات و بەیاوەریی ئازەری ئاهوورامەزدا پارێزەرو پەرستیاری ئێمەیە.

(٥)

ئەی ئەمشاسپەندەکان....
هەروەك بەدیتان هێناین، ئاواش لەپەنای خۆتان بمانپارێزن
ئەی چاکەکان.... پەنامان پێببەخشن
ئەی چاکەکان....(١٢٣) پەنامان پێ ببەخشن
ئەی ئەمشاسپەندان... ئەی شەهریارە چاك سرشتەکان...
پەنابەخشی ئێمەبن
ئەی مەزدا...
من جگەلە تۆ هیچکەس ناناسم... لەسایەی ئەشەدا تۆش پەنامان بدە.

(٦)

ئەندێشە و زمان و کردارو گیاندارەکانیش (خەڵك و ئاژەڵ و...) بەهیی سپەنتەمینو دەزانین: بەهۆی ئەوەوەیە کەئاژەڵا چاك و بەسوودو ژیانی چاك و بەسوودو منداڵی چاك و بەسوودمان هەن
تەندروستی و نەمری و بەهرەمەندیی ئێمە لەچاکە و پاکی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ
خوازیارین لەم خیلقەتە پاکەی ئەهوورامەزدادا بتوانین تیشکی ڕووناکی بەدیهێنەری مەزن ببینین.

(٧)

ئەی ئازەری ئاهوورامەزدا...

نوێژی تایبەتیت بۆ دەکەین...

لەکاتی گەورەترین تاقیکردنەوە ئیزەدیەکاندا رووومان تێبکەو بەخشندەیی و شادمانی گەورەی خورداد و ئەمورداد‌مان پێ ببەخشە.

(٨)

ستایشی سەرتاسەری (ستەئوتەیەسنیە) دەکەین بەهەموو بەشەکانیەوە ئەی مەزدائەهوورا...

جوانترین پەیکەری ناو هەموو پەیکەرەکان بەهی تۆدەزانین: ئەو پایەبڵندترین تیشکە رووناکیبەخشەی جیهانی سەروو کە (هەتاو)ی پێدەڵێن.

(٩)

ستایشی (ستەئوتەیەسنیە) دەکەین کەیەکەمین یاسای جیهانە.

## يەسنە / هاتی (٥٩)

**(١) تا (١٧)**

...............
دووبارەی بڕگەکانی ١ تا ١٧ی هاتی (١٧)

**(١٨) تا (٢٧)**

...............
دووبارەی بڕگەکانی ١ تا ١٠ی هاتی (٢٦)

**(٢٨)**

ستایشی (بەهرام)ی دروستکراوی ئەهوورا دەکەین
ستایشی (سوشیانت)ی پیرۆز دەکەین
{زەوت و ڕاسپی:}
ستایشی ئەم بەرسەمەو، زەورو کوستی دەکەین کە بەپێی ئایینی ئەشە دانراون
ستایشی گیانی خۆمان دەکەین. ستایشی ڕۆحی خۆمان دەکەین.

**(٢٩)**

...........
دووبارەی بڕگەی ٥ی هاتی (٣)
((یەنگهە هاتام...))

**(٣٠)**

{ڕاسپی:}
چاکەو، ئەوەش کە چاکترە لەچاکە، ئاراستەی تۆو زەوت بێت
خوازیارم پاداشتی زەوت... زەوتی تاقانەو بێوێنە لە بیری چاك و کردەوەی چاك بەتۆ ببەخشرێت.

**(٣١)**

{زەوت:}
خوازیارم ئەوەی کەچاکترە لەچاکە رووتان تێبکات
خوازیارم خراپە ڕووتان تێنەکات
خوازیارم خراپە ڕووم تێنەکات.

**(٣٢)**

{زەوت و ڕاسپی:}
((یەسە ئەهوڤەئیریو...))
((ئەشێم ڤوهوو...))

**(٣٣)**

ستایشی ((ئەهونەڤەیریە)) دەکەین
ستایشی ئەردیبەهەشت، جوانترین ئەمشاسپەند دەکەین
ستایشی (فەشوشومەنسەرە)ی (هادۆخت نەسکە) دەکەین[١٢٤]
ستایشی سەرتاسەری بەشەکانی (ستەئوتەیەسنیە) دەکەین
ستایشی (ستەئوتەیەسنیە) دەکەین کەیەکەم یاسای جیهانە.

**(٣٤)**

**{زەوت:}**

**((یەسەئەهوڤەئیریو...)) کەزەوت پێی بڵێت**

**{ڕاسپی:}**

**((یەسەئەوهوڤەئیریو...)) کەزەوت پێی بڵێت**

**{زەوت:}**

**((ئەسارەتوش ئەشەئەت چیەت هەچا...)) کەمرۆڤی زاناو پارێزکار بیڵێت.**

## یەسنە / هاتی (٦٠)

**(١)**

{زەوت و ڕاسپی:}

لەراستیدا باشترین خێرو چاکە دەبێتە بەشی ئەو کەسەی کەلەژیانی مادی و مەعنەویدا ڕێنوێنیمان بکات بەرەو ڕێگای راست، ڕێگای ئەشە کەخواستی ئەهوورایە.

ئەی مەزدا...

شەیدایانی تۆ لە ژێر تیشکی پاکی و ئاگایی چاکدا پێت دەگەن(١٢٥)

**(٢)**

خوازیارین پاکی و شادکامی و داوەری و ڕێزو گەورەیی بەم خانووەمان ببەخشرێت.

خوازیارین کە ئەشە و هێزو توانا و پاداشت و شکۆو شادی و شەهریاریی تاهەتایی ئەم دینە ئاهوورایيەی زەردەشت بگاتە ئێرە و جێگیر ببێت.

**(٣)**

تا: نەوەکوو پەیوەندیی ڕان و ئاژەڵداری لێرەدا لێك بپچڕێت

نەوەکوو پەیوەندیی ئەشەمان لێ بپچڕێت

نەوەکوو پەیوەندیی مرۆڤی ئەشەڤەن لێرە بپچڕێت

نەوەکوو پەیوەندیی دینی ئەهوورایيمان لێ بپچڕێت

(٤)

خوازيارين فرەوەشى پاك و چاكى ئەشەڤەنەكان لەگەڵ دەرمانى (ئەشى) كەبەپانتايى زەوى و درێژايى ڕووبارو بەرزايى هەتاوە، بگاتە ئەم خانووەمان تابەختەوەرى ببێتە بەهرەى ئەم ماڵە و ڕێزو شكۆو بەرەكەتى زۆرتر بكات و بتوانێ لەبەرانبەر بەدخوازەكاندا خۆى رابگرێت.

(٥)

خوازيارين كە لەم ماڵەدا گوێڕايەڵى بەسەر لاساريدا... ئاشتى بەسەر ناكۆكيدا... جوامێرى بەسەر نامەرديدا... خاكەڕايى بەسەر فيزو دەماربەرزيدا... ڕاستى بەسەر ناڕاستى و ئەشە بەسەر درۆدا سەربكەون...

(٦)

بەجۆرێك كە ئەمشاسپەندەكان بتوانن تا كاتى پاداشتى جاويدان، لێرەدا بگەنە پارێزكارى و ستايش و رازو نيازى چاك و بەخشندەيى چاك و دڵخوازو دۆستانە.

(٧)

ناخوازين كەئەم ماڵە، هەرگيز لەخۆشى و شادى فەڕو شكۆو ژيان و منداڵى چاك و هاوڕێيەتيى هەميشەيى (ئەشى)ى چاك و پيرۆز خاڵى بێت.

(٨) تا (١٠)

{زەوت:} .............

دووبارەى بڕگەكانى ٥ تا ٧ى هاتى (٨)

**(١١)**

با ناخی ئێمە شاد بێت و ڕۆحمان کامەران و جەستەمان تەندروست بێت تا بگەینە بەهەشت و، دوای دەرکەوتنی کردەوەکانیشمان بگەینە بارەگای مەزنی ئەهوورایی.

**(١٢)**

ئەی ئەشەی پیرۆزو چاك...
خوازیاری دیداری تۆین
خوازیاری نزیکایەتیی تۆین
خوازیاری هاونشینیی هەمیشەیی تۆین
((ئەشێم ڤوهوو...))

**(١٣)**

..............
دووبارەی بڕگەی (٥)ی هاتی (٥٦)

## یەسنە / هاتی (٦١)

(١)

{زەوت:}

((ئەهونە ڤەئیریە...)) دەڵێینەوە لە زەمین و لە ئاسماندا

((ئەشێم ڤوهوو...)) دەڵێینەوە لە زەمین و لە ئاسماندا

((یەنگهە هاتام...))ی چاك هۆنراو دەڵێینەوە لە زەمین و لە ئاسماندا

((ئافەرینگانی رەهمان))ی چاکی مرۆڤە پاك و ئەشەڤەنەکان دەڵێینەوە لە زەمین و لە ئاسماندا...[١٢٦]

(٢)

بۆ: دوور خستنەوە و شکستپێهێنانی ئەهریمەن و داهێنراوە (پەتیارە) پڕزیانەکەی

بۆ: دوورخستنەوە و تێکشکاندنی پیاوانی (کەخوارزە) و ژنانی (کەخواریزی)[١٢٧]

بۆ: ... دووپاتەی هەمان بڕگە بەڵام بەتاك

(٣)

بۆ: دوورخستنەوە و شکستپێهێانی پیاوانی (کەیەزە) و ژنانی (کەییزی)

بۆ: ....... دووپاتەی هەمان بڕگە بەڵام بەتاك

بۆ: دوورخستنەوە و شکستپێهێانی جەردە و ڕێگرەکان

بۆ: دەرکردن و شکستپێهێانی (زەندیك) و جادوو[١٢٨]

بۆ: دەرکردن و تێکشکاندنی ئازاردەرو پەیمان شکێنی خۆشەویستی.

(٤)

بۆ: دەرکردن و تێکشکاندنی بکوژان و دوژمنەکانی مرۆڤی ئەشەڤەن

بۆ: دەرکردن و تێکشکاندنی ئەشموغ و شوێنکەوتووو بەکرێگیراوی ناپاکی زیانبەخش[١٢٩].

بۆ: دەرکردن و تێکشکاندنی هەموو درۆپەرستێکی بیر چەوتی زمان پیس و بەدڕەوشت، ئەی سپیتمان زەردەشت.

(٥)

(( چۆن (دورڤەج) لەخۆمان دووربخەینەوە؟))[١٣٠]

– ئێمە هەروەکوو سوشیانتەکان درۆ لەخۆمان دوور دەخەینەوە

ئەی ئەشە......

چۆن ئەو درۆپەرستانە دووربخەینەوە.... وەك بەهێزێك، لاوازێك لەحەوت وڵاتدا دوور دەخاتەوە... بۆ دوورخستنەوە و لەنێوبردنی سەرتاسەری (بوون)ی درۆو درۆپەرست

سروود بۆ ئاهوورا دەچڕین کەخێرخوازو چاکەخوازی سەرجەم خیلقەتە.

## یەسنە / هاتی (٦٢)

**(١)**

{زەوت و ڕاسپی:}
((یەسە ئەهوڤەئیریو...))
ئەی ئازەری ئەهوورامەزدا...
خوازیاری پەسن و ستایش و پێشکەشیی چاك و دۆستانە و دڵخوازم بۆتۆ
هەرتۆیت شایانی پەسن و ستایشیت
خوازیارم تۆ لەم خانەدانەدا هەردەم شایانی پەسن و ستایش بیت
خۆزگەم بەو پیاوەی کەبەپێی ئایینی ئەشە ستایشی تۆ دەکات: (هێزم) بەدەستەوە، بەرسەم بەدەستەوە.... شیر بەدەستەوە و (هاوەن)ی بەدەستەوە[١٣١].

**(٢)**

ئەی ئازەری ئاهوورامەزدا...
دادی شیاو پێشکەشی تۆ
بخوری شیاو پێشکەشی تۆ
خورشی شیاو پێشکەشی تۆ
پاشەکەوتی شیاو پێکەشی تۆ[١٣٢]
گەنجێتی پاسەوانت بێت
دینئاگایی هەردەم پاسەوانت بێت...

(٣)

تاتۆ لەم خانووەماندا داگیرساو بیت
تاتۆ هەمیشە لەم خانووەماندا هەڵگیرساو بیت
تاتۆ لەم خانووەماندا بەکڵپە بیت
بۆتاهەتایە... تاڕۆژی رەستاخێزو کاتی رەستاخێزی چاك و پیرۆزیش(١٣٣).

(٤)

ئەی ئازەری ئەهوورامەزدا....
فراوانیم پێ ببەخشە
پەنام پێ ببەخشە
ژیانی پڕ پەناو فراوانیم پێ ببەخشە
تەمەن درێژی و زانایی و ئەشەڤەنی و زمانی شیرین و گیانی وشیارو ئاوەزی هەمەلایەنەی جاویدانم پێ ببەخشە.....

(٥)

دلێری و مەردایەتیم پێ ببەخشە کەهەمیشە ئامادە و تەیارو بێدار بێت
منداڵێکم پێ ببەخشە: کارزان... گەشەدەری ئایین... وڵاتپارێز... ئەنجومەن نشین... بیرچاك و ڕزگاریدەر بن تا ماڵ و گوند و شارو وڵات و ناوبانگی وڵات بپارێزن و گەشەی پێ بدەن.

(٦)

ئەی ئازەری ئەهوورامەزدا.....
ئەوەم پێ ببەخشە کە مرۆڤ کامەران دەکات
ئێستا بۆ تاهەتایەش، بەهەشتی راستگۆیان و ڕووناکایی ئاسایشبەخشم پێ ببەخشە، تامنیش بگەمە پاداشتی چاك و ناوی چاك و ژیانی بەختیاری جوامێرەکان.

(٧)

ئەی سپیتمان زەردەشت.....

ئازەری ئەهوورامەزدا بانگی هەمووان دەکات: ئەوانەی کە نان و خۆراکی بەیانی و ئێوارەیان بۆ دەکوڵێنن....

داوای پێشکەشی چاك، پێشکەشیی دڵخوازو دڵسۆزانەیان لێدەکات.

(٨)

ئازەر دەڕوانێتە دەستی هەموو ڕێبواران:

دۆستێك چی دەهێنێ بۆ دۆستەکەی خۆی... بۆ ئەو هەمیشە ڕێبوارە... ئەو ئارامش بەخشە؟

(٩)

ئەگەر ڕێبوارەکە گەیشت و بەپێی ئایینی ئەشە وشکەداری بە دیاری هێناو بەپێی ئایینی ئەشە بەرسەم و گیای (هەزانەئێپەتای)ی دانا، ئەوا ئازەری ئەهوورامەزدا خوازیاری کامەرانی و بەختەوەریی ئەو دەبێت:

(١٠)

خوازیارم تۆ ببیتە خاوەنی ڕانێك ئاژەڵ و گرووپێکی پیاو چاك

خوازیارم تۆ ژیانێکی بەختەوەرو سرشتێکی چاکت هەبێت

خوازیارم ژیانت بەکامەرانی و بەختەوەری بەریتە سەر لەهەموو ئەو شەوو ڕۆژانەی کە تێیاندا دەژیت.

ئەمەیە دەستخۆشانەی ئاگر بۆ کەسێك کە وشکەداری بە ئایینی ئەشە پاککرا و ئامادەکراوی پێشکەش بکات.

**(١١)**

(( ئەشێم ڨوهوو...))

شـــەپۆلدان و بـــەرەو پێشچـــوون و بـــەرەو دواکشـــانەوە و رەوانبـــوونی ئـــاوە پاکەکان بە ڕێزەوە وەردەگرین.

**(١٢)و(١٣)**

.....

دووبارەی بڕگەی ٢٤ی هاتی (٤)

## یەسنە / هاتی (٦٣)

**(١)**

{زەوت و ڕاسپی:}

مەزدا ئەهوورە ئەو کەسانە دەناسێت کەلەسای ئەشەدا چاکترین پەرستش بەجێ دێنین،

منیش ستایشی ئەو کەسانە دەکەم کەهەبوون و هەن... بەدروودیشەوە لێیان نزیك دەبمەوە[١٣٤].

شەهریاریی مەعنەوی و پیرۆزی تۆ (شایانترین بەخششی ئارمانی لەسای ئەشەدا) هی کەسێکە لەناخی دڵی پاکیەوە چاکترین کردەوەکان بەجێ دەهێنێ[١٣٥].

**(٢)**

........ دووبارەی بڕگەی ٢ی هاتی (٥٦)

**(٣)**

......... دووبارەی بڕگەی ١ی هاتی (٣٥)...

## یەسنە / هاتی (٦٤)

**(١)**

{زەوت:}

.... کاتێ ئەوان هاتن و گەیشتنێ، جیهان ڕوو لە ئەشە دەکات[١٣٦].

**(٢) تا (٧)**

........

دووبارەی بڕگەکانی ٧ تا ١١ی هاتی (٥٠)

## یەسنە / هاتی (٦٥)

**(١) تا (٥)**

..........

دووبارەی بڕگەکانی ١ تا ٥ی ئاو.

**(٦)**

خوازیارین فرەوەشیی ئەو ئەشەڤەنانەی کە هەبوون و هەن... ئەوانەی لەدایك بوون و ئەوانەی هێشتا لەدایك نەبوون و ئەوانەش کە (پادیاب) دەگرن، هەموویان بگەنە ئێرە[١٣٧].

**(٧)**

ئەی ئاوە پاکەکان... ئەی چاکترین دروستکراوەکانی مەزدا......
بیرچەوتی بەدئەندێش بێبەش بێت لەئاو
زمان پیس بێبەش بێت لەئاو
بەد ڕەوشت بێبەش بێت لەئاو

دژەدین و دۆست ئازاردەرو هاوسێ ئازاردەرو خێزان ئازاردەر بێبەش بێت لە ئاو. ئەوانەی کە زیان دەگەیەننە پەیڕەوانی ئەشەو ئەوانەی ئازاری جەستەی ئێمە دەدەن لەحاڵێکدا ئازارمان بۆ کەس نیەو نابێت، بەری بن لەئاو.

**(٨)**

جەردە و دزو ڕێگر، بکوژی پیاو چاکان، جادووکارو ئەشموغی ناپاك، درۆزنی ستەمکارو ئەو کەسەش کە مندارەوەبوو دەخاتە ناو خاك، بەری بن لەئاو...

شەڕاشۆیی ئەوانە بگەڕێتەوە بۆ خۆیان... کەسێك کە زیان و زەرەرێك چێ دەکات، با زیان و زەرەرەکە ڕووبەڕووی خۆی ببێتەوە(١٣٨).

**(٩)**

ئەی ئاوە پاکەکان...

تائەو کاتەی کەزەوت ستایشی خۆی بەجێ دەهێنێ، لێرە ئارام بگرن: کە چۆن زەوت بەزمانی شیرین و پاراو ستایشی ئاوەکان دەکات...؟ چۆن هەرکاتێ زەوت بەناشایستەیی ستایشی ئەنجامدا، زمانی دەگیرێت...؟ چۆن ئەو گوتەیەی کە مامۆستا فێرمان دەکات، دەگاتە ئەنجام...؟

ئافەرین و دەستخۆشی چۆنە؟ خزمایەتی و دۆستایەتی چۆنە؟

ئەو جوامێری و بەخشندەییە چیەو چۆنە کە ئەهوورامەزدا زەردەشتی لەسەر ڕاهێناو زەرەشت بەجیهانی ڕاگەیاند؟: ....

**(١٠)**

ئەی زەردەشت....

سەرەتا خواستی خۆت لەئاوەکان بخوازە... پاشان (ئاوی زەور)ی پاك و خاوێن کە پەیڕەوێکی ئەشە پاڵاوتبێتی بهێنەو ئەم سرودە بچڕە: ....

**(١١)**

ئەی ئاوەکان...

داواکارییەکی گەورەم لێتان هەیە.... پێمی ببەخشن:

ئەو بەخشینە مەزنەی کەلەسایەیدا لەفریوکاری و زاڵبوونی دوژمن بەدوور بمێنمەوە

ئەی ئاوەکان...

داوای چەند بەخششێکتان لێدەکەم:

هێزێك و منداڵی چاکیش (وەکوو زۆربەی خەڵك ئاواتی بۆ دەخوازن) بە جۆرێك کەهیچکەس بیرلە زیان پێگەیاندن و لێدان و ڕفاندن و کوشتنیان نەکاتەوە.

**(١٢)**

{زەوت و ڕاسپی:}

ئەی ئاوەکان... ئەی زەویەکان... ئەی گیاکان...

ئەی ئەمشاسپەندانی شەهریاری پاك سرشت...

ئەی چاکەکان (لە نێر و مێ)... ئەی خاوەندارە چاکەکان...

ئەی فرەوەشیی چاکی هەردەم سەرکەوتووی ئەشەڤەنەکان....

ئەی دەشتی بەرین و سەوزەڵان....

ئەی سرشتی بەهێزو پیرۆز....

ئەی (رەشن)ی راستترین...

ئەی ئازەری ئەهوورامەزدا....

ئەی (ئەپام نەپات)ی شەهریاری مەزن و تیژڕەو...

ئەی ئەشەڤەنان... ئەی چاکترن بەخشندەکان

ئەم بەخششە لەهەرهەموو ئێوەی (ئیزەد)ی پیرۆز دەخوازم.

**(١٣)**

ئەی ئاوەکان...

دووبارەی بڕگەی (١٢)

**(١٤)**

{زەوت:}

لەمانە گەورەترو چاکترو وجوانترو شایانترمان پێ ببەخشن، ئەی ئیزەدە ئەشەڤەنەکان ئێوەبەتوانان بۆ خواستەکانتان، توندترو گورجتر لەم بەشە لەسروودی گاتاکان:

((چاکترین خواستی دروستکاران دەبێتە هۆی بنیاتنانی جیهانێکی نوێ))[١٣٩]

**(١٥)**

ئەی مەزدا... ئەی خالق و بەدیهێنەری زەوی و ئاوو گیا...

بەپیرۆزترین ڕۆح، گەشەو جاویدانیمان پێ ببەخشەو لەبەر تیشکی سرشتی چاکدا هێزو گوڕو خۆڕاگریمان بدەرێ و بەهرەمەندمان بکە لەراهێنانە پیرۆزەکانت[١٤٠].

**(١٦)**

...........

دووبارەی بڕگەی (١)ی هاتی (٦٣)

**(١٧)و(١٨)**

............

دووبارەی بڕگەکانی ١٧و ١٨ی هاتی (٥٦)

**(١٩)**

{ڕاسپی:}

..................

دووبارەی بڕگەی ٢ی هاتی (٦٢)

## یەسنە / هاتی (٦٦)

**(١)**

{زەوت و ڕاسپی:}

((ئەشێم ڤوهوو....))

......

دووبارەی بڕگەی (٢)ی هاتی (٢٢).

**(٢) تا (١٦)**

... ...

دووبارەی بڕگەکانی (٥) تا (١٩)ی هاتی (٧)

**(١٧) تا (١٩)**

.........

دووبارەی بڕگەکانی (٢٣) تا (٢٧)ی هاتی (٢٢) و (٨) تا (١٢)ی سەرەتای یەسنا.

## یەسنە / هاتی (٦٧)

**(١) تا (٤)**

.......

دووبارەی بڕگەکانی (١) تا (٤)ی هاتی (٢٣) بەم جیاوازیەوە کە: لەوێ لەسەرەتای ڕستەکاندا (خوازیاری ستایشم...) هاتووە و لێرە (بەئایینی ئەشە دەیدەم...).

**(٥)**

خوازیارین کە ئەو بەپێی ئایینی ئەشە بەرەولای ئێمە بێت.

**(٦) تا (٨)**

{زەوت و ڕاسپی:}

............

دووبارەی بڕگەکانی (٣) تا (٥)ی هاتی (٣٨).

## یەسنە / هاتی (٦٨)

(١)

ئەی ئاوی ئەهوورایی ئەهورە....

ئەم نوێژە بۆتۆ دەکەین، لەبەر ئەوەی پێشتر ڕوومان لێ وەرگێڕایت و دڵمان ڕەنجاندی ئومێدەوارین ئەم پێشکەشییە: ئەم (زەور)ەی کە ئاوێتەی هەوم و شیرو هەزانەئێپەتا کراوە لەئێمە وەربگری.... ئەی ئاوی ئاهوورایی ئەهوورە.

(٢)

خوازیارم کە ڕوو لەمنی (زەوت) بکەی تا بگەم بە: شیرو ڕۆن.... دەرمان و تەندروستی... فراوانی و گەشە... ژیانی خۆش و نزیکایەتیی ئەشە... ناوی چاك و ئاسوودەیی گیان... سەرکەوتن و پەرەپێدانی گێتی.

(٣)

ئەی ئاوی ئەهوورایی ئەهوورە...
بەزەورو بیری چاکەوە ستایشی تۆدەکەین
.....
بەزەورو زمانی چاکەوە ستایشی تۆ دەکەین
.....
بەزەورو زمانی چاکەوە ستایشی تۆ دەکەین....

(٤)

لەپێناو: ڕۆشنیی بیر... ڕۆشنیی گوتە... ژیانی ئاسوودەیی ڕۆح... پەرەسەندنی گێتی و ژیانی خۆش بۆ هەموو پەیڕەوێکی ئەشە.

(٥)

ئەی ئاوی ئەهوورایی ئەهوورە....

باشترین ژینگەی ئەشەڤەنیم پێ ببەخشە

رووناکایی دڵخۆشکەرو شادی هێنەرم پێ ببەخشە

هێزو توانایەك بەمنداڵەکانم ببەخشە کە بتوانن خاوو خێزان و گوندو شارو وڵات و ناوبانگی وڵات گەشەو پەرە پێبدەن.

(٦)

ئەی ئاوی ئەهوورایی....

ستایشی تۆ دەکەین

ستایشی دەریای فەراخکەرت دەکەین

ستایشی سەرجەم ئاوەکانی سەر رووی زەوی دەکەین: چ ئەوانەی مەنگ وەستاون، چ ئەوانەی رەوان و جارییین، چ ئاوی کانی و سەرچەمەکان، چ ئاوی ڕووبارەکان و چ ئاوی بەفرو باران.

(٧)

بەم پەسن و ستایشەوە کە شایستەترین پەسن و ستایشە بۆ ئێوە، بەپەیڕەوی لەئایینی ئەشە ستایشی چاکترین ئاوە چاکەکانی مەزدا دەکەین.

ستایشی ئاوی زوڵاڵ و چاك دەکەین.

(٨)

ستایشی شیرو ڕۆن و ئاوی ڕەوان و گیای سەوزو پێگەیشتوو دەکەین:

لەپێناوی: خۆڕاگری لەبەرانبەر چاوچنۆکیی دێو کرد...لەبەرانبەر دوژمنایەتی مشکی زیانەخرۆو لەنێوبردنیشی... زاڵبوون بەسەر ئەشموغی ناپاك و ستەمکارو گەڕاندنەوەی دوژمنایەتییە زیانبەخشەکەی بۆ خۆی و... خۆڕاگری لەبەرامبەر دوژمنایەتیی دێو و شوێنکەوتووانی درۆپەرستی.

(٩)

ئەی ئاوی ئاهوورایی ئەهوورە...
ئەم ستایشەمان لێ ببیستە
......
بەم ستایشەمان رازی و خۆشحاڵ بە
{زەوت:}
کاتی ستایش کردنمان... کاتی ستایشی زۆرو پاك و پێشکەشکردنی زەوری چاك، وەرە لامان و لەگەڵمان بمێنەوە.

(١٠)

ئەوی ئاوە چاکە ئاهوورایيەکانی ئەهوورە...
ئەو کەسەی کەبەچاکترین و جوانترین زەور... بەزەورێك کە ئەشەڤەنێك بەچاکی و پاکی پاڵفتەی کردبێ، ستایشی ئێوە بکات...

(١١)

(( ئەهمایی رەئێشچە....))[١٤١] ... : رووناکی و شکۆ.... تەندروستی... هێزی لەش... ئارەزووی ئارامبەخش... منداڵی چالاك... ژیان و تەمەنی درێژ... چاکترین ژیانی ئەشەڤەنی و رۆشنایی ئاسایش بەخش... ی

(١٢)

ئەی ئاوە چاکەکان پێ ببەخشن
بەمنی (زەوت)ی ستایشکارو بەئێمەی مەزداپەرستی ستایشگەرو بەدۆستان و پەیڕەوان و پێشەوایان و مامۆستایان و ژنان و پیاوان و کوڕان و کچان و مێرمنداڵان و وەرزێرەکان...

**(١٣)**

... ئەوانەی کە لەجێگای خۆیان خۆ ڕادەگرن تا سەرکەون بەسەر نیازو دەستەنگیدا، کە بەهۆی هات و هاواری لەشکری دوژمن و کینەجۆیی ئەوەوە ڕوودەدات.

یاریدەیان بدەن تائەوان راستترین ڕێگا بدۆزنەوە، ڕێگایەك کەراستترین ڕێگەیە بەرەو ئەشە و بەرەو چاکترین ژیانی ئەشەڤەنی و بەرەو چاکترین ڕووناکایی ئاسایش بەخش.

((یەسە ئەهوڤەئیریو...))

**(١٤)**

{زەوت:}

خوازیاری ژینگەیەکی چاك و ئارام و هەمیشە ئاوەدانم بۆ ئەو خێزانەی کە ئەم (زەور)انەی لێوە دێن

خوازیاری ژینگەیەکی چاك و ئارام و هەمیشە ئاوەدانم بۆسەرجەم خێزانە مەزداپەرستەکان

ئەی ئازەر...

بەپێشکەشیی چاك و دڵخوازو دۆستانەوە ئافەرینت لێدەکەم

ئەی ئاوی ئاهوورایی...

بەستایشی چاکەوە ئافەرینت بۆ دەنێرم

**(١٥)**

خوازیاریی ئارامش و ئاوەدانیم بۆ ئەم سەرزەمینە چاك و پڕ لەوەڕگەیە

خوازیاری دەرمان و دروستی و تەندروستیم بۆ ئێوەی پەیڕەوانی ئەشە

خوازیاری هەموو ئەو شتە چاکانەم بۆ ئێوە کە لە زەمین و ئاسماندا هەن

خوازیاری هەزار دەرمان... دەهەزار دەرمان و چارەم.

**(١٦) تا (١٨)**

................

بڕگەکانی (٥) تا (٧)ی هاتی (٨)

**(١٩)**

{ڕاسپی:}
خوازیاری ئاسایش و ئاوەدانیم بۆ سەرتاسەر خیلقەتی ئەشە
خوازیاری نائەمنی و نائاوەدانیم بۆ سەرتاسەر داهێنراوەکانی درۆ
هیوادارم وا ڕێك بکەوێت کە من ئارەزووی دەکەم.

**(٢٠)**

(( هومەتەنەم....))[١٤٢]

..................

دووبارەی بڕگەی (٢)ی هاتی (٣٥)

**(٢١)**

داوا لەئیزەدی چاکی (ئادا) و ئەشەی چاك دەکەین، لێرە لەلامان بن[١٤٣]

............ دووبارەی بڕگەکانی (٢) تا (٥)ی هاتی (٣٨)

ئارەزووەکانمان بهێننە دی... ئەی ئەوانەی کەتوانای بەراوردکردنی ئارەزووو ئاواتەکانتان هەیە

ئەی ئاوەکان...

فەڕو شکۆو ڕۆشنیمان پێ ببەخشن... ئەو چاکەیەی کە پێشتر بەمرۆڤە چاکەکانتان بەخشیوە.

**(٢٢)**

{زەوت و ڕاسپی:}
نوێژ دەکەین بۆ ئەهوورامەزدا
بۆ ئەمشاسپەندەکان
بۆ ژینگە و لەوەڕگەی ئاوەدان و،
بۆ هەتاوی رووناکییەخش
بۆ (گەئوشە)
بۆ (گەیە)
بۆ ڕۆحی زەردەشتی سپیتمان
بۆ سەرتاسەری خیلقەتی پاك وچاکی ئەشە[١٤٤].

**(٢٣)**

لەبەر تیشکی سرشتی چاك و شەهریاریی مەعنەوی و ئەشەدا، جەستەمان بەکام و ئارەزووی خۆمان پێ بگەیەنە،

ئەم بەرزترین و چاکترین ڕووناکیەی ناو سەرجەم ڕووناکیەکان، سەرەنجام تۆ ئەی ئەهوورامەزدا بەڕۆحی پیرۆزەوە دەمانگەیتێ.

((ئەشێم ڤوهوو...))

..........................

دووبارەی بڕگەکانی (٢٤) و (٢٥)ی هاتی (٣) و بڕگەکانی (١٢) و (١٣)ی هاتی (٦٢)

**(٢٤)**

{زەوت و راسپتی:}
نوێژ بۆ ئێوە دەکەین ئەی (گاتا) ئەشوییەکان
............ دووبارەی بڕگەکانی (١) تا (٦)ی هاتی (٤٧)

## یەسنە / هاتی (٦٩)

(١)

{زەوت و ڕاسپی:} .... دووبارەی بڕگەی (٢٢)ی هاتی (٥١)ی گاتاکان.

(٢)

........ دووبارەی هەمان

(٣)

.... دووبارەی هەمان و بڕگەی(١)ی هەمان هات.

## یەسنە / هاتی (٧٠)

**(١)**

{زەوت:}
خوازیاری ستایش کردنیانم
خوازیارم کەبەدروود و ستایشەوە بڕۆمە خزمەتیان:
ئەمشاسپەندان... ئەو چاکترین شەهریارە پاك سرشتانە
ئـەو (بـەغ)ە، ئـەو سـەروەرە، ئـەو دادارە پەنابەخشـە... ئـەو بەدیهێنـەرەی سەرجەم چاکەکان، ئەهوورەمەزدا...[١٤٥]
ئەو سەرەوەرە ئەشەڤەنە... زەردەشتی سپیتمان.

**(٢)**

هـەمووان بەدروسـتی ئاگادار دەکەینـەوە لـەو شـتەی کـەپێمان بەخشـراوە... ئەوەی کەلـە ئەهوورامەزدا... لەبەهمەن... لەئەردیبەهەشت... لەشەهریوەر... لەسـپەندارمەز... لـەخورداد... لەئـەمورداد... لـە گێئـوش تەشـەنە... لـە گێئـوش ئەورڤەنە و لەئازەری ئەهوورەمەزدایە[١٤٦].

**(٣)**

ئەوەی لەسرشتی پیرۆز.... لە (رەشن)ی راستترین... لە (میهری فراوانی لەوەرگە)... لە ـ با ـ ی ئەشەڤەن... لەدینی چاکی مەزدا پەرستی... لەئافەرینی چاکی ئەشەڤەن... لەپەیمان و بەڵێنداریی چاکی ئەشەڤەن و ئەوەی لەچاکی و بێ ئازاریی ئەشەڤەنە[١٤٧].

(٤)

تـا ئێمـه زۆرتـر گەشـەو پـەرە بـە مەنسـەرە بـدەین... تـا سوشـیانتەکان لەوڵاتاندا پاداشتی جەماوەر بدەنەوە،

خوازیارین ئێمەش وەکوو سوشیانتەکان بین

خوازیاری سەرکەوتنین

خوازیـارین لەدۆسـتان و نزیکـانی ئەهوورامـەزدا بـین... ئێمـەی پـەیڕەوی ئەشە، کە بەبیری چاك بیر دەکەینەوە و بەزمانی چاك دەدوێین و بەڕەوشتی چاك دەجووڵێینەوە...

(٥)

تا سرشتی چاك بەرەو لامان بێت[١٤٨]... ئەو کاتە گیانم دەگا بەبەخشینی شادیئامێز

((چۆن گیانم دەگاتە شادیی زیاترو هەمیشەیی؟))[١٤٩]

(٦)

ستایشی بەرەودواوە کشانەوە و بەرەوپێشەوە چوونی ئاوە پاکەکان دەکەین

ستایشی سەروەری مەزن، شەهریاری پیرۆز: (ئەپەم نەبات)ی تیژ ئەسپ دەکەین

با سەرتاسەری خیلقەتی ئەشە ستایش و پەسن و ئافەرینی ئێمە ببیستێت.

(٧)

................

دووبارەی بڕگەی (٤)ی هاتی (٥٧)

((یەنگهە هاتام...))

## یەسنە / هاتی (٧١)

**(١)**

{زەوت و ڕاسپی:}
فەرشوشتەری ئەشەڤەن لە ئەشوو زەردەشتی پرسی:
ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..
ژمارە کردن و ناوهێنانی سەروەرەکان چۆنە.. کۆتایی گاتاکان کامەیە؟

**(٢)**

زەردەشت وڵامی دایەوە:
ستایشی ئەهوورەمەزدای ئەشەڤەن
ستایشی زەردەشتی ئەشەڤەن
ستایشی ڕۆحی زەردەشتی ئەشەڤەن
ستایشی ئەمشاسپەندە ئەشەڤەنەکان

**(٣)**

ستایشی فرەوەشیی چاك و بەتوانای ئەشەڤەنە جیهانی و مینوییەکان
ستایشی چالاکترین و کاراترین ڕێبەری ئایینی، کە لە نێوان دیکەی ڕێبەرە ئایینییەکاندا فریادڕەسترین و شایستەترینە بۆ پەسن و ستایش
ستایشی کامکارترین پێشەوای ئەشەڤەنی

**(٤)**

ستایشی ئەهوورەمەزدای ئەشەڤەن
ستایشی سەرتاسەر (بوون)ی ئەهوورەمەزدا
ستایشی سەرجەم ئەمشاسپەندان
ستایشی سەرجەم پێشەوایانی دین
ستایشی سەرجەم دین و ئاییني مەزداپەرستی
ستایشی سەرجەمی سرووتەکان.

**(٥)**

ستایشی سەرجەم مەنسەرەی هێژا
ستایسی سەرجەم داد و یاسای دژی دێو
ستایشی سەرجەم کلتووری دێرین
ستایشی سەرجەم پەیڕەوانی جیهانی و مینویی ئەشە
ستایشی سەرجەم فرەوەشیی پاك و پیرۆزی پەیڕەوانی ئەشە.

**(٦)**

ستایشی سەرجەم دروستکراوە پیرۆزەکانی مەزدا دەکەین
کە بە ئەشەڤەنی دروست کراون.. پەیڕەوی دینی ئەشەن.. پەسەندی ئەشەڤەنەکانن و لای ئەوان بە ئەشەڤەن دەژمێردرێن و شایانی پەسن و ستایشی ئەوانن
ستایشی سەرتاسەری (پێنج گات)ەکان دەکەین
ستایشی سەرتاسەری یەسنە و ڕەوانبوون و وەستانی ئاوە پاکەکان دەکەین.

(٧)

ستایشی سەرجەم سەتەئوت یەسنیە..

ستایشی سەرجەم گوتارە چاکەکان دەکەین: ئەو گوتارانەی، مەزدا فێری کردوین.. ئەو گوتارانەی کە بیری خراپ و زمانی خراپ و کردەوەی خراپ دادەکوتن و تێکیدەشکێنن..

ئەو گوتارە چاك و پیرۆزانەی، کاتێ بڕواننە چەوتیی بیرو گوتارو کرداری خراپ:..

(٨)

... ئیدی هەموو بیرو گوتارو کردارێکی خراپ لێك هەڵدەوەشێننەوە، هەر بەو جۆرەی کە ئاگر، وشکەداری بەچاکی تاشراوی بە چاکی هەڵگیراو هەڵدەوەشێنێت و هەڵیدەگیرسێنێت و دەیسووتێنێ

هێزو توانا و فەڕو شکۆ و پیرۆزیی هەموو ئەم سروودانە ستایش دەکەین.

(٩)

ستایشی ئاوی کانی و جۆگە و ڕووبارەکان..

ستایشی ڕنج و ڕەگوڕیشەی گیاکان..

ستایشی سەرتاسەری زەوی..

ستایشی سەرتاسەری ئاسمان..

ستایشی هەتاو، مانگ و ئەستێرەکان..

ستایشی سەرتاسەری ئەنیران[١٥٠]

ستایشی سەرجەم گیانلەبەرە ئاوی و خاکییەکان و سەرجەم چەرەندە و پەڕەندەکان دەکەین.

**(١٠)**

ئەی ئەهوورەمەزدای خودان چاکترین ڕۆح:...

ستایشی سەرجەم خیلقەتی ئەشە دەکەین کە تۆ بە چاکی و فراوانی ئەفراندت

ستایشی ئەو مەخلوقاتەی تۆ دەکەین کە بەپێی ئایینی ئەشە، شایانی پەسن و ستایشن

ستایشی کێوە بەرزەکان دەکەین کە ئاسایشمان پێدەبەخشن

ستایشی دەریا ئەهوورایییەکان

ستایشی ئاگرە تینبەخشەکان

ستایشی هەموو ئەو گوتارانە دەکەین کە ڕاستن و بە ڕاستی و دروستی دەربڕ کراون.

**(١١)**

هەموو ئەوانە بە تێکالاویی ئەردیبەهەشت و سپەندارمەز، ستایش دەکەین لە پێناو پەنا بەخشین و ڕێبەرایەتی و پاسەوانی و پاراستندا

خوازیارم ببنە هۆی ژیانێکی باشتر و چاکتر و بەختەوەرتر

بە پێی گاتە پیرۆزەکان، سەروەران و فەرمانڕەوایانی ئەشەڤەن لە پێناو پەنابەخشین و ڕێبەرایەتی و پاسەوانی و پاراستنی گێتیدا ستایش دەکەین

خوازیارم ببنە هۆی ژیانێکی باشتر و چاکتر و بەختەوەرتر.

**(١٢)**

... دووبارەی بڕگەی (٢٦)ی هاتی (٧).

(١٣)

زەردەشتی ئەشەڤەن خوازیارە:..

دۆسـت پشـتوپەنای دۆسـت بێـت.. پارێزکـار بـۆ پارێزکـاران و دۆسـت بـۆ دۆستانی خۆی پەناو داڵدەو یاریدەدەر بن

ئەمەیە ئەو چاکترین گوتارەی کە دەیلێین:..

دۆسـت و چـاکەخوازی درۆ پەرسـتان، خـودی درۆ پەرسـتە و ئەشـەڤەن کەسێکە دۆست و هاوبیرو هاوکاری ئەشەڤەنەکان بێت(١٥١).

(١٤)

ئەهوورەمەزدا ئەم چاکترین وشەیەی بە زەردەشت راگەیاند:

ئەی زەردەشت..

ئەم دەستەواژەیە لە دوایین ساتەکانی ژیاندا لەبەر بلێرەوە..

(١٥)

چونکە ئەگەر تۆ ئەی زەردەشت..

ئـەم گوتەیـە لـە دوایـین سـاتەکانی تەمەنتـدا لەبـەر بلێیتـەوە، ئـەوا مـن ـ ئەهوورەمـەزدا ـ گیانـت لـە خراپتـرین دۆخ دوور رادەگـرم و دەیپـارێزم.. بـە ئەنـدازەی درێـژایی و پانتـایی زەوی دووری رادەگـرم.. ئـەم زەوییـەش بـە هـەمان ئەندازە درێژە کە پانتایی هەیە.

(١٦)

ئەی پارێزکار...

گـەر دەتـەوێ لـە ئەشـە بەهرەمەنـد بیـت و رەوانـت لـە پـردی چـینڤەت تێپـەڕێت و لـە سـای ئەشـەدا بگەیتـە چـاکترین ژیـان و بـوون، لـە پێنـاو کامـەرانیی خۆتدا (ئوشتەڤەدگات) لەبەر بلێرەوە(١٥٢).

{ زەوت و ڕاسپی}:

مەزدا ئەهوورەی لە هەموان بەتواناتر وای داناوە:

بەختەوەری بۆ کەسێکە دیتران بەختەوەر بکات

ئەی ئارمەیتی...

هێز و گوڕو خۆڕاگریم لە تۆ دەوێت.. بۆ پاسەوانی لە ئەشە، ئەو فەڕوشکۆیەم پێ ببەخشە کە پاداشتی ژیانی چاکە لە سروشتی چاکدا[١٥٣].

**(١٧)**

ستایشی کارو رەوشتی چاك دەکەین

ستایشی کارو رەوشتی چاك دەکەین لە پێناو: خۆڕاگری لەبرامبەر تاریکی.. خۆڕاگری لەبەرامبەر زاری و شیوەن و شەپۆڕدا

{زەوت}:

ستایشی تەندروستی و دەرمان دەکەین

ستایشی پەروەردە و پێگەیشتن دەکەین لە پێناو: خۆڕاگری لە بەرامبەر دەردوئازارو نەخۆشییەکاندا.

**(١٨)**

... ... دووبارەی بڕگەی (٢)ی هاتی (٥٤).

(١٩)تا (٢١):

... ... دووبارەی بڕگەکانی (١٤) تا (١٦)ی هاتی (٦).

**(٢٢):**

....... دووبارەی بڕگەی (١٨)ی هاتی (١٧).

**(٢٣) تا (٢٤):**

... ... دووبارەی بڕگەی (٢٤)ی هاتی (٥٧).

**(٢٥)**

... ... دووبارەی بڕگەی (٤)ی هاتی (٣٥)..

... بەمچەشنە، مەزدا بە پێی ئایینی ئەشە گیاکانی لە خاك رواند.

**(٢٦) تا (٢٨):**

... ... دووبارەی بڕگەکانی (٥ تا ٧)ی هاتی (٨).

**(٢٩) تا (٣١):**

... ... دووبارەی بڕگەکانی (١١ تا ١٣)ی هاتی (٦٠)

## یەسنە / هاتی (٧٢)

**(١) تا (٥):**

....... دووبارەی بڕگەکانی (١ تا ٥)ی هاتی (٦١)

**(٦) تا (٧):**

....... دووبارەی بڕگەکانی (٢٣و ٢٤و ٢٧)ی هاتی (٢٢).

**(٨)**

خوازیـاری پەسـن و سـتایش و هێـز و توانـای پیـرۆزم بـۆ تـۆ ئـەی ئـازەری ئەهوورەمەزدا

"ئەشێم ڤوهوو.."

{ زەوت و ڕاسپی}:

"یەسە ئەهوو ڤەئیریو.."

... ... دووبـارەی بڕگـەکانی (٢٥)ی هـاتی (١٦) و (٢٤و ٢٧)ی هـاتی (٢٢) و (٦ تـا ٧)ی هاتی (٧٢).

**(٩)**

....... دووبارەی بڕگەی (١١)ی هاتی (٦٨)

.. ئەی مەزدا...

بێ بە هانامەوە..

ستایشی (ئەمە)ی چاك خولقێنراوی بەهێز و بەهرامی ئەهوورە ئافەریدە و ئەوپەرەتاتی پیرۆز دەکەین[١٥٤].

(١٠)

... ... دووبارەی بڕگەی (٢)ی هاتی (٦)..

ستایشـــی (ســـواش)ی جاویـدان و (زەروان)ی بێســنوور و زەمـەنی بێپایـان دەکەین[١٥٥].

"ئەشێم ڤوهوو.."

(١١)

ڕێگا هەر یەکە و ئەویش ڕێگای ئەشەیە.. ڕێگاکانی دیکە هەموویان (کوێرە ڕێ)ن[١٥٦].

# پەراوێزەکان

(١) ئەشێم ڤوهوو، یەکێکە لە نوێژە هەرە پیرۆزەکان کە بە نوێژی (ئەشەڤەهیشتە)ش ناو دەبرێ کە تایبەتە بە دووەمین ئەمشاسپەند هەر بەهەمان ناوی (ئەشە ڤەهیشتە)یە کە ئێستا بۆتە ئوردیبەهەشت (ئەردیبەهەشت) کە دەکاتە دووەم مانگی بەهار لە ساڵی هەتاویدا. ئەم نوێژە لەگەڵ نوێژی (یەتا ئەهوو)دا پێکەوە لە سەرەتاو کۆتایی سەرجەم نیایشەکاندا دێن و هەروەها یەکەمین نوێژو دابی تایبەتی دینییە کە منداڵێکی زەردەشتیی لەسەر ڕا دەهێنرێت. ئەم دوو نوێژە بەشێوەی ـ گاتا ـ کان هۆنراونەتەوە و بایەخ و گرینگیی تایبەتییان پێدراوە و تەنانەت وادەردەکەوێ کە ئاهوورامەزدا پێغەمبەرەکەی (زەردەشت)ی زۆرتر لەسەر ئەو نوێژە پەروەردە کردبێت. ئەو دوو نوێژە بەتایبەتیش بۆ مردوو دەخوێنرێت واتە بۆ رۆحی مردوو، (شتێك کەپاش هاتنی ئیسلام ناسراوە بە ((تەڵقین و نوێژی مردوو)) دەبینین کە پیرۆزترین چەمك و ڕێسای ژیانێکی بەختەوەرو ئینسانی لەواتاو ناوەڕۆکی نوێژی ئەشێم ڤوهوودا بەرجەستە دەبێت و خاوەنەکەی دەگەیەنێتە لووتکەی پاکی و کامەرانی و بەختیاری.

(٢) فرەوەرانە واتە دان پێدانان ـ بەڵێن ـ ئەم نزایە لەزۆر شوێنی ئاڤێستادا هاتووە بەتایبەت وەك بینیمان لەسەرەتای (یەسنا)وە هاتووە و ئەم واتایە دەدات: (من دانی پێدادەنێم و بەڵێن دەدەم کە مەزدا پەرست، زەردەشتی، دوژمنی دێوەکان و پەیڕەوی ئایینی ئاهوورایيم). سەرەڕای ئەوەش ئەم نزایە تایبەتە بەهاتی ١٢ی یەسنا کە هەر بەو ناوەشەوە (فراوەرتی) بەواتای پەیمان و دانپێدانان و

دەستەواژەی شایەتی هێنانیش (مەزدیەسنوئەهەی) هەر لەسەر ئەم نزایەیە. ئەمیش لەئیسلامدا بۆتە هەمان ئیمان و شەهادەهێنان: (اشهدوا..........)!.

(٣) یەکەم: هاوەن / هاوەنگا واتە بەرەبەیان / کاتی هەڵهاتنی هەتاو، هاوەنی ناوی ئیزەدێکە کەکراوەتە پاسەوان و پارێزەری ئەو کاتە، هەروەها هاوەن کەرەستەیەکی پیرۆزی پەرستەگەیە کە (هاوەنەن) تیایدا گیای (هەوم) دەهاڕێت و ئامادەی دەکات بۆ دروست کردنی شەربەتی (هەوم). ئەم ناوە ئێستا لەزمانی کوردیدا ماوە و هەر (هاوەن)ی پێدەڵێین. هاوەنیی ئەشەڤەن واتە ئیزەدی راستیخواز و ڕووناکیپارێز و پارێزەری بەرەبەیان.

دووەم: رەتووی ئەشەڤەن واتە پیاو چاك و جوامێری پەیڕەوی ئەشا. (رەد، رەتوو) واتە چاك، جوامێر، لەبەرگی یەکەمدا شی کراوەتەوە.

سێیەم: ئافەرین بەواتای دروود و هەروەك لای خۆمان ئێستاش بەکاری دێنین ولاّمدانەوە وپێزانینێکە لەبەرامبەری چاکەیەکدا، ئەم وشەیە لە ریشەی (فەرین)ی ئاڤێستایی وەرگیراوە و بەچەند شێوەیەکیش هاتووە وەك: ئافەرین، فەرین، ئافەریتی و ئافەریۆن.

(٤) یەکەم: ساڤەنگهی / ساڤەنگهی لەریشەی (سەئومە) بەواتای سوود و بەهرە و قازانج گیراوە و یەکێکە لەهاوکارانی هاوەنی واتە پارێزەری هاوەن / بەرەبەیان و بەتایبەتیش بۆتە پاسەوان و پارێزەری ئاژەڵی گەورە.

دووەم: وەیسیە لەوشەی وەیسە وەرگیراوە بەواتای گوند و کراوەتە ئیزەدی پاسەوان و پارێزەری گوند و هەرواش یەکێکە لەهاوکارانی هاوەنی بۆیە لەگەڵ ساڤەنگهی پێکەوە دێن

(٥) ئازەر هەمان (ئاگر)ە وەك وشە، یەکێکە لەگەورەترین ئیزەدەکان کە بووەتە ئیزەدی پاسەوانی ئاگر. ئەم ئیزەدە دەبێتە هۆی نزیك کردنەوەی مەخلوقاتی دیکە بەخالق و هەربۆیەش نازناوی (کوڕی ئەهوورا)ی پێ بەخشراوە چونکە ئاگر وەك ڕووناکی، بەشێکە لەیەزدان و دیارەکە ئارییەکان (هیند و ئێرانی) زۆرتر و پێشتر لەدیکەی گەلان پەییان بەگرینگیی ئاگر بردووە و رێزیان لێ گرتووە، ئیزەدی ئازەری لای هیندووەکان بە (ئاگنی) ناسراوە و لە (ریگ ڤیدا)شدا یەکێکە لەخواوەندەکان بەلاّم

لای ئێمەی زەردەشتی نەك خوا بەڵكوو بۆتە ئیزەدی پاسەوانی ئاگرو ئەمەش وڵامێکی بەرپەرچ دەرەوەیە بۆ ئەو نائاگاو ناحەزانەی کە بە چەواشەییەوە دەڵێن زەردەشتیەکان ئاگر پەرستن.

(٦) یەسە (یەتا) ئەهوڤەیریو یەك لەو نوێژە پیرۆزانەیە کەلەگەڵ ئەشێم ڤوهوودا دێت و پێشتر ئاماژەمان پێکرد، واتاکەی بەمچەشنەیە: هەروا کەخواست و ئیرادەی داهێنەری تاقانەیە و رێبەری دین (زەردەشت) بەپێی یاسای ئەشا بەڕێوەی دەبات، پاداشتی ڤەهوومەن (خۆشەویستی) بۆکەسێکە، کارەکانی بەناوو یادی یەزدان ئەنجام بدات و پاسەوانی هەژاران و نیازمەندان بێت. نوێژی یەتا ئەهوو بەئەساس و بنەمای دین زانراوە (کەدواتر ئیسلامیش هەمان کاری کردووە و ناوەڕۆکەشی لێ وەرگرتووە!) ئەم نوێژە چەند کاتێکی بۆدانراوە کەئەنجام بدرێت وەك: کاتی سەفەر، بۆ کارێکی گرنگ، بۆ شەڕو سەرکەوتن، بۆ پەڕینەوە لەئاوی زۆر، زەماوەند کردن، تۆو کردن و درەخت چاندن، رێگە ون کردن و...... (کە دواتر لەئیسلامدا کراوەتە ئایەتەلکورسی)! و........

(٧) زەوت / زەئوتار / زەئوتەر نازناوی پێشەوایانی دینی بووە، زەوت بەو مۆبەدە دەوترێت کەلەگەڵ (ڕاسپی)دا داب و دەستووره دینییەکان ئەنجام دەدەن و نوێژەکان دەکەن و گاتاکان دەخوێننەوە.

(٨) نوێژی یەتائەهوو لەئاڤێستادا بەمشێوەیە: ((یەتائەهوو ڤەئەیریو ئاسار (ئاتار)ەتووش ئەشەئەت چیەت هەچا ڤەنگهەئوش دەزدا مەنەنگهو شیەئوتەنەم ئەنگەئوش مەزدایی خشەترەمچا ئەهوورایی ئایەمەدریگو بیەڤەدەدەت واستارەم)) واتە: زەردەشت وەك مەزنترین راستیی هەڵبژێردراوو بەپێی ئەشا سەروەرو رۆحانییە و کەسێکە کەکردەوەی چاکی مرۆڤەکان لەگەنجینەی کرداردا دەپارێزێت و لەرۆژی پەسڵاندا پێشکەشی بارەگای ئەهوورامەزدای دەکات. پێویستە بڵێم کەچەندین واتاو لێکدانەوەی دیکە بۆ ئەم نوێژە دانراوە بەڵام ئێمە تەنیا ئەم دەقەمان وەرگرت کەبەڕاست و دروستتری دەزانین

(٩) مەبەست لە (ئەو) هەمان (زەردەشت)ە و ئەو بڕگەیە بەگشتی هەمان واتای سەرەوە دەگەیەنێ.

(١٠) فێرەستوویە واتە بەرز ڕایدەگرم، لەسەرەوەی دادەنێم، بەسەرەتای دەزانم...

(١١) زەوت / زەئوتار / زەئوتەر نازناوی پێشەوایانی دینی بووە، زەوت بەو مۆبەدە دەوترێت کەلەگەڵ (ڕاسپی)دا داب و دەستووره دینییەکان ئەنجام دەدەن و نوێژەکان دەکەن و گاتاکان دەخویننەوە.

(١٢) دادار واتە خاوەن داد، داهێنەری داد و یاسا / رایومەند واتە خاوەن شکۆ و رووناکی (رەئێڤەنت) ناوە ئاڤێستاییەکەیەتی / فەڕەمەند واتە خاوەنی شکۆ و فەڕو مەزنایەتی / بورزمەند / واتە خاوەنی پلە وپایەی بڵند، پایەبەرز / سپەنت واتە پیرۆز.

(١٣) یەکەم: لەبەرگی یەکەمدا واتای وشەکانی (بەهمەن، ئۆردی بەهەشت، شەهریوەر، سپەندارمەز، خورداد ، ئەمورداد و گەئوش ئەورڤەن،مان کردۆتەوە و پێویست ناکات دووبارە بکرێنەوە، گەئوش تەشەنە/ گەئو شتەشەنە واتە داهێنەرو خولقێنەری گێتی، ژیان بەخش. ئەم ناوە زۆرجار لەگەڵ (گەئوش ئەورڤەنە)دا پێکەوە دێن. توخشا واتە کۆششکاری ماندوونەناس، تێکۆشەری کۆڵنەدەر.

(١٤) رەپیتڤەن بەکاتی نیوەڕۆ دەگوترێت و هەرواش ناوێکە بۆ ئیزەدی پاسەوانی ئەم کاتە، ئەم وشەیە واتای (باشوور)یش دەدات، ئوردیبەهەشتی نوێنەری ئاگر (تین) و هەمان (ئازەر)یش دەبنە هاوکاری رەپیتڤەن. ئەم ناوە بەچەند شێوەی جیاواز دەنوسرێت کەهەرهەموویان هەمان واتایان هەیە. وەك: رەپیتڤەن، رەفیتەن، رەفەتوون، رەپیتپین، رەپتون، رەبیتین، رەفتڤەن و.....

فرادەت فشوو ئیزەدی پاسەوان و پەروەردەکاری ئاژەڵ و گیانداری بچووکە و زەنتوم ئیزەدی بەش، ناوچەیە. فرادەت فشو وەك وشە واتای ئاژەڵدار و، (زەنتو)ش واتای ناوچە دەدەن.

(١٥) ئوزەئیریەن واتە کاتی نیشتنی هەتاو (خۆرئاوا)، ئوز / ئوس = ئەوپەڕ، ئەولا، دەرەوە + ئیرە = رۆژ، ئوزەئیریەن ناوی ئیزەدی پاسەوانی کاتی دوانیوەڕۆ (خۆرئاوا)یە.

فرادەت ویەر ئیزەدی گەشەپێدەری جەماوەرە و بەواتای پەروەردەکاری مرۆڤ دێت،

دەخێوم / داخێوم واتە وڵات، هەرێم و هەروا ناوی ئیزەدی پاسەوانی وڵات و هەرێمە، دەخێوم و فرادەت ویەر دووئیزەدی هاوکاری (ئوزەئیریەن)یشن.

(١٦) ئەویسرەڤەسریمە:چوارەمین بەش (کات)ە لە پێنج بەش (کات)ەکانی شەوو ڕۆژ کەدەبێتە سەر ئێوارە. (کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکان) تانیوەشەو، هەروەها ناوی چوارەمین نوێژە لە پێنج نوێژەکاندا و بۆتە ناوی ئیزەد (فریشتە)ی پاسەوانی ئەو کاتەی کە ئاماژەمان پێکرد. لەئاڤێستادا (ئەئیوی سرەڤەسریمە) دەنوسرێت کەلەدووبەش پێکهاتووە (ئەئیوی) واتە پێش، سەرەتا، دەسپێك و (سرەڤەسریمە)ش واتە هۆنینەوە، خوێندنەوە.

فرادەت ڤیسپەم: ناوی ئیزەدی پاسەوانی گیا و ڕووەکە و یەکێکە لەهاوکارەکانی ئەویسرەڤەسریمە و ئەو گیا و ڕووەکانە دەپارێزێت کە بۆژیانی بەختەوەرانە پێویستن.

زەرتوشتووم (زەرتوشتووڤەتێمە) ناوی ئیزەدی پاسەوانی پێشەوا ئایینیەکانە کە لەپەهلەویدا بۆتە زەرتوشتووم واتە کەسێك کە زۆرتر لەزەردەشت دەچێت، هەندێ توێژینەر بەواتای گەورەترین پێشەوای دینی ئاماژەیان پێکردووە.

یائیریە هوشیتی: واتە، ساڵانە،وەرزی. یائیریە لەوشەی (یار)بەواتای ساڵ وەرگیراوە و زۆرتر لەگەڵ (هوشیتی)دا دێت و سەرجەم واتای ئیزەدێك دەدات کەپاسەوانی ساڵە و لەسەرتاسەری ساڵدا سەروسامان و جێ و شوێنی شیاو بۆ ژیانێکی بەختەوەر بەجەماوەر دەبەخشێت.

ئەمە: بەواتای زۆرو هێز دێت، سیفەتێکیشە بۆ بەهێزی و هەروا ناوی ئیزەدی پاسەوانی هێزو توانایە. وشەی ئەمەوەنت، ئەماوەند، هەمەوەند، هەماوەندی کوردی و ئاڤێستاییش هەرلە ڕیشەی ئەمە وەرگیراوە کەبۆ مرۆڤی زۆر بەهێزو توانا بەکاردێت.

بەهرام (بارام): لەئاڤێستادا زۆرجار وشەی بەهرام هاتووە کەهەرکامەو واتایەکی جیاوازی هەیە وەکوو: بەهرام واتە هەسارەی مەریخ، بارام واتە بەهرامی پاڵەوانی ئوستوورەیی و .... تاد بەڵام ئەم (بەهرام)ەی کە باسی لێوە دەکەین لەئاڤێستادا بە (وێریتەرغنە) هاتووە و لەپەهلەویدا بۆتە وەرەهرام، لەفارسیدا بەهرام و

لەکوردیشدا بۆتە بارام، وەهرام ئیزەد (فریشتە)ی سەرکەوتنە و بیستەمین رۆژی مانگیش هەمان ئەو ناوەی لێنراوە، واتە بەهرام ئیزەدی سەرکەوتن و پاسەوانی ئەو رۆژەیە. یەکێك لە (یەشت)ەکانی ئاڤێستایش هەربەناوی (بەهرام یەشت) ناوی لێ نراوە.

ئەوپەرەتات، واتە دەسبالآیی و زالبوون و هەروەها ناوی ئیزەدی ئازایەتی و نەترسییە، لەزۆر شوێنی ئاڤیستا و بەتایبەت لە نزاو پاڕانەوەکاندا زۆر جار ناوی بەهرام وئەمەو ئەوپەرەتات وەکوو سێ ئیزەدی هاوکار پێکەوەدێت

(١٧) ئوشەهین :واتە کاتی نیوەشەو تا بەیان (هەڵاتنی خۆر) و هەروەها ناوی ئیزەدی پاسەوانی ئەو کاتەیە.

بەرجیە (بەرەجیە، بەرەنج) ئیزەدی پاسەوانی دانەوێڵەیە و یەك لەهاوکارانی ئوشەهینە.

سروش: (سرەئووشە) ئیزەدێکە بۆ پاسەوانی و پاراستن و بێداری و ئاگاداری و ناوی رۆژی حەڤدەهەمی مانگە زەردەشتیەکانیشە.

رەشن: ئیزەدی پارێزەری دادپەروەری، ناوی هەژدەمین رۆژی مانگ و یەك لەداوەرەکانی رۆژی کۆتایی. لەئاڤێستادا (ئەرشتات، ئەشتاد) ناوی ئیزەدی راستی و دروستییە و هەروەها ناوی بیست و شەشەمین رۆژی هەموو مانگێکە

(١٨) ئەندەرمانگ (ئەندەرماه، ئەنتەرماڤەنگهە) ئیزەدی یەکەم تا پێنجەمین رۆژی مانگ،

پەرمانگ ئیزەدی دەیەمین تا پانزدەهەمین رۆژو ڤیشەپتەسە ئیزەدی رۆژەکانی کۆتایی مانگە. ئەم سێ ئیزەدە هاوکاری یەکدین بۆپاسەوانی و ناویان پێکەوە دێت و پێکەوەش ستایش دەکرێن.

(١٩) گەهەنبار، گاهانبار بریتیە لەشەش جەژن و بۆنەی ساڵ کە بریتین لە:

مەیدیۆزەرێمە (چلەی بەهار) جەژنی چل و پێنجەمین رۆژی ساڵ

مەیدیۆشێمە (چلەی هاوین) جەژنی سەد و پێنجەمین رۆژی ساڵ

پەتیەشەهێمە (پەئیتیەشەهێمە) (کاتی خەرمان) جەژنی سەد و هەشتایەمین رۆژی ساڵ

ئەیاسەریمە (گەڕانەوە ـ گەڕاندنەوەی ڕان لەلەوەڕگەی هاوین و هەوارگە بەرەو ماڵ) جەژنی دووسەدو دەیەمین رۆژی ساڵ

مەیدیاریمە (نیوەی ساڵ ـ کاتی دەسپێکردنی سەرما) جەژنی دووسەدو نەوەدەمین رۆژی ساڵ

هەمەسپەتمەدەم (کۆتایی ساڵ) جەژنی سێسەدو شەست و پێنجەمین رۆژی ساڵ هەرکام لەو گەهەنبارانە بۆ ماوەی پێنج رۆژ دەکرێنە جەژن.

(٢٠) مێهر: (میترا ، میترە) واتە پەیمان و بەڵێن و خۆشەویستی. ئیزەدی پاسەوانی سۆزو پەیمانە و وەك ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان یەزدان و ئافەریدەکانیەتی. هەروەش ئیزەدی پاسەوانی تیشك و رووناکیە و حەوتەمین مانگ (مهر، رەزبەر) و شازدەیەمین رۆژی مانگ و (یەشت)ی دەیەمی ئاڤێستاو جەژنی پیرۆزی (مێهرەگان) بەناوی ئەوەوەن. ئایینی ستایشی مێهر لەئێرانی دێرینەوە گەیشتە بابل و ئاسیای بچوك و پاشان بەهۆی سەربازانی (رۆم)ەوە گەیشتە ئەوروپاو لەوێ بووکە وەکوو (خودا ـ یەزدان)ێکی لێهات و پەرستراو بەمشێوەیەش ئایینی مێهرپەرستی (میترایيسم) هاتە ئاراوە.

: (تێشتەر، تیر، تێشتەریە) ئیزەدی باران و هەروەش (چوارپا)کانە

گەئوشە: واتە ژیان، رۆحی خیلقەت (بڕوانە پەراوێزەکانی بەرگی یەکەم)

هورمەزد: (هورمەزد، هورموزد، ئورمەزد،هورمز، ئورمز) هەمان ئەهوورەمەزدایە، لێرەدا مەبەست لە (هورمەزد رۆژی یەوەمەند) ئەو رۆژە پیرۆزەیەکە گەنم و جۆ پێدەگات و بەرهەم دەدات. یەوە واتە جۆ کەلە هەورامیدا ئێستاش هەمان (یەو، یەوە)ی پیدەگوترێت.

مانگی تایبەتی فرەوەشی: مەبەست هەمان مانگی (فەروەردین ـ خاکەلێوە)یە.لەم مانگەدا یادی رەوانی مردووان دەکرێتەوە و رێزیان لێدەگیرێت بۆیە فەروەردین بۆتە ئیزەدی فرەوەشی واتە رۆح و رەوانی مردووان.

(٢١) مەنسەرە: (مانترا، مەنتەرە) واتە کەلامی پیرۆز (بڕوانە پەراوێزەکانی بەرگی یەکەم)

وەرجاوەند: واتە پایەبەرز، پیرۆزو بەڕێزو شکۆدار.

(٢٢) ئوشیدەرەن (ئوشیدەرێنە، ئوشیدەم) یەك لەو كێوە بەرزانەیە كە بەكێوی ئارامی و ئاسایش دەناسرێت و پێگەی كەیانیەكان بووە، بۆیە هەمیشە لەگەڵ (فەڕی كەیانی)دا پێكەوە دێ، هەندێك دەڵێن لە (سیستان)دایە، هەندێك بەكێوی (بابا) و هەندێكیش بەكێوی (خواجە)ی دەزانن بەڵام من پێموایە هەرهەمان (كەلی ئایشێ) بێت كە دەكەوێتە بناری شرام و نێوان كەیمنە و گەچینە و، دەڕوانێتە سەر گوندی نارنجڵە (ئەمەیان بەدواداچوونێكی مەیدانی و جوگرافیناسانەی تێروتەسەلی پێویستە). لەبیرمان نەچێت لەئاڤێستادا (ئوشیدەر)مان هەیە و لەچەمی ژاوەرۆشدا (چەشمیدەر)مان هەیە و ....

فەڕی كیانی: فەڕ، فەڕە، خۆر، واتە شكۆ، تیشك و رووناكی، مەبەست شكۆی ڕێبەران و پاشایەتی دێرینە چ كەیانیەكان و چ ئارییەكان چونكە هەم فەڕی كەیانی و هەم فەڕی ئاریاییمان لەئاڤێستادا هەیە. ئێستایش وشەی (فەڕ) لەكوردیدا ماوە و بەواتای بەرەكەت و پیرۆزی ناودەبرێت.

ئەشە: واتە راستی، رووناكی، چاكە (بڕوانە پەراوێزەكانی بەرگی یەكەم)

چێستا: زۆرزانا، ئاگا، هوشیار و بیرمەند، بچووكترین كچی- زەردەشت (بڕوانە پەراوێزەكانی بەرگی یەكەم) چیستا بۆتە ئیزەدی پاسەوانی زانایی.

ئەرسە: ئیزەدی پاسەوانی ماڵ و سامان و دارایی

رەسەستات: ئیزەدێكی دیكەی راستی و دادپەروەرییە

(٢٣) دامووییش ئۆپەمەن: ئیزەدی بەتوانا و سیمبولی رق و نەفرەتی چاك و راستیخوازانە لەبەرانبەر بەدكار و درۆزنەكاندا

(٢٤) ئەنیران: واتە رووناكاییە بێ پایانەكان، هەرواش واتای غەیرە ئاریایی دەدات.

(٢٥) بڕوانە پەراوێزی ژماری (٣)

(٢٦) فرەوەشی: رۆح، رەوان (بڕوانە پەراوێزەكانی بەرگی یەكەم)

(٢٧) زەور: ئاوێكی تایبەتە كەوەك خەیرات و قوربانی بەكاردەبرێت و پێشەوایانی دینی لەكاتی نەزركردنیدا لەلاڕێوڕەسمە دینیەكان دوعا و نزای بەسەردا دەخوێنن و پێشكەشی پەرستگەی دەكەن، زەور لەئاڤێستادا (زەئوترە)یە.

بەرسەم: چڵی باریك و كورتی بڕاوی درەختێكی تایبەتە كە لە پەهلەویدا (تاك)ی

پێدەڵێن و لە دارهەنار دەچێت، بەچەقۆیەکی تایبەت دەبڕدرێت و دەکرێتە دەست کە دەبێ لە ٣ تا ٣٥ چڵ بن و پاشان بەبەنێك دەیبەستن کە زۆرتر لەریشەی دارمێو یا خورما دروست کراوە و لەکاتی تایبەتیدا لەگەڵ زەور دەیکەنە قوربانی.

کوستی: (کوشتی، کوست، کوستیك) پشتوێنی تایبەتی زەردەشتیەکانە (بڕوانە پەراوێزی بەرگی یەکەم) بەڵام لێرەدا مەبەست ئەو تاڵە بەنەیەکە چڵە (بەرسەم)ەکانی پێ بەستراوە. کوستی و سەدرەی سەردەمی زەردەشت، ئێستاش لەناو ئێمەی کورددا ماوە کە پێی دەڵێن کەشیە و مێزەر.

(٢٨) ئەمشاسپەندان: لە دوو وشە پێکهاتووە،: (ئەمێشە) واتە هەتایی، نەمر، جاویدان و (سپەنتە) واتە پیرۆز. ئەمشاسپەندان شەشن کە دەبنە شەش سیفەتی ئەهوورامەزدا (بۆ زیاتر زانین بڕوانە پەراوێزەکانی بەرگی یەکەم.)

(٢٩) رام: (رامە، رامەن، رامش) واتە ئاشتی، تەبایی، ئاسوودەیی، ئاسایش، خۆشی و شادی و ناوی بیست و یەکەمین ڕۆژی هەموو مانگێکە و (یەشت)ێکیش بەناوی ئەو هەیە (رام یەشت)، رام بۆتە ئیزەدی پاسەوانی شادی و ئاسوودەیی و بەختەوەری.

(٣٠) ئەردی بەهەشت: (ئەشەڤەهیشتەم، ئێرتەڤەهیشت) باشترین راستی و چاکە (بڕوانە پەراوێزەکانی بەرگی یەکەم).

(٣١) شەهریاری شیدوەر: خاوەنداری نوورانی: (شەهریار واتە خاوەندار، پاشا، خاوەن و شەید واتە رووناکی، نوور)

(٣٢) دەروونە / وشەیەکی پەهلەوییە کەلە ئاڤێستادا (دەرئوونە)یە ناوی نانێکی تایبەتیە کە زەردەشتیەکان لەکاتی ڕێوڕەسمی ئاینیدا لەسەر سفرەی دادەنێن، نانێکی بچووك و خرت و سپییە کەپێشکەشی ئیزەدی سروش دەکرێت و سیمبولێکە بۆ سەرجەم ئەو نەزرو قوربانی و پێشکەشیانەی کە جیان لەئاو واتە وشکن. (٥) هاتی یەسنا (هاتی (٣) تا (٨) ) بەسەر یەکەوە بەناوی (دەروونە) دەناسرێن. ئەم نەریتە واتە دانانی دەروونە لەسەر سفرە لەکۆنەوە هەیە و سەردەمی میترابییەکانیش چوار تا شەش دانەیان دەخستە ناو سفرە و هەر ئەم نەریتەشە کەلەوانەوە گەیشتۆتە ناو ئایینی مەسیح. مەیەزد واتە ئەو نەزرو پێشکەشیانەی کە وشکن وەك نان و میوە و گۆشت و هەموو ئەوانەی کەتەڕ و ئاوەکی و شلەمەنی نەبن. هەروەها مەیەزد

بەواتای بەزم و شادی و کامەرانی دێت و بۆتە ڕیشەی وشەی میزبان (مەیەزدبان /ی پەهلەوی) کەبەواتای میواندار دێت.

(٣٣) هەوم/ پەراهەوم: هەوم گیایەکی دەرمانیە کە پیرۆز ڕاگیراوە و بۆدەرمانی نەخۆشین بەکارهاتووە بەڵام لێرەدا تایبەتە بەکاتی ڕێورەسمی ئایینی واتە چڵەهەومێك دێنن و جوان دەیکوتن و دەیگوشن و ئاوەکەی دەخۆنەوە. ئەو ئاوەی کەلەگوشراوەی هەوم دروست دەبێت پێی دەوترێت پەراهەوم. لەڕێوڕەسمەکانی ئایینی زەردەشتدا هەوم تەنها لەکاتی تایبەتیدا دەکوترێت و ئاوی لێدەگیرێت و دەکرێتە نەزر، ئەویش لەگەڵ خوێندنەوەی ئاڤێستا و ڕازونیاز لەگەڵ ئاهوورادا. هەوم و ڕێوڕەسمەکەی پێشتر سەرنجێکی زۆری دراوەتێ و بایەخی تایبەتی هەبووە و دەکرێ بڵێین جیاکەرەوەی دینی مەزدیەسنا لەدینەکانی دیکە بووە. لەئاڤێستادا سیفەتی (دورەئوشە) دراوەتە پاڵ هەوم کەواتای دوورکەرەوەی مەرگ دەدات، هەربەپێی ئاڤێستا گیای پیرۆزی هەوم لەکێوە بەرزەکاندا دەڕوێت و شەرابی هەوم (پەراهەوم) ژیانبەخش و درێژکەرەوەی تەمەنی مرۆڤە.

سپیتمان ـ ناوی بنەماڵەیی (نازناو)ی زەردەشتە. لەگاتاکاندا بەشێوەی (سپیتما) هاتووە کەواتای تیرە و نەژادو ڕەگەزی سپی دەگەیەنێت، سپیتمان ناوی باپیرەی نۆیەمی زەردەشتە و هەروەاش دراوەتە پاڵ دووکەسی دیکە لەبنەماڵەی زەردەشت کەئەوانیش (پەئورڤەچیستا)ی کچی- زەردەشت و (مەیدیوما)ی کوڕی (ئاراستا) ئامۆزای زەردەشتە.

(٣٤) هەزەنە ئێپتا ـ ناوی گیایەکی پیرۆزە کەلە ڕێوڕەسمی تایبەتدا لەگەڵ زەورو بەرسەم و هەوم یکەوە بەکاردەبرێن.

(٣٥) خورداد (هەئورڤەتاتە) ناوی شەشەمین ڕۆژی مانگ و سێیەمین مانگی ساڵی هەتاوییە، واتای کەماڵ و پێگەیشتوویی دەدات و بۆتە ئیزەدی یاسای پێگەیشتوویی.

ئەمورداد (ئەمێرەتاتە) ناوی حەوتەمین ڕۆژی مانگ و پێنجەمین مانگی زەردەشتیە کەئێستا بەهەڵە لە فارسیدا (مورداد)ی پێدەڵێن. کەواتای مەرگ و فەنابوون دەدات کەچی وشە دروستەکە هەمان ئەمورداد/ ئەمێرەتاتەیە کەبەواتای نەمری و ژیانی تاهەتایی دێت و ئەویش ئیزەدی هاوکاری خوردادە.

(٣٦) خەستو: شادمان و سەرفرازو شانازیکەر/ واتا من شانازی دەکەم و سەفرازم کە شوێنکەوتووی ئایینی مەزدایەسناو هەڵگری ئەشام.

(٣٧) یەتائەهوڤەئیریە لەئاڤێستادا زۆرتر (ئەهونەڤەئیرە)ی پێدەگوترێت و یەکێکە لەنزا شیعریەکان (گاسانیك) سەرجەم (٢١) وشەیە و بەوتەی دینکەرد (٢١) نەسکەکەی ئاڤێستا بەپێی هەمان ژمارەی (یەتائەهو)ەیە. یەتائەهوو نزایەکی هەرە گرینگە کەبایەخێکی زۆری پێدراوە و بۆزۆر شوێن و کات و کار بەکاردەبرێت و پێشکەش دەکرێت. ئەم نزایە بەپێی دەقە ئاڤێستاییەکەی بەم چەشنەیە: ((یەتائەهوڤەئیریە ڤاتارەتووش ئەشەئەت چیسەهەچا ڤەنگهەئووش دەزدامەنەنگهوو شیەئوتەنەم ئەنگەئوش مەزدایی خشەترەمچا ئەهورایی ئایەم دریگوبیڤە دەدەت ڤەئەستارەم)) زۆر واتاو لێکدانەوە بۆ ئەم نزا بەناوبانگە نوسراوەتەوە کەزۆر لێك دوورنین و بەگشتی لەواتادا هاوبەشن کە دیارترینیان بەمچەشنەیە: ((زەردەشت وەك سەلمێنراوترین هەڵبژێردراو بەپێی ئەشا سەروەرو رۆحانیە و کەسێکەکە رەوشتی چاکی مرۆڤەکان لەگەنجینەی کردارەکاندا دەپارێزێت و لەرۆژی پەسلاندا پیشکەشی بارەگای ئەهوورامەزدای دەکات)).

(٣٨) یەنگهەهاتەم ـ نزایەکی تایبەتە کەلەکۆتایی هەندێك لەهاتەکاندا دێت (حەوت هات). ئەویش بەدووجار، جاری یەکەم بەمەبەستی ستایشی هورمەزدو ئەمشاسپەندەکان و جاری دووەم شکستی ئەهریمەن. واتای ئەم نزایە بەمچەشنەیە: ((مەزدائەهوورا ئاگاداری ئەو کەسانەیە (چ ژن چ پیاو) کەلە ستایشدا چاکترو پاکترن، بەپێی ئەشا ئێمەیش ستایشی ئەو کەسانە دەکەین)).

(٣٩) ئەیدوون ـ هەمان (ئەت)ی ئاڤێستاییە کەبەواتای (بەمجۆرەبێت، ئاوابێت کەمن دەمەوێت، بەم ئاراستەیە) دەدات، ((ئەتەجەمیات یەسە ئافرینامی)) واتە ((ئاوابێت و بەمجۆرە بێت کەمن دەمەوێت)).

(٤٠) بەهمەن (ڤەهوومەنە)) بەواتای رەوشتی چاك، ناوی دوەم رۆژی مانگ و دەیەمین مانگی ساڵی زەردەشتیە، هەروەها ناوی هەندێ نزاو هەندێ کەسایەتیی بەناوبانگیشە.

ئـەردی بەهەشـت ـ (ئەشەڤەهیشـتە) واتـە چـاکترین راسـتی، چـاکترین یاسا.ئەشـە بـەواتای راسـتی ـ رووناکی ـ راسـتەقینە ـ یاسـا دێـت و ڤەهیشـتە واتـە باشـترین، چـاکترین. نـاوی سـێیەمین رۆژی مـانگ و دووەمـین مـانگی سـاڵی زەردەشـتیە. ئەردیبەهەشت هاوکاری فریشتەی بەهمەن و سیمبولی راستی و پاکی و پیرۆزییە.

[٤١] (١) (بـەئایینی ئەشـە) واتـە بـەپێی یاسـاو رێسـای ئەشا کەئـەویش هـەمان راسـتی و دروستی و دادوەرییە... واتە بەشێوەیەکی راسـت و دروسـت و بەراستگۆیی و پاکی و چاکی.

(٢) خورشـی میـەزد) واتـە خـواردنی تایبـەت بـۆ نـەزرو خێـرات لـەکاتی بۆنـە ئایینیەکاندا... میـەزد (مەیـەزد) بریتیە لـەخواردنی ناشلەمەنی (وشك)وەکوو نان و میـوە و گۆشـت و... یاهـەر خواردنێـك جگـە لـەئاوو شـەربەت و.... واتـە شـلەمەنی نـەبێت بـەڵام پێکـەوە دروسـت کرابێـت و لـە رەسـم و یاسـای ئـایینی (یەزشـنە)دا پێشکەش دەکرێت. میـەزد لەپەهلەویدا بـەواتای جـەژن و بـەزم و کۆڕوکۆبوونـەوەی شادمانیش هاتووە و (میزبان)ی فارسی کە کورتکراوەی (میـەزدبان)ی پەهلەوییە و بەواتای میواندار دێت، هەر لەو واژەیە وەرگیراوە.

(٣) خۆشنوودی: پێخۆشحاڵی، پێخۆش بوون، رەزامەندی.

[٤٢] (پادافرە) سزا، جەزا، لێپرسینەوە، سزادان و تەمبێ کردن بە هۆی تاوانێکەوە.

[٤٣] (دورڤەج) درۆ، ناڕاستی و نادروستی کەشتێکی خراپ و ناپەسەندە لەئایینی زەردەشتیدا. وشەکە دواتر کورت کراوەتەوە و بۆتە (دروج) و ئێستاش لەسۆرانیدا وەك (درۆ) و لەهەورامیشدا وەك (درویٚ) ماوەتەوە.

[٤٤] ئەستومەند)یا (ئەستوەنت)واتە مادی، لەریشـەی (ئەسـت) وەرگیـراوە کـە ئـەویش هەسـتە (دانـە) و اسـتخوان (ئێسـقان)ی لێـوەرگیراوە... واتـە شـتێك کەلـە مـادە دروسـت کرابێـت... ئەسـتومەند لەبەرانبـەر (مـەئینو)وە دێـت کـەواتای مەعنـەوی، غـەیرەمادی دەدات و کـەدەڵێین جیهـانی ئەسـتومەند، واتـە ئـەم جیهانـە مادییـە و ئـەو شتانەی کە دەبینرێن و لەبەر دەستماندان.

[٤٥] (سوشیانت) واتە رزگاریدەر، جاروبار بەواتای (پێشەوای ئایینی)یش هاتووە.

(٤٦) (١) (ڤەیڤەنگەهان) یا ڤیڤەنگهەڤەت باوکی (جەمشید)ە کەبەپێی گێڕانەوەی (هەوم یەشت) یەکەمین کەسە کە هەوم و گوشراوەی هەومی ناسی و بەکاری هێناو کەڵکی لێوەرگرت. (بۆ هەوم بڕوانە پەراوێزی ٣٣).

(٤٧) دانانی ١٥ ساڵ بۆتەمەن بەمەبەستی پیشاندانی گەنجێتی و تازە لاوێتییە، واتە بۆ ئەوەیە کەبزانین پیری و کەنفتی لەئارادانیە و ژیانی لاوێتی و شادمانی دەورانی گەنجێتی لەلووتکەدایە.

(٤٨) یەکەم: (ئابتین).. باوکی فەرەیدوون.. لە ئاڤێستادا وەکوو زانا و جوامێرێك ناوی هاتووە کە پێشەوای دین و ڕێپیشاندەری جەماوەرە، ئابتین یەکێکە لە ستایشکارەکانی فریشتەی هەوم و هەربەو پێیەش یەزدان کوڕێکی سالاری وەك (فەرەیدوون)ی پێ بەخشیوە. ئابتین بە واتای (سروشتی پاك و چاکەخواز.. خاوەنی گوتە و کرداری چاك) دێت. لە ئاڤێستادا (ئاسویە)یە و بەمپێیەش دەبێ دروستەکەی بۆ ئێمە (ئاتبین) بێت نەك (ئابتین)، بەڵام لە سانسکریتدا (ئاپتیە) هاتووە هەر بۆیە لە نووسینەکانی دواتردا بۆتە (ئابتین).

دووەم: (ئەژی دەهاك).. ناوی ئاڤێستایی (زەحاك)ە، ناوێکی لێکدراوەو لە دووبەش پێکهاتووە: (١)_ ئەژی کە بە پێی بڕگەی (٥)ی بەشی (١٤و ٦٥)ی بەشی (١٨)ی ڤەندیداد و بڕگەی (٩)ی ئابان یەشت، بە واتای (مار، ماری سوور) هاتووە و زۆرجار بەواتای جانەوەرێکی ئەهریمەنی بەکار دەبرێت وەکوو هەمان (ئەژدیها)ی ئێستا. (٢)_ (دەهاك) کە لە هاتی (٩)ی یەسنەدا هەر بەواتای جانەوەرێکی دێوسیرەت و ئەهریمەنی و جارجاریش بەواتای (خاوەنی دە عەیب/ عار/ خراپە) بەکار هاتووە. زوحاك بەپێی ئاڤێستا و شانامەی فیردەوسی و دیکەی دەقە مێژووییەکان، دەسەڵاتدارێکی ملهوڕی ستەمکاری خوێنڕێژ و دوژمنی نەژادی ئاری بووە. لەبڕگەی (٢٩)ی ئابان یەشتدا هاتووە: " ئەژی دەهاکی سێ قەپۆس لە وڵاتی (بەوری/ بابل) سەد ئەسپ و هەزار گا و دەهەزار مەڕی کردە قوربانی بۆ (ناهید) تا یارمەتیی بدات کە هەر حەوت وڵاتەکە لە مرۆڤ خاڵی بکاتەوە، واتە ڕەگەزی مرۆڤ لە نێو بەرێت، بەڵام ئاواتەکەی نەهاتە دی. هەروەها لە بڕگەی (١٩)ی (رام یەشت)دا هاتووە کە زوحاکی کوڕی مەرداسی تازی لە (کەویریەنتە)دا قوربانیی بۆ

(وايو) واته ئیزەدی (با) دەکرد. کەویریەنته هەمان (کرند)ی ئێستایە کە دەکەوێتە نێوان کرماشان و قەسری شیرین.

سێیەم: (دورڤەند).. لە گاتاکاندا (درەگڤەنت) و لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستادا (دورڤەنت) هاتووە کە ئەویش بە کەسێك دەگوترێ، درۆزن و درۆپیشە و چەوت و خراپ و پەیڕەوی درۆ بێت. لە ئاڤێستا و فەلسەفەی ئەشوو زەردەشتدا خراپترین و ناکەسترین بوونەوەر هەمان (درەگوەنت) واتە درۆزنە، درۆپیشەیە.. کەسێك کە پشتی لە ئەشا و راستی و دروستی کردووەو پەیڕەوی لە درۆ دەکات بۆ ئالۆز کردنی بارودۆخی گێتی

(٤٩) یەکەم: (ئەترەت) باوکی گەرشاسب و لە خانەدانی (جەمشید)ە.

دووەم: (تریتە) ناوی باوکی گەرشاسبە، یەکێکە لە نەوادەی پیشدادییەکان و لە ئاڤێستا و بەتایبەتی لە بەشی (٢٠)ی ڤەندیداد و بڕگەی (١٠)ی یەسنای (٩)دا بە چاکی و بە ڕێزەوە ناوی هاتووەو ستایشی کراوە.

سێیەم: (سام)... پاڵەوانی ئوستوورەیی ئێرانی کۆن، باوکی زاڵ باپیرەی رۆستەم لەبنەماڵەی گەرشاسپە، باوکی (ئەترەت)ی باپیرەی گەرشاسپیش هەرناوی (سام)ە و هەروەها کوڕە گەورەی (نوح)یش ناوی سام بووە و رەگەزی (سامی) کەبریتیە لەهۆزەکانی یەهوود و ئارامی و ئاشووری و عیلامی، لەوەوە ناونراون، بەهەرحاڵ مەبەست لە (سام)ی ئاڤێستا، هەمان باپیرەی رۆستەم و نەوەی گەرشاسپە.

چوارەم: (ئەرڤاخشەیە).... برای گەرشاسپ و باوکی (تریتە)یە لەخانەدانی سام، ئورڤاخشەیە پارێزکارو یاساناس و یاسادانەر بوو. لەهەوم یەشت و هەرواش لەبڕگەکانی ١٠ و ١١ی یەسنای (٩)دا لەمەڕ تریتە هاتووە: ((ئەم بەختەوەرییەی هەبوو کە دووکوڕی پێ بەخشرا: ئورڤاخشی و گەرشاسپ، یەکەمینیان داوەرو دادوەر ویاسادانەرو دووەمینیش زیرەك و پاڵەوان و....)).

پێنجەم: (گەرشاسپ).... گرشاسب، کرشاسب، کرەساسپە بەواتای خاوەنی ئەسپی لەڕ، پاڵەوانی ناوداری ئێرانی کۆن کوڕی (ئەترەت) کوڕی (سام) کوڕی (توورەگ) کوڕی (سپانیامب / شیدەسب) کوڕی (دوورشاسپ) کوڕی (توگ /

تـور) كـوڕی (فەرەیـدوون)ە كـە لـە ئاڤێستـادا بـەنازناوی (نەڕمەنـەئو) واتـە پیاوسرشـت و پاڵـەوان نـاوبراوە و ڕێـزی لـێ گیـراوە. لەئاڤێسـتادا نەسكێك بـەناوی (سوتكەرنەسـەك) هـەبووە كەلەبەشـی پازدەهەمیـدا بـەدوورو درێـژی باسـی گەرشاسپ كراوە بەڵام بەداخەوە ئەو نەسكە فەوتاوە و بەشێكی كورتی لـە (نامەی پەهلـەوی دینكـەرد) لەبەشـی (٤)ی دەفتـەری نۆیەمـدا هـاتووە و پێماندەڵێت كـە نـەژادی ڕۆسـتەمی دەسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم (گەرشاسـپ)ە. گەرشاسـپێكی دیكەمان هەیە كە دەبێتە كوڕی (زەئۆ) و دەیەمین پاشای پێشدادیە كە (٩) ساڵ پاشایەتیی كردووە و گەلێ بەهێز و بەتوانا بووە.

(٥٠) (نـەریمان)... لەئاڤێستادا (نەئیرمەنەئو)یە بـەواتای پیاوسرشـت و دلێـر و پاڵـەوان، وەكـوو نازناوێك بـە گەرشاسـپ بەخشـراوە و دواتـر بۆتـە (نـەریمان) و وەكـوو نـاوی لێهـاتووە، وەك سـامی نـەریمان، گەرشاسـپی نـەریمان، زاڵـی نـەریمان و... نـەریمان باوكی سام و باپیرە گەورەی ڕۆستەم بووە.

(٥١) پورڤەشەسـپ واتـە خـاوەنی ئەسـپی زۆر، نـاوی بـاوكی زەردەشـت و كـوڕی (پیتەرەسـپ)ە كـە لـە ئاڤێسـتادا بـەڕێزەوە نـاوی هـاتووە و لەیەسـنای (٩)دا بەچـوارەمین ستایشـكەری هـەوم نـاوبراوە كـە لەپاداشـتدا كـوڕێكی وەكـوو (زەردەشتی) پێ بەخشراوە.

(٥٢) یەكـەم: (ئیرانـویج)... ئەئیریەنەڤەئێجـە واتـە تـۆوی ئیریـەن و بەگشـتی واتـە سەرچاوە و ناوەنـد و نـاخی ئێـران كەبەداخـەوە ڕۆژهەڵاتناسـان لەناسـینی تەواویـدا تووشـی هەڵـە بـوون چـونكە لەڕاسـتیدا هـەروەك لەبڕگـەی (١٢)ی بەشـی (٢٩)ی بوندەهێشـی پالەویـدا دەردەكـەوێت، شـوێنی ئیرانـویج دەكەوێتـە ڕۆژئـاوای ئێـران و هەم ڤەندیداد و هەم كەتیبەكانی خارەزم بەساردترین دەڤەری ئێران ناویان بردووە، ئەوەش بڵێم كە ئیرانویج یەكەمین شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونی ئارییەكان بووە و دواتـر لـەوێوە پـرژوبڵاو بوونەتـەوە بەسەرتاسـەری ئێرانـی گـەورەدا... بۆیـە مـن (هـەروەكوو لەبـەرگی یەكەمیشـدا باسـم كـردووە) ئیرانـویج بـەخودی (ئاریامـەن ـ ئـایران ـ اورامـان = هەورامان) دەزانـم. باسـەرنجی ئـەوەش بـدەین كـە ئێـران ڤـەچ ـ ئیران ڤاچ بـەزمانێك دەگوترێ كەهاوڵاتیانی ئەئیریەنەڤەئێجە پێی دواون و ئەویش

(ئیران)، هەمان ئاریان و ئایران دەگریتەوە و (ڤەچ ـ ڤاچ)یش هەمان (واتە، واچ، واچی)ی ئەمڕۆی هەورامانە، کەوابوو دەکرێ بڵێین (ئەوانەی کەبەزمانی ـ واچ ـ واچە) قسەیان کردووە.

دووەم: (ئەهونەڤەئیریە)... هەمان نویژو نزای بەناوبانگی (یەتائەهوو)یەکە لەپەراوێزی ژمارە (٨)دا باسمان کردووە.

(٥٣) ١) (توخشا)... بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٣)

٢) (دووڕەوان / دوومینو) واتە دوو رۆح، مینو / مەئینیۆ بەواتای رۆح دێت، ئێمە بەکاتی خۆی و لەشوێنی خۆیدا بە (گیان ـ رۆح ـ رەوان ـ مینو) ناوی دەبەین.

٣) (پەنهان کردنی دێوەکان)... زەردەشت چوارجار نزای (ئەهونەڤەئیریە)ی خوێندۆتەوە و لەئاکامدا هەموو پەری و دێو و درنجەکان هەڵاتوون و چوونەتە ژێر زەوی. ئەمەش وامانلێدەکات بڵێین کە ئایەتەل کورسی و دەمبەستی گورگ و.... لەئیسلامدا لەو بەشەی ئاڤێستا وەرگیراوە.

(٥٤) (بۆرزمەند)... واتە خاوەن بەرزی و بڵندی و شکۆ و مەزنایەتی، (بورز) هەمان (بەرز)ە واتە بڵند کە ئێستایش لە کوردستان و بەتایبەتی لەهەوراماندا هەمیشە بەکاردەبرێ.

(٥٥) (١) (کەوی) و (کەرەپ) ... دوو گروپ لەسەرکردەکانی دێویەسنا و دژی دینی زەردەشت، لەبەشەکانی ئاڤستادا بەچەواشەکار و کەرو کوێر ناویان براوە.(کەرەپان) نازناوی ئەو رێبەرو پیشەوایانەی پێش سەرهەڵدانی زەردەشتە کە خەریکی چاوبەستی خەڵك و فریودان و ترساندنیان بوون و کاری جادوگەرانەی سەیرو سەمەرەیان دەکرد و بەهۆیەوە هەم قازانجێکی مادیی زۆریان دەکرد و هەم جەماوەریان دەترساند و زاڵ دەبوون بەسەریدا... زەردەشت زۆر بەتوندی لەبەرانبەریاندا وەستا و بەرهەڵستی کردن، گەرچی سەرەتا ئەوانیش بەهەموو شێوەیەك دژایەتیی زەردەشتیان دەکرد بەڵام سەرەنجام ئەوان شکستیان هێنا و دینی مەزدایی سەرکەوت.

(٢) (ئەشموغان)... لەپالەویدا (ئەشموگ) و لەئاڤێستادا (ئەشێمە ئووغە)یە بەواتای تێکدەری ئەشا (راستی)، لەئاڤێستادا زۆرتر وەکوو چەواشەکارو فریودەر ئاماژەیان پێ کراوە.

(٥٦) ناسینی ئەوان بەمەبەستی پێشگری لە داوەکانیان و بەرهەڵست کردنیان و وشیار کردنەوەی جەماوەر لەزیان و زەرەرەکانیان.

(٥٧) (نەسك)... واتە کتێب ـ بەرگ، ئاڤێستای پێشوو سەرجەم (٢١) نەسکەبووە کە لە دینکەرددا بە دوورودرێژی باسی لێوە کراوە. وشەی (نەسك / نەسەك / نەسکە) ئێستایش لەناو کورددا ماوەتەوە: لەهەورامانـدا بەتاپۆ و بەڵگەی خاوەنداریێتیی زەوی و زار دەڵێن (نەسەق) کەهەمان نەسەکە بەئاڵوگۆڕێکی زۆرکەم لەبواری وشەی (ك) و (ق)دا.

(٥٨) (کەرەسان)... یەکێکە لە (دێویەسنا)ن واتە دوژمنی دینی ئەهوورا و پەیڕەوی درۆو فریوکاری... لەبڕگەی (٢٤)ی یەسنای (٩)دا بەمچەشنە باسی (کەرەسان) دەکات: ((... کەسێك کەلەپێناو داسەپاندنی دەسەڵاتی چەوتی خۆیدا هەموو پێشکەوت و گەشەیەکی دەمراند...)).

(٢) (ئاتۆربان)... کەبەشێوەی (ئاتەربان / ئازەربان / ئەسۆرەنان)یش هاتووە، واتای پاسەوانی ئاگر دەدات و بەیەکێك لەپێشەوایانی ئاییني زەردەشت دەگوترێ کەئەمرۆ (مۆبەد)ی پێدەڵێین، ئاتوربانەکان لەئاتەشگەکاندا خەریکی کاروباری رۆشن هێشتنەوەی ئاگرو فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵان، و خوێندن و نوسین و .... دەبوون و هەندێجاریش دەچوونە دەرەوەی وڵات بۆ پەرەپێدانی زۆرتری دینی مەزدیەسنا.

(٥٩) (١) (کوستی)... بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢٧)

(٢) (مەنسەرە)... بروانە پەراوێزی ژمارە (٢١)

(٦٠) (زیناوەند)... کەسێك کە چەکی تەواوی پێیە (پڕچەکە)، بەهۆی پڕچەکی و تەیاری و ئامادەیی و هێزو توانای (تەهموورس)ەوە نازناوی (زیناوەند)ی پێ بەخشرا.

(٦١) (ئەشموغ)... بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٥٦).

(٦٢) (باژ)... (باج ـ باز ـ واژ) لەئاڤێستادا (ڤەچ ـ ڤاچ) هاتووە کەهەمان وشەی هەورامیی (واچ ـ واچە)یە بەواتای (گوتن ـ وشە ـ قسە) و وزۆرتر بۆ کرکە دێت واتە قسەکردن بەهێمنی و بەچرپە.

(٦٣) (ئەردیبەهەشت)... بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٣ و ٣٠).

(٦٤) (١) (ئەوەپایەری سەئینە)... بەواتای (بەرزتر لەفڕینی باز) دێت... بۆ دیاریکردنی شوێنەکەی، بەداخەوە وەکوو دیکەی چەمکەکانی ئاڤێستا، تۆژێنەران و ئاڤێستاناسەکان بەهەڵەدا چوون و گوتوویانە: ((دەبێتە (ئەپارسەن) کەسەرچاوەی رووباری (هیلمەند)ی سیستان پێك دەهێنێ...))، لەحاڵێکدا ئەم بۆچوونە هەڵەیە و دەبێ بڵێین: (ئەوە پایری سەئێنە) هەمان لووتکەی بەرزو کانیاوی زوڵاڵی (ئاویەر)ە لە (سنە)، سەئێنە هەمان سنەیە و ئەوەپایریش هەمان ئاویەر، لەکتێبی (ژوانی یەسنا)دا زۆرتر لەم بارەیەوە لەسەری ڕۆیشتووم.

(٢) (ستەئورەسارە)... یا ستەروسارە بەواتای (ئەستێرەسەر) دێت واتە کێوێك کە لەسەر بەرزاییدا لووتکەی گەیشتۆتە ئەستێرەکان، ئەم کێوە لەبڕگەی (١١)ی یەسنای (١٠)دا لەگەڵ چەندکێوێکی دیکە ناوی هاتووە و ڕێزی لێگیراوە چونکە گیای هەومی لێ ڕواوە.

(٣) کوسروپەتە)... ئەویش یەکێکە لەو کێوە بڵندانەی کە گیای هەومی لێ دەڕوێت، لەدوو وشە پێکهاتووە: (کوسرو) واتای خاڵی و بەتاڵ و (پەتە) بەواتای کەوتن و لێژی دێت و سەرجەم واتای (کێوی بڵندی بێ داوێن ـ بێ لێژی)یان بۆداناوە.

(٤) (ویش پەتە)... ئەمیش لەهەوم یەشتدا ناوی هاتووە و بەکێو یا گوزەرگەی کێوەکان هاتووە.

(٥) (سپیتەگونە)... یا (سپیتوگەئونە) بەواتای سپی ڕەنگ هاتووە و یەکێکە لەو کێوانەی کە دەبێ بە بەفر داپۆشرابێت.

(٦٥) (گاودرەفش)... لەئاڤێستادا (گارڤەش درەفشە)یە لەپالەویدا واتە (ئالای گا) و مەبەستیش لەو کەسانەیەکە هەمیشە لەجموجووڵدان و بێ ئارامن.

(٦٦) (ئاتروبان) ... بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٥٩).

(٦٧) (دروج)... بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٤٤).

(٦٨) (مینو ـ مەئینیو)... واتە بەهەشت، فیردەوس لەپالەویدا (مینوك) و لەئاڤێستاشدا (مەئینیەو ـ مەئینیو)یە و بەواتای رۆح، گیان، رەوان، ناخ و سرشت دێت.

(٦٩) (وەربین)... بەرچاك، كاتێ ژنان دەچنە دەرودەشت بۆ گژوگیا چنین، گیا چنراوەكە دەكەنە كەوشیان. وەربین وشەیەكی هەورامییە و دەكاتە هەمان بەرچاك.

(٧٠) بڕوانە هاتی (٤٧)ی گاتاكان بڕگەی (٥) لەبەرگی یەكەمدا.

(٧١) (ئەسپەریس)... واتە گۆڕەپانی ئەسپ سواری.. زەوییەك بەپانتاییەكی زۆرەوە كە بكرێ ئەسپ سواریی تێدا بكرێت، ناوی گوندێكە لە هەورامان كە لە (ژوانی یەسنا)دا لەسەرمان نوسیوە.

(٧٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بڕگەی (٤)ی بەشی (١١)ی كتێبی پالەوی (شایست نەشایست).

(٧٣) یەكەم، (ئەرتەشتار)... واتە سەرباز، چەكدار، ئەوەی كە پارێزگاری لەولآت دەكات، هەمان پێشمەرگە.

دووەم، (بەرزیگەر)... واتە وەرزێر

سێیەم، (دەهەك) واتە دە عەیب... كورت كراوەی (ئەژی دەهاك / زوحاك)ە

چوارەم، (موورەك)... لەئاڤێستادا (مەهەركە)یە بەواتای فەنا و نابووتی و مەرگ و نەخۆشی، نازناوێكیشە بۆ (دێوی ئاپوش) زۆرتریش بۆ مەرگی ناوادە بەكاردەبرێ.

پێنجەم، (وەرەشنە) ... یا (وەرەتویەش)... جانەوەرێكی خراپ و ژاراوی و زیانەخرۆیە.

(٧٤) یەكەم، (ئەفراسیابی تورانی).. پاشای توران كە هەمیشە لەگەڵ ئێران لە شەڕدا بوو، هەر ئەویش بووە هۆی كوژرانی (سیاوەش)ی كوڕی (كەیكاوس) كە مێردی (فەرەنگیس)ی كچەكەی خۆی (ئەفراسیاب)بوو. زۆرتر بەپاشای توركەكان وبەسوكی و بێ ڕێزی ناوی لێدەبرێت چونكە یەكێك بووە لە دوژمنەكانی ئێرانی دێرین و لە ئاڤێستادا هەمیشە بە سیفەتی (مەئیریە) هاتووە واتە خراپەكارو ناپاك و سزاواری مەرگ, سەرەنجام لەتۆڵەی خوێنی سیاوەشدا بەدەستی (كەیخەسرەو)كوژرا . (لە بیرمان نەچێت كە ئێران و توران) هەر هەمیشە وەك دوو

دوژمنی خوێنی بوون و من پێموایە هەمان ئەو دژایەتیە ئێستەش لە خوێنی تورکە تورانیەکاندا ماوەتەوە).

دووەم، لە ئەدەبیاتی دینی زەردەشتیدا زەوی (سێ تۆ)ی هەیە واتە سێ لایە و سێ توێژە.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (فەروەردین یەشت).

سێیەم، من ئەم بڕگەیە و بڕگەی (٤)یش بە دروست نازانم، چوونکە دەزانین کە زەردەشت کوشتنی گیاندارەکانی قەدەغە کردووە و دەڵێت دەبێ خزمەتی ئەو ئاژەڵە بەسوودانە بکەین، بۆیە ئەم بڕگەیە جێگەی شك وگومانە و من پێموایە دواتر و لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی عەرەبیدا پەڕیبێتە ناو ئەم بەشەی ئاڤێستاوە!

(٧٥) مەبەستی ئەوەیە کە یەك تا دە بەرابەر پاداشت دەدرێتەوە.

(٧٦) یەکەم، (کەی گشتاسب) یا (کەوی ویشتاسپە).. پێکهاتووە لە دووبەش: (ویشتە) بە واتای ناکار، ناتەوان، کەنفت و (ئەسپە)ش بە هەمان واتای ئەسپ. سەرجەم واتە خاوەنی ئەسپی لەڕولاوازو پیرو ناتەوان، (کەی) نازناوێکە بۆ پاشا کەیانییەکان. گشتاسب کوڕی (لەهراسب)ی پاشای کەیانی بوو و داوای پاشایەتیی دەکرد بەڵام باوکی نەیدایە، ئەویش تۆراو ڕۆیشتە (ڕۆما) و لەوێ لەگەڵ (کەتایون)ی کچی- قەیسەری ڕۆما زەماوەندی کرد، دواتر گەڕایەوە ئێران و سەرەنجامیش بوو بە پاشا، زەردەشت لە سییەمین ساڵی پاشایەتیی ئەودا سەریهەڵدا.. ئەویش ڕێزی لێگرت و دینەکەی پەسەند کرد هەربۆیە کەوتە بەر ڕق و کینەی (ئەرجاسب)ی تۆرانی/تورك و پێکەوە کەوتنە ناو شەڕو خوێنڕشتنێکی بێسنوور تا سەرەنجام ئەسفەندیاری کوڕی، توانیی ئەرجاسب بکوژێت و کۆتایی بەو شەڕو خوێنڕشتنە بهێنێت و ئێرانیەکان سەربخات بەسەر تۆرانییەکاندا.

دووەم، (فەرشووشتەر).. یەکێکە لە یارانی زەردەشت و دەڵێن یەکەم کەسە دینی زەردەشتی قبووڵ کردووە و وەریگرتووە، خەزووری زەردەشت بووە و زۆرجار لە ئاڤێستادا ڕێزی لێگیراوەو ناوی بە چاکە هاتووە.

سێیەم، (جاماسب).. برای فەرشووشتەرو زاوای زەردەشت (هاوسەری پوورڤەچیستا)بووە، ئەویش وەزیری کەی گشتاسب بووە، مرۆڤێکی زانا و بەڕێزو فەرزانە و پێشگۆیەکی لێزان و کارامە و هەرواش ئەستێرەناس و فەلەکناسێکی

بەتواناش بووە، کتێبی هەرەگرینگی زانستیی (جاماسب نامە) هیی ئەوە. کتێبەکانی (یادگاری زەریران) و (گشتاسبنامەی دەقیقی) و (جاماسب نامە) بە چڕوپڕی باسی حیمکەت و زانایی بێسنووری ئەویان تێدا تۆمار کراوە.

(٧٧) یەکەم، (پارەندی).. واتە ئاوەدانی و هەرزانی و فراوانی، ناوی ئیزەدی خێر و پیت و بەرەکەتە و پاسەوانیی گەنج و خەزێنەو سەرچاوە ئابوورییەکانی پێ سپێردراوە.

دووەم، (ژنی ئەشەڤەن).. مەبەست ئەو ژنانەن کە بە راستگۆیی و پاکی دەمێننەوە و هەوڵی پاراستنی داوێنپاکی و راستی و دروستی و ژیانی پاك و بەختەوەرانە دەدەن.

سێیەم، زەوی و ئافرەت وەکوو دایك سەیر دەکرێن.. هەردوکیان بەرهەمهێنەرن و سەرچاوەن بۆ ئەفراندن و بەخشین، لێرەدا زەوی بە (دایکی مەزن/ دایکی دایکان) سەیر کراوە.

(٧٨) ئاماژەیە بە بڕگەی (١٦)ی هاتی (١٠)ی یەسنا.

(٧٩) یەکەم، (کەیومەرز یا گەیە مەرتەن).. (گەیە) بەواتای گیان/ ژیان و (مەرتەن)یش بە واتای فانی/ ئەوەی کە دەمرێت و نامێنێت. سەرجەم ناوەکەش واتە (زیندوو/ گیانداری فانی) واتە مرۆڤ، کە گیانی تێدایە/زیندووە و دەژی، کەچی رۆژێکیش دەمرێت و نامێنێ. کەیومەرز یەکەمین مرۆڤە (ئادەم لە گێڕانەوە ئیسلامییەکاندا)، یەکەمین کەسیشە کە قسەی ئەهوورامەزدای بیستووە، هەروەها خاوەن و دامەزرێنەری ئێران و ئێرانییە...

دووەم، (یەنگهە هاتام).. یەکێکە لە نوێژەکان کە لە کۆتایی سەرجەم بەشەکانی (هەپتە هایتی)دا دێت، واتاکەی دەبێتە: " مەزدا ئەهوورە ئاگاداری ئەو کەسانەیە ـ چ ژن و چ پیاو ـ کە چاکترین و پاکترین ستایش بەجێ دێنن...".

(٨٠) ئاماژەیە بەهاتی (١٢)ی یەسنا.

(٨١) ( گەرەزمان یا گەرووتمان).. واتە بڵندترین و نزیکترین شوێن بە ئاهوورامەزدا کە لە ئەدەبیاتی ئیسلامی عەرەبیدا وەکوو (عەرشی ئەعلا) هاتووە.. گەرووتمان شوێنێکی دێرین و پیرۆزە کە ئێستاش شوێنەوارەکەی لە گوندی (کەیمنە)ی

سەربە هەورامانی لهۆن ماوەتەوە و ئێمە لە هەردوو کتێبی (ژوانی یەسنا) و (کەیمنە...)دا بە دوورودرێژی باسمان لێوە کردووە.

(٨٢) یەکەم، (مشکی پەری).. مەبەست لە دێوی چاوچنۆکی یانخود هەر جانەوەرێکی ژیانەخرۆیە کە دەبێتە هۆی تێکدان و ئالۆزکردنی ژیان و گێتی و پێویستە لە بەرامبەریدا بووەستین و پێشی پێبگرین.

دووەم، (ئەشمووغ).. بڕوانە پەراوێزی (٥٦) و (٦٢).

(٨٣) (سپەندارمەز).. ئیزەدی پارێزەرو پاسەوانی زەمینە.. هەرئەم ناوەیە کە دواتر بۆتە (اسفند)ی فارسی کە دەکاتە دوایین مانگی زستان (واتە ڕەشەمە) لە ساڵی هەتاویدا.

(٨٤) یەکەم، (ئازەر).. بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٥).

دووەم، لە ئاڤێستادا باسی پێنج جۆر ئاگر کراوەو بەجیا ستایش کراون: (١): (بەرزی سەڤەنگهە) واتە پڕسوود، (٢): (ڤەهووفریانە) واتە گەرماو تینی ناو جەستەی مرۆڤ، (٣): (ئورڤازیەشت) واتە شادی بەخشتر، خۆشی هێنەرتر، (٤): (ڤازیەشت) واتە ئاگری هەورەتریشقە و (٥) (سپەن یەشت) واتە ئاگری پیرۆز، ئاگرێك کە لە گەرەزماندا هەڵدەکرێ بۆکاروباری جیهانی.

سێیەم، (نەریوسەنگ):.... زانایەکی گەورەی بواری ئاڤێستایە کە(زەند)ی لەپالەوییەوە گۆڕیوە بۆ سانسکریت و یەسنا و (مینوخرەد)یشی هەر وەرگێڕان و شەرحی لەسەر (خوردە ئاڤێستا)ش نوسیوە.

(٨٥) یەکەم، ئەم بڕگەیەی لەمەڕ پێشکەشیی ئێمە و پاداشتی مەزدا، دەمانخاتەوە بیری ئایەتی (ان اللّٰه اشتری من المؤمنین اموالهم وانفسهم....سورەتی تەوبە، ئایەتی ١١١)!!!

دووەم، (سپەنتمە هات)... ئاماژەیە بەهاتی (٤٧)ی یەسنا.

(٨٦) یەکەم، (بەغان یەشت)... مەبەست لەنوسخەیەکە سێ نزای بەناوبانگی (یەتائەهوو- ئەشێم ڤوهوو- یەنگهە هاتەم)ی لەخۆگرتووە.

دووەم، (ئەشە چیترە)... واتە ئەشە نەژادکان، ئەوانەی لە رەگەزی ئەشەو راستین...

سێیەم، بڕگەی ١١ تا ٢٣ی ئەم هاتەش دەمانخاتەوە بیری ئایەتی (اقرأ باسم ربك الذي خلق... سورەتی العلق)ی قورئان!!!

[٨٧] (شیڤەتنەنەم ئەنگهەئوش مەزدایی)... یەکێکە لەسرووودە پیرۆزەکان کە لە بۆنە ئایینیەکاندا بۆستایشی ئەهوورامەزداو خیلقەتی چاکی مەزدایی دەهۆنرێتەوە.

[٨٨] (دەزدامەننگهو) و (ڤەنگهەئوشە) و (ئەهوو)ش هەریەکە و سرودێکی تایبەتن لەئایینی مەزدیەسنادا کە هەرکامە چەمکێك لەستایشی خیلقەت و فەلسەفەی مەزدا لەخۆ دەگرن.

[٨٩] مەبەست لەو کەسانەیە کەخەریکی کشتوکاڵ و وەرزێری و ئاژەڵداری و ئاوەدانکردنەوەی زەوین بۆدابینکردنی بژێوی.

[٩٠] بروانە پەراوێزی مارە (٧٤).

[٩١] بڕوانە بڕگەی (٦)ی هاتی (٤٣)ی یەسنا.

[٩٢] ڤەهیشتە سیفەتە بۆ (ڤوهوو) بەواتای باشترین، بڵندترین... بەگشتی مەبەست لەهاتی (ڤەهیشتواش گات)ە واتە ئەو هاتەی کەچاکترین خواست و پیرۆزترین سامان لەخۆ دەگرێ.

[٩٣] هەموو (ئەستێرەکان) نزای بەناوبانگن لە (ڤەهیشتواشت گاە)دا بۆ ستایشی ئەهوورەمەزدا لەبەرامبەر بەخشینی چاکترین خواست و سامان و خێر و بەرەکەتدا.

[٩٤] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٣٤).

[٩٥] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٣).

[٩٦] یەکەم، (مەزەندەری).... مەبەست هەمان (مازیندەرانە)
دووەم، (وەرینە)....، وڵات و مەڵبەندێك کە بۆتە جێگەی دێو و درنج و درۆپەرستان....؟

[٩٧] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢٠).

[٩٨] بڕواتە: بەرگی یەکەم ـ گاتاکان ـ بڕگەی (١٥)ی هاتی (٣٤).

[٩٩] (ئەیریمەن).... لەئاڤێستادا (ئەئیریامەنە) و لەپالەویدا (ئەئیرمان) و لەسانسکریتدا (ئەری یامەن)ە بەواتای دۆست و یارمەتیدەر، لە (ڤیدا)دا یەکێکە لەخواکان و لەمەزدیەسناشدا بۆتە ئیزەدی دەرمانبەخش و چارەساز.

(١٠٠) (ئەوپەنگهاو)... مەبەست داب و دەستوورو کەلەپووری دێرینە کە لێرەدا ستایش کراوە. بەداخەوە (پووورداود) لەشیکارەکانی خۆیدا لەمەڕ یەسنا نەگەیشتۆتە واتاکەی!

(١٠١) بڕوانە پەراوێزی (١٣).

(١٠٢) بڕگەکانی (٨) تا (١١)ی ئەم هاتە بەرامبەرن لەگەڵ بڕگەکانی (١١) تا (١٤)ی هاتی (٣٣)ی گاتاکان.

(١٠٣) (حەوت هات)... لەئاڤێستادا (هەپتەنگ هایتی)یە واتە هەمان (حەوت هات) کە دەکاتە ئەو بەشەی یەسنە کە پێکهاتووە لەحەوت بەش (هات) و هەمووشیان پێکەوە بەستراونەتەوە (یەسنای ٣٩ تا یەسنای ٤١)، ئەم حەوت هاتە شێوەی پەخشانی لەخۆ گرتووە و زۆر نزیکە لەگاتاکان و پاش گاتاکان بە کۆنترین بەشی ئاڤێستا دەژمێردرێت.

(١٠٤) بڕوانە پەراوێزەکانی ژمارە (١٣) و (٩٩).

(١٠٥) یەکەم، (واسی)... ماسیەکی زۆرگەورەیە لەزەریای (فەراخەتکەرت) کە بەپێی (بوندەهێش) چاودێری و پاسەوانیی سەرجەم گیانلەبەرە چاکەکانی ناو دەریا دەکات.

دووەم، (پەنجاسەدوەرا)... پێوەرێکە بۆ پیشاندانی گەورەیی ماسیی گەورەی (واسی).

سێیەم، (خەرە)... یا (خورە) هەمان (فەڕ) و (شکۆ)یە بەواتای هێزو دەسەڵات.

چوارەم، (فەراخکەرت)... ناوی پالەویی دەریایەکە کەلەئاڤێستادا بە (ڤەئوروکەشە) و (لە (مینوخرد)یشدا بە (وەرەکەشە)هاتووە بەواتای گەورە و بێ سنوور. لە (بوندەهێش)دا هاتووە: لەلای داوێنی خوارووی ئەلبورزەوە یەك لەسەر سێی زەویی داگیرکردووە و هەزار دەریاچە (رووبار)ی تێدەڕژێن یەکێ گەورە... یەکێ بچووك...، هێشتا بەتەواوەتی نەزانراوە ئەم دەریایە لەکوێدایە!

(١٠٦) وەکوو لەبەرگی یەکەمدا ئاماژەمان پێداوە،یەسنا بریتییە لە (٧٢) هات کە حەفدەیان بەجیا لەگاتەکاندا هاتوون جگەلە (حەوت هات)ە بەناوبانگەکەیش کە دەکاتە هاتەکانی (٣٥ تا ٤١)...،

هاتەکانی (٤٣ تا ٥١)یش سەربەگاتاکانن و لەگاتاکاندا هاتوون بۆیە لە یەسنەدا نین.

(١٠٧) یەکەم، بۆ (ئەئیریەمەن ئیشەیە) بڕوانە پەراوێزی (١٠٣)

دووەم، (ستەئوتەیەسنیە)... ناوێکە بۆچەند بەشێکی یەسنا کە پێشتر بریتی بووە لەنەسکەی ٢١ و بەشە گاتاییەکەی ئاڤێستا. هاتی (٥٥)یش ناوی ستەئوتەیەسنیەیە کەتیایدا ستایشی گاتاکان کراوە.

(١٠٨) (سرووش)... لەئاڤێستادا (سرەئوشە)یە بەواتای گوێڕایەڵی و پەیڕەویکردن. سروش بۆتە ئیزەدی هەمیشە بێدارو ئاگادارو پاسەوان و هەرواش ڕۆژی حەڤدەهەمی مانگە لە ڕۆژژمێری ئاڤێستاییدا، لەم هاتەدا بەهەردوو واتای: ئیزەدی گوێڕایەڵی و خودی بیستیاری هاتووە.

(١٠٩) لەئاڤێستادا دوو سروش یەشت هاتووە: یەکەمیان سروش یەشتی سێ شەوە و دوەمیش سروش یەشتی هادۆخت. سروشت یەشتی سێ شەوە کەهەمان یەسنای (٥٧)ە، تایبەتە بۆ خوێندنەوە لەسێ شەوی پاش کۆچی دوایی کەسێك بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی ڕۆحیی مرۆڤی کۆچ کردوو لەو سێ شەوەی سەرەتادا. جگە لەو ناوە، لەهەندێ شوێنیشدا بە (سروش یەشتی ئێوارە) ناویان بردووە.

(١١٠) (تەن مەنسەرە)... یا (تەنومەنسەرە) سیفەتێکە بۆ سروش بەو واتایە کەهەموو گیان و جەستەی سورش مەنسەرەیە واتە حوکم و کەلامی پیرۆزی ئاهوورامەزدا، لەبەر ئەوەی کەسروش سیمبولی فەرامبەری و گوێڕایەڵیی مەزدایە، سەرتاسەری گیان و جەستەیشی دەبێ خاوەنی هەمان تایبەتمەندی بێت نەك هەرناوەکەی.

(١١١) (کردە)... واتە بەش. هەروەك چۆن لەیەسنادا (هات) و لەبەشەکانی دیکەدا (فەرگەرد)مان هەیە، ئاواش بەبەشەکانی (یەشت) دەڵێین کردە.

(١١٢) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٨٥).

(١١٣) یەکەم، (پێنج گاهان)... پێنج گات لەگاتەکان کەبریتین لە (ئەهنەوەد، سپەنتمەد، هڤەخشەترە و ڤەهیشتواشت) کە پیرۆز ڕاگیراون و بەتایبەتیش ستایش کراون

دووەم، (پەتمان)... لەئاڤێستادا (ئەڤسمەن) هاتووە و لەشیکارە پالەوییەکەشدا کراوە بەپەتمان، پەیمان و تەنانەت بە (گاس)یش کەبریتیە لەتاکە دێڕە شیعرێك.

(١١٤) (كەیـەزە)... نـاوی تـاوانێکی گەورەیـە و بۆسـیفەتێك، بـۆ ئـەو کەسـانەی تووشـی تاوانەکـە دەبـن وەکـوو: دزی و جـەردەیی و جادوگـەری و... بـەکار دەبرێـت، کەیـەزە وەکوو نێر بۆپیاو و کەییزی وەکوو حاڵەتی مێ بۆژن بەکارهێنراوە.

(١١٥) یەکەم، (ڤەشوشومەنسـەرە)... نـاوی نزایـەکی تایبەتـە بـە سـەرکەوتن و هـەرواش بۆتە ناوی یەسنای (٤٨).

دووەم، (یەسـنوکەرتی)... نزایـەکی دیکـەی تایبەتـە کەلەگـەڵ نزاکـانی (ئەهونەڤەئیریـە و حـەوت هـات و ڤەشوشومەنسـەرە)دا سـتایش کـراوە و بەچـەکی سەرکەوتووی سروش ناوبراوە.

(١١٦) (حـەوت وڵاتـی سـەر ڕووی زەمین)... لەئاڤێسـتادا (هەپتوکەرەشـوەر)ە بەهـەمان واتای حەوت وڵات کەبریتین لە: ئەرێزەهی سەڤەهی، فەرەدەفەشو، ویزەزەفەشو، ڤەئوربەرشتی، ڤەئورجرشتی و خڤەنیرەس کەلەوان زۆرتر ناوی دەبرێت و ئەمیش بریتیـە لەحـەوت هـەرێم بـەناوەکانی (تازەکـان، ئێـران، مازینـدەران، ڕۆم، تـۆران، چینستان و هیند) بۆیە زۆرتر ڕێزی لێگیراوە و ستایشی کراوە.

(١١٧) (ویزەتو)... ناوی دێوی مەرگ و میرە کەزۆرتر بە (ئەستوڤیزوەتو) ناودەبرێ.

(١١٨) (تەکاوەر)... جەنگاوەری بەجەرگ و لێزان و شارەزا و لێهاتوو کەهەردەم و لەهەر هەلومەرجێکدا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە و هێرش بردنە.

(١١٩) (خڤـانیرەس)... هـەمان (خـونیرەس)ە کەدەبێتـە وڵاتـی ناوەنـد لـەناو حەوت وڵاتـدا کەلە پەراوێزی ژمارە ١٢٠دا باسمان لێوە کردووە.

(١٢٠) (ئەرشـتی)... یـا (ئەرشـتات / ئوشـتاد) نـاوی ئیـزەدی داد و دادوەری و راسـتی و دروستیە.

(١٢١) (ئـەهمایی رەئێڤچـە).... نزایەکـە، جگـە لەبڕگـەی (٩)ی یەسـنای (٧٢) و (١١)ی یەسـنای (٦٨)، لـەکۆتایی سـەرجەم یەشـتەکان و (پێـنج گاتا)یشـدا دێـت، واتاکـەی بەمجۆرەیـە: ((ئـەوەی ستایشـی تـۆ بکـات، شـکۆ و تەندروسـتی و خواسـتی چـاك و سەرکەوتن و بەختەوەریی پێدەگات...)).

(١٢٢) بڕوانە برگەی (١)ی هاتی (٤٤) لەگاتاکاندا.

(١٢٣) وشـەی (چـاکان)ی دووەم بۆرەگـەزی(مێ)هاتووە و مەبەسـتی (سـپەندارمەزو

خـورداد و ئـەمورداد)ە کـە ئەمشاسـپەندی مێینـەن و سـیفەتی (دایـك خوا)ییـان دراوەتێ.

بڕوانە بڕگەی (٧)ی هاتی (٣٤)ی گاتاکان.

(١٢٤) (هادۆخت نەسك)... بیستەمین نەسکەی ئاڤێستای سەردەمی ساسانیەکە تەنها سێ بـەش (فەرگـەرد)ی لـێ بـەجێ مـاوە و ئێسـتاش بـەهاتی (٥٦)ی یەشـتەکان دەگوترێت.

(١٢٥) بڕوانە بڕگەی (٣)ی هاتی (٤٣)ی گاتاکان.

(١٢٦) (ئافـەرینی دەهمـان)... دەهمـان کـۆی (دەهمە)یـە بـەواتای چـاك و پـاك و پارێزکارەکـان. ئافـەرین دەهمـان نزایـەکی تایبەتـە بـۆ مرۆڤـە چاکەکان کەتیایـدا ستایشـی خانـەدانی چـاك و دروسـتکارو راسـتیخواز کـراوە و ئـاواتی بـەختیاری و بەختەوەری و فەڕو شکۆی بۆ خوازراوە.

(١٢٧) یەکـەم، (پـەتیارە)... لەپالەویدا (پـەتیارەك) و لەئاڤێسـتادا (پەئیتارە)یە بـەواتای خراپـی و چـەوتی و نەگبـەتی و زۆرتـر بـەئافرەتی خـراپ و بـەدکردار بـەکاربراوە، ئێسـتاش بـە هـەمان وشـە و هـەمان شـێوەی گـۆ کـردن و هـەمان واتایشـەوە لـە هەوراماندا بەکار دەبرێت.

دووەم، (کەخوارزە)... بـەواتای تێکـدەرو لەنێوبـەری فـەڕو بەرەکـەت و رۆشـنایی هاتووە، ناوی تاقمێکی تایبەتی دژەدینە کەکاروباریان خراپەکاری و چەواشەگەری و بەدڕەوشتییە.

(١٢٨) یەکەم، بۆکەیەزە و کەییزی بڕوانە پەراوێزی (١١٨).

دووەم، (زەندیك)... کەلەعەرەبیدا بۆتە (زەندیق) بەکەسێك دەگوترێ کە لە دین هەڵگەڕابێتەوە و دژی دینی مەزدیەسنا وەستابێتەوە.

(١٢٩) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٥٦) و (٦٢).

(١٣٠) بڕوانە بڕگەی (١٣)ی هاتی (٤٤)ی گاتاکان و پەراوێزی ژمارە (٤٤).

(١٣١) (هیزم)... لەهەورامیدا (هێزم) واتە وشکەداری تایبەت بەئاگرکردنەوە.

(١٣٢) مەبەسـت لەکۆکردنـەوەی وشـکەدارە بـۆ سـووتاندن لـەوەرزی زسـتاندا... ئـەم بڕگەیە جوانتر بۆمان ڕوونیدەکاتەوە کەشوێنی زەردەشت هەمان هەورامان بووە

کەبەساردترین شوێن ناسراوە و هەموو وەرزی هاوین و پاییزێك پێویست بووە وشکەدار کۆبکەنەوە بۆسووتاندن لەناو سۆبە و ئاگردان لەوەرزی زستاندا.

(١٣٣) (رەستاخیز)... لەوشەی (ئیریستە)ی پالەوی وەرگیراوە، (ریستە) بەواتەی مردوو، (خیز)یش بەواتای هەستانەوە، واتە هەستانەوەی مردووەکان، رەستاخیز ئەو کاتەیە کەلەعەرەبیدا بۆتە (قیامەت)... رۆژێك کە مردووەکان بەئەمری یەزدان زیندوو دەبنەوە و (سوشیانت) خەریکی نوێکردنەوەی گێتی دەبێت.

(١٣٤) بڕوانە بڕگەی (٢٢)ی هاتی (٥١)ی گاتاکان.

(١٣٥) بڕوانە بڕگەی (١)ی هەمان هات.

(١٣٦) جەلیل دەستخواە دەڵێت: لەجێی (نوختەچین)ەکاندا وشەیەك هاتووە کە واتاکەی رۆشن نیە و نەزانراوە.

(١٣٧) (پادیاب)... لە پالەویدا (پادیاو) و لە ئاڤێستادا (پەئیتیاب)ە بەواتای دەستنوێژ هەڵگرتن دێت، کەسێك کە پادیاو دەکات (دەستنوێژ دەشوات)، سەرەتا دەڵێت: (خشنەئوترە ئەهوورامەزدا)، واتە بەخۆشنوودی و شادیی ئەهوورامەزدا، پاشان نزای (ئەشێم ڤوهوو...)) دەڵێتەوە و ئینجا دەست و دەم و چاوو قاچەکانی دەشوات و (کوستی) واتە پشتوێنەکەی سەرلەنوێ دەبەستێتەوە و ئامادە دەبێت بۆ نوێژ... دیارە بەستنەوەی پشتوێن بەشێوە رەسەنەکەی (سێ گرێ) بە واتای نوێکردنەوەی پەیمانە بۆ زمانی چاك و بیری چاك و کرداری چاك، (شتێك کەهێشتاش لەهەورامان و بادیناندا بەهەمان شێوە ماوەتەوە).

(١٣٨) یەکەم، ناپەسەندبوونی بەخاك سپاردنی جەستەی بێگیان لەفەلسەفەی زەردەشتیدا زۆر جێی بایەخدان و لێ وردبوونەوەیە... لەئەدەبیاتی زەردەشتیدا خاك پاك و پیرۆزە، جەستەش تا کاتێك پیرۆزە کە گیان (رۆح)ی تێدایە و زیندووە، بەڵام کەگیانی تێدانەما، ئەوە ئیدی وەکوو جەستەیەکی ئەهریمەنی دەبێت کەزوو دەگەنێت و کرم تێیدەدات بۆیە نابێ بەو کرم و گەنیەوە خاکی زەوی پیس بکرێت. هەرئەوەشەکە زەردەشتیەکان لەسەر لووتکەی بەرزترین شاخەوە شوێنێکیان بە(ساروج) دروست دەکرد بۆدانانی جەستەی مردوو تاهەتاو لێی بدات و بتوێتەوە و

تەنیا ئێسقانەکانی بمێننەوە، بەشە تواوەکەی بەجۆگەلەیەکدا دەڕژێتە چاڵێکی قووڵی بەساروج دروستکراو کەپێی دەوترێ (دەخمە) و دواتر ئێسقانەکانیشی تێدەخرێن و بەمچەشنە بەهیچ شێوەیەك تێکەڵی خاك نابێت و پاکی و پیرۆزیی خاك دەپارێزرێت، دیارە ناشتتنی مردوو لەناو خاکدا پێچەوانەی ئەو کلتوورەیە و کارێکی پێچەوانەی فەلسەفەی مەزدیەسنایە بۆیە سەرکۆنە دەکرێت.

دووەم، گەڕانەوەی زیان بۆخودی زیانەخرۆ، ئایەتی (ومکروا وەمکرواللە واللە خیرماکرین...))مان بیردەخاتەوە...!

[١٣٩] بڕوانە بڕگەی (١١)ی هاتی (٥٠)ی گاتاکان.

[١٤٠] بڕوانە بڕگەی (٧)ی هاتی (٥١)ی گاتاکان.

[١٤١] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٢٥).

[١٤٢] (هومەتەنەم)... وشەیەکی تایبەتە بۆ سەرەتاوسەرەنجامی هەپتەهایتی.

[١٤٣] (ئیزەدی ئادا)... واتە ئیزەدی دەوڵەمەندی و توانا، ئادا بەواتای پاداشتی مەعنەوی دێت یانخود پاداشتی جیهانی کۆتایی.

[١٤٤] یەکەم، (گەئوش)... واتای رۆحی یەکەمین گیانەوەر دەدات، هەروەها ناوێکە بۆئیزەدی پاسەوان و پارێزەری گیانەوەران، وشەی (گەئو ـ گاو ـ گا)یش هەرلە (گەئوش) وەرگیراوە.

دووەم، (گەیە)... رەوان بوون، ژیان، گیان.

[١٤٥] (بەغ).. یا (بەغە) لەگاتاکاندا (بەگە)یە هەم بەواتای بەش و بەهرە و هەم بەواتای سەروەر، مەزن. وشەی (بەغداد)لە (بەگەوە) سەرچاوەی گرتووە: (بەغوداتە) بەواتای هەم خواداو، خودابەخش و هەم بەواتای دادی بەغەکان، دواتر ناوەکە سواوە و کورت کراوەتەوە لە (بەغوداتە)وە بۆ بەغداد.

[١٤٦] بڕوانە پەراوێزەکانی (١٣) و (١٠٨).

[١٤٧] یەکەم، بۆ (رەشن) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٧).

[١٤٨] بڕوانە گاتاکان، بڕگەی (١)ی هاتی (٤٤).

[١٤٩] بڕوانە گاتاکان، بڕگەی (٨)ی هەمان هات.

[١٥٠] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢٤).

(١٥١) بڕوانە گاتاکان، بڕگەی (٦)ی هاتی (٤٦).

(١٥٢) (ئوشتەڤەدگاه)... یا (ئەشتاڤەئیتی) ناوێکە بۆ گاتی دووەمی پێنج هات کەلەیەسنای (٤٣) دەسپێدەکات تاکۆتایی یەسنای (٤٦)، ئوشتەڤەد بەواتای سەلامەتی و تەندروستی دێت کە دەبێتە یەکەمین وشەی یەسنای (٤٣)

(١٥٣) بڕوانە گاتاکان، بڕگەی (١)ی هاتی (٤٣).

(١٥٤) یەکەم، (ئەمە)... واتە هێزو توانا و بەجەرگی و نەترسی، بۆتە ئیزەدی دلێری و ئازایەتی و زۆرجار لەئاڤێستادا لەگەڵ (بەهرام) و (ئەوپەرەتات)دا دێت، هەروەها سیفەتێکیشە بۆبەهێزو دلێر، لەپالەویدا (ئەماوەند) و لەئاڤێستادا (ئەمەوەنت) هاتووە بەواتای دلێر، بەهێز، نەترس، وشەی (هەمەوەند)ی لای خۆشمان هەرلەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

دووەم، بۆبەهرام و ئۆپەرەتات بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٦).

(١٥٥) یەکەم، (سواشە)... هەم بەواتای توندو تیژو چالاك و هەم بەواتای کەش و بۆشایی نێوان ئاسمان و زەمین و هەمیش بەواتای جاویدان و تاهەتایی دێت و بۆتە سیفەتێك بۆ زەروان.

دووەم، (زەوران)... بەواتای زەمان دێت و بۆتە ئیزەدی زەمەنی بێ کۆتایی، هەندێجار لەگەڵ سیفەتی (دەرێخە) بەواتای درەنگ، درێژ خایەن و هەندێجار (دەراجە) بەواتای درێژو بەرین و هەندێجاریش (ئەکەرەنە) دێت بەواتای بێسنوور. لەسەردەمی ساسانیەکانیشدا ببوویە ناوی تاقمێك (زەروانیان)کە وەکوو مانەوی و مەزدەکیەکان دژایەتیی دینیان دەکرد.

(١٥٦) لەبەشێکی کۆندا لەمەڕ وشەی کوێرەڕێ دەستەواژەیەکیدی هاتووە بۆ شیکردنەوەی وشەکە و بۆمان ڕووندەکاتەوە کە: (ئەو کوێرە ڕێیەی کەیەکسەر دەچێتەوە لای دنیای زیانبەخشی ئەهریمەن و ژیانی نابووتی دێو و درۆپەرستەکان).